# گەشتی کوردستان

گەلاوێژ

# گەشتی کوردستان

چیرۆک

نووسینی: گەلاوێژ

گەشتی کوردستان
نووسینی: گەلاوێژ
بابەت: چیرۆک
بەرگ: دیاری جەمال
چاپ: چاپی نوێ/ سلێمانی/ ٢٠١٨
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردنی (١٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی وەزارەتی ڕۆشنیری دراوەتێ

دوا ڕۆژی قوتابخـــانە بـــوو، منـــداڵان دڵخـــۆش گەڕابـــوونەوە مـــاڵی، دەســـــتیان کردبـــــوو بە قەڕە و هەڵا، کە ئیتـــر هـــــاوینە و وچـــــانە گەورەکەیـــان دەســـتی پـــێ کـــرد و ئیتـــر ئەنـــوون و ئیتـــر ئەگەڕێـــن و ڕائەبـــوێرن، بەتـــایبەتی کە دوو ســـێ ڕۆژی تـــریش لەگەڵ دایـــک و باوکیـــان ئەچـــوونەوە بـــۆ کوردســـتان، بـــۆ ســـەردانی وڵات و خـــزم و کەسوکار.

ئەوەنـــدەی پـــێ نەچـــوو لای ســـەعات حەوتـــی ئێـــوارە تەقەی دەرکـــی شووقەکەیان هات، ئاسکە خان خۆی کرد بە ماڵدا، ماندوو و کفت و هـــیلاک، پشـــت بە گیـــر وەســـتاو. دەســـتوپەنجەی ســـوور هەڵـــگەڕاو و ئاوساو، قاچ سڕ و پشت بە ژان.

منداڵ کردیان بە قیژوهوڕ و گوتیان:

ئەرێـــوەڵا ئەوە دایە گیـــانیش هـــاتەوە، شـــوکور ئیتـــر تەواو، نە ئـــێمە مەکتەبمان هەیە و نە دایەش ئەچێتە سەر ئیش، چونکە ئیتر وچانە و نبەی گەڕان و ڕابواردنە.

(دایە) دەستی گرت بە پشتێنیەوە و گوتی:

ئـــادەی ڤیـــان گیـــان هـــیلاکم زووکە چـــایە شـــتێکم بـــدەرێ لە بەیـــانییەوە مـــــردووم بەدەســــت پیـــــرەژن و پیرەمێـــــرەوە ئەوەنـــــدە هێناویـــــانم و بردوومیـــان، ئیمـــڕۆ ســـەری چـــوار پێـــنج پیـــرەژنم شـــۆردووە و نـــوێنی

شەش پیرەمێردم گۆڕیوە، بێجگە لە ئیشی تر و داخوازییەکانیان کە لەبن نایەن.
ڤیانی کچی کە هەر حەڤدە ساڵ دەبوو، بە خۆشییەوە هەستایە سەرپێ و گوتی:
بەسەرچاو هەر ئێستە هەموو شتێکت بۆ ئامادە دەکەم، هەر تۆ و هەر چا و ئەو شتانە؟
ئەرێ توخوا دایە گیان پیرەژنە نەخۆشەکەی باست کرد چیی بەسەر هات؟
دایکی قسەی بەسەردا هێنا و نەیویست پێی بڵێت کە هەر شەوێ مردبوو بە سزمانە و بەیانی هەر کە ئەم گەیشتبووە سەر ئیشەکەی، یەکسەر لەگەڵ کچێکی تری هاوڕێی ئەبوو بڕۆن بیشۆن لە حەمام تاوەکو کاربەدەستەکانی لێپرسراو بێن و بیبەن بۆ کەنیسە و ناشتن.
بۆیە ئاسکە خان وەڵامی کچەکەی دایەوە بە درۆوە و گوتی:
ئا باسی پیرەژنە نەخۆشەکە دەکەیت کە دوێنێ شەو گوتم زۆر هیلاکە؟ کە بەیانی چووم حاڵی هەندێ باشتر بوو، کچ و خزمەکان هاتبوون بۆ لای.
ئاسکە وەک ویستی قسەکە بە منداڵەکانی ببڕێ کە چیتر باسەکەی لێ نەپرسن، جارێکی تر گوتی:
ئۆ خوایە پێم نەگری کە ئەم درۆ زلەم کرد، هەمووی خەتای خۆمە، ئەبو ئەو باسانەیان قەت بۆ نەکەم، منالی وا بۆ مێشکیان بەو باسە ناخۆشانەوە بورووژێم.
ئاسکە شەرت و قەولی کرد لەگەڵ خۆی کە ئیتر ئەم کارە نەکات و چیی دیکە باسی ئەو پیرەژن و پیرەمێردە لێقەوماو و پەککەوتوانە بۆ منداڵەکانی نەگێڕێتەوە.
ئەو هەموو ئێوارەیەک کە ئەگەڕایەوە لەو شوێنەی ئیشی لێ ئەکرد، کە هەم نەخۆشخانە بوو، هەم شوێنی پیر و پەککەوتووەکان بوو کە دەوڵەتی سوید بۆ پیرەکانی کردبووەوە، ئەو پیرە بێکەس یا کە ئەو

کەسدارانەی کەسوکاریان لێیان بێزار ئەبوون، یا لەبەر تەگەرەی خۆیان ئیش و ژیانیان، یا لەبەر پەککەوتوویی پیرەکە خۆی و بێکەس، حکومەت ئەیگرتنە خۆی و زۆر مەردانە خزمەتیان ئەکردن و زۆر بە چاکی و لە منداڵی خۆیان زیاتر ئاگاداری ئەکردن و ئەو جۆرە شوێنانە لە هەموو شارەکانی سوید و وڵاتە ئەوروپییەکان و هەمیشە هەمیشە بە خۆشییەوە باوەشی بۆ ئەو پیرە لێقەوماوانەیان ئەکردەوە.

ئاکە خانیش ئەوەتەی هاتبووە وڵاتی سوید بە پەنابەری لەگەڵ ماڵ و منداڵ لە نۆ دە ساڵ پێشەوە بە ناوی سیاسەت و ڕاکردن لەدەست سەدام کە واش نەبوو، چونکە لە هەموو ژیانی نە ئاسکە نە مێردەکەی هەر قەت سیاسەت و کوردایەتییان نەکردبوو، بگرە هەمیشەش خۆیان دوورەپەرێز ڕاگرتبوو و تێکەڵی هیچ جۆرە چالاکییەکی خەباتکەرانی کورد نەئەبوون و خۆیان زۆر ئەپاراست و بەو هەموو ماوەیەی کە کورد خەباتی ئەکرد و لەژێر ئەزیەت و ئازاردا بوون، زۆر کەس وەکو ئەوان بۆ خۆیان لەسەر وەزیفە و کاری خۆیان بەردەوام بوون و هەقی هیچیان نەبوو، بەڵام لەدوای هەرەسپێهێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا کەوا خەڵک فێری چوونە وڵاتان و ئەوروپا، بوون بە پەنابەر، ئیتر وەکو شتێک ئەم چوونە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی ترە بوو بە چاولێکەریی خەڵک و خەڵک ئیتر چاویان کرایەوە و هەر عەسکەری فیرار و ڕاکردوو بوو، هەر خەڵکی بەزیو و فرسەتتەڵەب بوون ڕوویان ئەکردە وڵاتانی ئەوروپا کە گوایە لە زوڵم و زۆرداری سەدام و کوشتن و بڕین هەڵهاتبوون، کە وا نەبوو، هەمووو درۆ و فرتوفێڵ بوو لەو خەڵکە هەڵاتوانە تەنیا ڕەنگ بوو بێ ١٠/٠ لە سەدا دەیان ڕاستیان بکردایە و کە لەبەر مەترسیی سەر ژیان خۆیان دەرباز کردووە، چونکە چالاکیی سیاسیی هەبووە و لە کوردایەتیدا ناودار بووە، ئەگینا ئەوانی تر بۆ خۆشیی خۆیان بە فێڵ و درۆ هاتبوون.

ئەنجا ئاسکە خان و مێردیشی لەو کەسانە بوون کە هیچ کات فڕیان بەسەر کوردایەتی و سیاسەتەوە نەبووە، هەرچۆنێک بێت بە فرتوفێڵ و ساختە خۆیان لە سوید دامەزراندبوو، لە نەخۆشخانەی پیرەکان ئیشی ئەکرد، مێردەکەشی لە لای دوکاندار و قەسابێک لەگەڵ ئەوەشدا کە لە وڵات حاڵێکی باشیان هەبوو، بە ژنە و مێردە هەردووکیان کاری چاکیان هەبوو تاوەکو ئیشەکەیشیان هەبوو، کەچی ئامادەبوون هەر بۆ ئەوەی بڵێن لە ئەورووپا ئەژین و ئەورووپا خۆشە، خۆیان ببن بە ئیشکەری خەڵکی و دەسنگەخۆری خەڵکی.
دوای ماوەیەک حکومەت قبوڵی کردبوون بە پەنابەر، دوای ماوەیەک کەتبوونە فروفێڵ، بێجگە لەوەی حکومەت ئەیدانێ، دوو سێ ئیشی تریشیان ئەکرد بە دزییەوە.
ئاسکە خان لە دەست و دەموچاو شتن بووەوە، هات دانیشت لە دەوری سینییە نانەکەی کە کچەکەی بۆی حازر کردبوو، دوو سێ پارووی خستە دەمیەوە کە مێردەکەشی گەیشتە جێ.
مێردیش لە خۆی خراپتر، ماندوو و چلکن و سەروپۆتەڵاکشێواو، دوو کیسەی بە دەستەوە بوو، مناڵ چوون بە پیریەوە و لێیان وەرگرت، کیسەیەکیان سەموون و نانی تیا بوو، ئەوی کەشتان هەندێ میوە و سەوزە، دڵشاد سەلامی کرد لە ژن و منداڵەکانی هەواڵی پرسی. ئەوانیش بە پەرۆشەوە وەرامیان دایەوە.
ژنەکە سەیرێکی کرد و گوتی:
زۆر هیلاک دیاری، خۆزگە ئەچوویت، ئێستە پێش هەموو شتێک ئاوێکی باشت ئەکرد بە خۆتا لە حەمامەکە، ئینجا ئەهاتی نانەکەت ئەخوارد بۆ ئەوەی باش بە دڵتەوە بنووسایە.
دڵشاد ئۆفێکی هەڵڕشت و دەستێکی دا لە مل و نەوچەوانی خۆی و گوتی:
خۆ وەڵا زۆر ڕاست ئەکەیت، بەڵام بە قەربری باوکم ئەوەندە ماندووم خەریک بوو لە ڕێگادا لەسەر ئەو کورسییەی بەردەمی

باخەکە دانیشم و خەو بمباتەوە، خاوەن دوکانە بێشەرەفەکە چونکە ئەیزانی ئیتر وچانم هەیە تا مانگێکی تر و سبەینێ نایەمەوە، بۆیە وەکو شتێ ئەغزی لێ ئەهات، هەرچی ژێر دۆلاب و ژێر مەکینە و شوێنی گۆشت و قەسابی و کارتۆنە تاید و فەردە پەتاتە هەر هەمووی پێ پاک کردمەوە و پێ دامەزراندم و پێ جێبەجێ کردم.
هەرچەند دوو کورەکەی هاورێم لەگەڵ دوو ژنەکەشی پێیان گوت واز لە دڵشاد بێنە، ئیتر بەسە با بڕواتەوە گوناحە لەسەر سەفەرە بۆ ئەوەی خۆی کۆکاتەوە. ئەو بێویژدانە ڕازی نەبوو، گوتی هەر ئەبێ ئەم لۆرییە میوە و سەوزەیەشیان لەگەڵ جێبەجی بکات، ئینجا بڕواتەوە.
ژنەکە پاروەکەی دەمی قوت دا و دەستی برد بۆ پیاڵە چایەکەی و گوتی:
ئۆ حەواڵە بە خوا بێت، بەخوا کابرایەکی عەبووس و ڕەزاگرانە.
دڵشادی مێردی بۆی تەواو کرد و گوتی: هەمیشە سەرخۆشە و فلسێ دایکیەتی و فلسێ باوکی.
ئاسکە گوتی:
ئەی ئەگەر وا نەبوایە ئەو هەموو دەوڵەتەی لە کوێ بوو، دوکانەکەی بەقەد سوپەرمارکێتە گەورەکانی لێ هاتووە.
مناڵەکانیان تاقەتیان لەم قسانە چوو. ڤیان بە هەندێ توندییەوە گوتی:
دە بابە گیان تۆ جارێ برۆ وەکو دایکم گوتی ئاوێک بکە بە خۆتا، ئێستە لەشت ئەحەسیتەوە.
ژیلوانی براشی لەوێوە هاواری لێ هەستا و گوتی:
ڕاست ئەکات باوکە گیان زووکە وەرە دانیشە تاوەکو باسی سەفەرەکەمان بۆ بکەن.
ئاسکە هەڵیدایە گوتی:
بەڕاست ئاخری قەراری چیت دا؟ لە ماڵی کاکە عەبەت پرسی ئاخۆ ئەوان لە کام لاوە ئەڕۆن. لە تورکیاوە یا لە ئێرانەوە؟

دڵشاد چوو بەرەو حەمامەکە و بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:
وەڵا کاکە عەبە ئەیگوت زۆرم پرسیار کردووە ڕێگای تورکیا زۆر ترسناکە و ئەڵێت ئەگەرچی ئێمەش و ئەوانیش لە هیچا نین و سەر بە هیچ حزبێک نین، بەڵام ڕێگاکە دڵنیاکەر نییە لەبەر شەڕی پەکەکە و پارتی. ئەڵێن لەو سنوورە هەر گرەموهوڕ و دەستڕێژ و تەقەیە. ڤیان و ئەڤینی خوشکی کە دوو ساڵیان بەین بوو هەردووکیان بە هەندێ بێزاری و تووڕەییەوە گوتیان:
وەڵا هەزار شەڕ و تەقە بێت، باشترە لە ڕێگای ئێران. بەخوا تاقەتی لەچک و مەقنعە و جبەلەبەرکردنمان نییە بەم گەرمایە.
دایکی وەرامی دانەوە و گوتی:
ئەنجا قەدی ئەکات، جبە و مەقنەعە هەمووی بۆ یەک ڕۆژ دوو ڕۆژ لە بەری ئەکەن و تەنیا لە ڕێگا و فڕۆکەخانەکان ئەیکەنە بەرتا. خۆ هەتاهەتایە نایکەنە بەرتان، جبە و مەقنەعەی چی؟ وەڵا مانتۆی ئەوەندە جوان هەیە و لەچک و سەرپۆشی وا هەیە، هەزار ئەو جلە علمودە ڕووتانەتان ئەهێنێت.
دایکیان لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و هەندێ بە ماتییەوە گوتی:
وەڵا ڤیروسیا لە جبەلەبەرکردن، لەچک و مەقنەعە ئەڵێن خەڵک زۆر دوا ئەخەن. گیرو ئەکەن لەسەر سنوور، هەر ئیمڕۆیە و سبەینێ (چەشم شەچم)یان پێ ئەکەن.
هەردوو خوشکەکە ناڕەحەت دیار بوون، ئەمجارە ئەڤین هەڵیدایە و گوتی:
ئەگەر وا بێت کەوابوو ئێمەی تێمەخەن و ئێمە نایەین و ئەم سەفەرەمان نەویست، لە ساڵان و مانگان ئەمە لە کەیەوە هەر پارە و کرێ تەیارە کۆ ئەکەینەوە و بە درێژیی پار هاوین ئیشمان کردووە بۆ ئەوە وچانی مەکتەبمان لە خۆمان حەرام کردووە، کەچی ئەیانەوێ لە ئێرانەوە بمانبەن، ئێمە حەز ئەکەین تورکیا ببینین ئەڵێن ئەستەمبوڵ زۆر خۆشە، زۆر جێی گەڕانی خۆشی لێیە.

دایکی هەڵیدایە و گوتی:
ئەی بۆچی ئێران و تاران کەم خۆشە؟ لە ئێران شوێنی وای خۆش هەیە باپیری ئستەمبوڵیشی ناگاتێ، ئینجا کچم ئێمە چی بکەین؟ بەدەست ئێمە نییە، لەوێ شەڕەگوللەیە و بۆردومان و هەرایە، دوور بێ لەسەر ئەو سنوورە شتێک لە یەکێکتان بێت دوایی چی بکەین.
ئەگەری ڤیان قەت و هیچ کات قسەی لە سیاسەت و کوردایەتی و شتی وا نەئەکرد و لە دونیایەکی تایبەتی خۆیدا ئەژیا و قەتیش لەبەر ئەو دونیایەی کە بریتیبوون لە گۆرانیی مایکل جاکسن و مادۆنا و جۆرج مایکڵ و گەلا لە گۆرانیبێژی شێتوشۆڕ کە هەمیشە لە کاتی دەرسخوێندنیشا هەر ڕادیۆکەی بەدەستەوە بوو، گوێگرەکانی بە گوێکەوە بوو سەیری فیلمی تەلەفزیۆنی جۆراوجۆری شێت و شبرانە، ئیتر لەوە زیاتر ئاگای لە هیچی کەی نەبوو. هەرچەندە جاربەجار کە ئەچوونە ماڵە ئاشنا کوردەکانیان، لەگەڵ دایک و باوکیان یان پێکەوە ئەچوون لەگەڵ هەندێکی کەیا بۆ سەیران و قەراغ دەریا و ئاو و جەنگەڵ، یا کە میوانیان ئەهات جار بە جار بە ڕێکەوت گوێی لە باسی کودستان و شەڕ و هەڵاتن و شتی وا ئەبوو، بەتایبەتی کە ئەو کوردانەی کۆمەڵ ئەبوون لەویا لەو دەوروبەرەوە و بەبێ ترس و بێ ئەوەی هیچ بکەوێ لەسەریان و دەردی کوێی گوتەنی (دەمە و لە چت کەمە)، بۆیە ئەو سەیرانکەر و یا کۆمەڵانە بە جارێک ئەکرانەوە و هەر کەسە یا لە لای خۆیەوە سنگی دەرئەپەڕاند و باسی وەزعی ئەکرد، باسی تەگەرەکانی کوردستانی ئەکرد و هی وایان هەبوو بە چەند قسەیەک و بە چەند (حەل) و نەخشەیەک دونیای کوردستانی ئەکرد بە ماستی مەیو، لەو هەموو فرسەخە دوورەوە و هی واشیان هەبوو دەستی ئەکرد بە قسەی زل و قسەی بە سەرکردە و لێپرسراوانی حزبە کوردستانییەکان ئەگوت، کە خەتای ئەوانە ئەبوو وا بکەن و نابێ وا بکەن، ئنجا قومە ویسکیی هەڵئەقوڕاند و قاچی ڕائەکێشا، وەکو ئەورووپییەکان خۆی لەبەر هەتاوەکە هەڵئەخست و

لەژێریشــەوە ئەکەوتە چــاوبڕکێ و چاوباشــقاڵی و چــاوی لەمــلا و ئەولا ئەگێــڕا، بەدوای ئەو کــچە ســەیرانکەرانەی کە لەو نــاوە بڵاوبــوون، ئنجـا جــارێکی تــر گــڕی ئەدایە خــۆی و ئەبــوو بە پــاڵەوانی مــیللەت و دەســتی ئەکــردەوە بە قســەپێگوتنی ئەو کەســانەی ڕۆحــی خۆیــان لەســەر لەپــی دەستی خۆیان دانــاوە و کوردپارێزەر و دڵسـۆزی میللەتەکەیــانن و ژیــان و سەروماڵیان لەســەر خەبــاتی گەلەکەیــان دانــاوە، بۆیە ڤیــان بێخەبەر لە هــیچ دەنگوبــاس و هەواڵێــک بە تــووڕەیی و نــاڕەحەتییەوە کە نەکــا بە ڕێگــای تورکیــادا نەیــبەن و بە ڕێگــای ئێرانــدا بــێن، بــۆ چەنــد ســەعاتێک ناچار بێت (مانتۆ) یاوەکو ئەو گوتەنی جبە و مەقنەعە لە بەر بکات و لە سەر کات، بۆیە ڕووی کردە دایکی و بە مۆنییەکی زۆرەوە گوتی:

دایە ئەی ئەو ڕۆژە میوانەکانمــــان نەیــــانگوت شــــەڕ تەواو بــــوو لە کوردستان، وا ئاشت بوونەوە؟

دایکی بێزارانە وەرامی دایەوە و گوتی:

ئەوە شەڕێکی تر بوو، ئەوسا شـەڕێکی پارتی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردســتان بــوو، ئێســتە شــەڕی پــارتی و پەکەکەیە، پەکەکە کــوردی کوردستانی تورکیان.

ڤیان بە سەرسوڕمانێکەوە گوتی:

بۆچی ئەو پارتییە کورد نین ئەوانیش؟ بۆچی هەر ئەبێ شـەڕ بکەن؟ جارێک لەگەڵ ئەمان و جارێک لەگەڵ ئەوان.

دایکی ویستی لەکۆڵ خۆی بکاتەوە گوتی:

ئەم پرسیارانە لە باوکت بکە، ئێستە دێتە دەرەوە لە حەمام.

لەو کــاتەدا دڵشــاد ئەتگوت مریشــکی ئــاوەڕووتکراوە، لە حەمــام هــاتە دەرەوە بە پەلەپەل دوو ســێ ئانیشــک ئەژنــۆ شــتیش بەر دەرگــا و پەنــجەرە کەوت، ئەوەنــدە بە پەلە هەڵپەهەڵپ بــوو، بە سمێڵێکی درێژی چــڕ و زۆرەوە خــاولییەکەی لە ســەرە نیــوەکەچەڵەکەیەوە پێچــابوو، خەریکــی وشــککردنەوەی بــوو، بەدەم ئەو کــارەوە هــاتە لای ژن و منداڵەکانی و گوتی ئەوە چیتانە گوێم لە مشتومڕتانە؟

ئاسکە هەستایە سەر پێ و گوتی:
کچەکەت پرسیاری هەیە و ناڕەحەتە، چونکە ئەبێ لە ڕێگای ئێرانەوە بڕۆین.
ڤیان پێش ئەوەی باوکی قسە بکات بە تووڕەییەوە گوتی:
من ئەڵێم بۆچی ئەو پارتییە هەر شەڕ ئەکات لەگەڵ ئەم و ئەو؟ بۆچی ئەوانیش کورد نین؟
باوکی خۆی بەردایەوە سەر کورسییەکەی تەنیشتی و بەدەم هەنسەبڕکێ و کۆکەکۆکی هیلاکی خۆشوشتنەوە، هەروەها چونکە خۆشی سنگی هەندێ باش نەبوو لەبەر جگەرەکێشان وەرامی کچەکەی دایەوە و گوتی:
وەڵا بڵێم چی کچم، ئەوانیش کوردن خۆیان بە میللەتپەروەر دائەنێن و ئەگەرچی من هەقی سیاسەتم نییە، بەڵام لە کردەوەکانیان دەرئەکەوێت و وەک بۆ خەڵکیش ڕوون بووەتەوە کە ئەوان هەر فڕیان بەسەر کوردایەتی و شتی واوە نییە، خۆ خەڵک کەر نییە چاوی هەیە و ئەقڵی هەیە و گوێی هەیە، ئەم کارانە ئەبینن و ئەبینین ئەو کردەوانەیان ئەوە ناگەیەنن.
ئاسکە بە گوێ دانەوەوە گوتی:
بەڵام بەخوا کوڕەی خزمی کاک حەمید گەڕابووەوە، لەم ڕۆژانە لە کوردستان سوێندی ئەخوارد و ئەیگوت پەکەکە زۆر ناخۆشیان کردووە. ئەیگوت ئێستا قەیناکا لێیان قەوماوە و هاتوون بۆ دیوی ئێمە و لە هەر شوێنێک بوون وا بزانن ئیتر تەواو، هەرچی ئارەزوویان کرد ئەبێ بیکەن و گوێ نەدەنە زرووف و وەزع و حاڵی ئێمە و وا بزانن، چونکە کوردستانە ئەبێ بە کەیفی خۆیان تەراتینێ تیا بکەن و سەرباقی دەدان وا بزانن ئەوان واریسی کوردستانن و ئاغای هەموانن، بەڕاستی خەڵک نابێ وا ڕەزای خۆی قورس بکات و حساب بۆ خاوەنماڵەکەشی نەکات، کوڕەکە ئەیگوت کوردی ئێمە چەندەها ساڵە خەبات و شەڕ ئەکەن، کەسمان قەت نەچووین لە

دیــوی ئەوان ئــا دیــوی ئێــران لەوێــوە شــەڕمان کردبــێ لەگەڵ حکومەتەکـانی عێـراق و هەر لەنـاو شـاخ و ئەشـکەوتەکانی خۆمـان بــووین. بەڕاســتی کــوردی تورکیــا و هیــی ئێــرانیش زۆر بێوەفــان بەرامبەر بە کوردی خۆمان.
دڵشاد هەڵبەزی و بە تووڕەییەوە گوتی:
ئێمە حەقی ئەو قسانەمان نییە، کەیفی خۆیانە.
ئاسکە بە توندییەوە گوتی:
بەو خوایە ئەمە ڕاستە کە کوردی عێراق زۆریان کردووە بۆ کوردی ئێــرانیش و تــورکیش، کەچــی هەردوولایــان زۆر ســپڵە و بێوەفــان بەرامبەر بە ئێمە. من منداڵکار بووم زەمانی مەلیک و هێشتا شۆڕشی تەممــووز نەبووبــوو، کە لە بیــرم دێــت خزمەکانمــان چەنــد خەریکــی کوردی ئێران بوون، زەمـانی شـاە کە ڕاتـان ئەکرد و ئەهـاتنە دیوی ئێمە و ئەو خزمانەی ئێمە خۆیان بەسەزمانە لەژێر چاودێریی پۆلیس و ئەمنی حکومەتی بەغدا بوون و دائم ئەگیران و حەپس ئەکران و ئەشکەنجە ئەدران، هێشـتا بەو حاڵەشـەوە ئەچوون یـارمەتیی کوردی ئێرانیــان ئەدا و ئەیانشــاردنەوە لە مــاڵانی برادەرانــی خۆیــان، ئاســکە خان دەستێکی هەڵبڕی و گوتی:
بەو خوایە چاک بیرم دێت جارێک لە کەرکووک بووین، چووبووین بۆ ماڵی خەزووری ئەختەری خوشکم، کە تـازە خوازبێنییـان کردبوو بۆ کوڕەکەیـان، کە خزمیشـمان بـوون، ئێمە منداڵ بـووین و هەر زوو پێیــان ئەگــوتین منــاڵ مەچــنە لای ئەو ژوورەوە، میــوانی لێــیە و هەر دەریان ئەکردین و دوایی زانیمان کە کابرایەکیـان لەوێ شـاردبووەوە، ناویشی قاسملۆ بوو، شاعیرێکیش نەخۆش بوو، نازانم ناوی چی بوو. ئەیـانگوت سـیلی هەبـوو، هەر خەریـک بـوون دکتـۆری برادەریـان بـۆ ئەهێنا بە دزییەوە، چونکە قاچـاخ بـوون لە حکومەت و پێیـان زانیبـایە خوا ئەزانێ چییان بەسەر ئەو خزم و کەسانە ئەهێنا. بەخوا حکومەت ئەیکوشتن، دوایی بیرم دێت چوون بە دزییەوە بردیـانن و ڕەوانەیـان

کـردن بـۆ لوبنـان و ئەو نـاوە. لە ڕێگـای موسـڵ و سـوریاوە، نەخۆشەکەیان بە چاوی خۆم دیم کە خزمەکەی باوکم دای بە کۆڵیا، چـۆن خـوێنی هەڵهێنا بەسـەر شـانی. کەچـی هەمـوو شـتێکیان بیـر ئەچێتەوە. زۆر بێوەفان.

دڵشاد و منداڵەکان بەجارێ هەڵچوون و گوتیان:

دە تۆ جارێ ئەم حەکایەتانەمـان بۆ مەکە. هـاتووی کـای کۆن بە بـا ئەکەی. جارێ با باسی سەفەرەکە بکەین.

ڤیان بە تووڕەییەوە هەستایەوە سەر پێ و گوتی ئۆف خوایە گیان ئەمە چۆن سەفەرێکە و لێیدا ڕۆیشتە ژوورەکەی.

* * *

ئاسکە خان و مێرد و منداڵیان لە فڕۆکەخانەی ستۆکۆڵم بەدیار کۆڵ و بار و جانتاکانیانەوە ڕاوەستابوون، تاوەکو جانتاکانیان بکێشرێت و ڕەوانەی ناو باری فڕۆکەکە بکرێن.

دڵشـاد یەک دوو جـار خۆی پێ نەگیرا، لەنـاو ڕیزەکەدا کە خەڵکیش ڕاوەسـتابوون، پەلەی کـرد و ویسـتی خـۆی پـێش خەڵکـی بەردەمـی بخات و لەژێرەوە جانتا و شتەکانی ڕاکێشـایە پێشـەوە، کە خەڵکەکـان لێی ڕاپەڕین و دەسـتیان کـرد بە بۆڵەبۆڵ و هەندێکیشـیان چـوون بە گژیـا، کە هەمـوو بە ڕیـز و نـۆرەیە بـۆچی خەریکـی پـێش خەڵکـی ئەکەویت؟ چونکە دڵشـاد فێری فێڵـی زۆر بووبوو، ئەویست لەوێشـا هەر هەنـدێ لەو هـونەرە ڕەنگیـنەی بەکـار بێنێـت، بەڵام خەڵـکەکە ماوەیان نەدا و چوون بە گژیا.

ڤیان و ئەڤین و دوو کەرەکەی یەکی چەند جانتـای دەستی و تورەکە و کۆڵیـان پـێ بـوو، دوای ئەوەی ڕیـزەکە زۆر دریـژ بـوو، ئەوان تاقەتیـان چـوو. لەبەر ئەوە چـوون لە پەنایەکـدا ڕاوەسـتان تـاوەکو هەمـوو شـتێک تەواو ئەبێـت، دوو کـچەکە کیسـەی لەچـک بـارانی تەنکەکانیـان بە دەسـتەوە بـوو کە گـوایە هەر گەیشـتنە تـاران بـیکەنە بەریان. دوایی باسی ئەوەیان ئەکرد کە ئاخری سەفەرەکەیان بە دڵی

خۆیان نەبوو. لە تورکیاوە بۆیان نەکرا، لەبەر بەردەوامیی شەڕ و ئاژاوەی سەرسنوور، ئاخری ناچاری ڕێی ئێران بوون.

ئەوەندەشی پێ نەچوو کچ و کوڕەکەی کاکە عەبەش هاتنە لایان کە هاوتەمەنی ڤیان و براگەورەکەی بوون و ئەوانیش باوک و دایکیان لە ڕیز جانتاکێشانا بوون، یان کە گوێکەری ڕادیۆکەی هەر لە گوێچکەدا بوو، یەک دوو پاکەت بشتیشی لە دەما بوو، هەر بەوەدا ئەگەیشت کە بنێشتەکە لەناو دەمی خۆیا فوو تێبکا و وەک میزەڵدان دەرپەڕێنێتە دەرەوە، جاترێکی تر هەڵیلوشێ و بینێتە دەرەوە.

خوشکەکەی هەندێ لێی تووڕە بوو، بە توندی لێی ڕاپەڕی و گوتی:

دە بەسە چیت کرد ئەم هەموو خەڵکە سەیرت دەکەن، ئەڵێی سەرخۆشیت ڕادیۆت بە گوێچکەوە و کیلۆیە بنێشت لە دەما و ئەم هەموو فلتوهوڕ و میزەڵداندروستکردن و چەقەچەقی بنێشتەت.

ڤیان خێسەیەکی لە خوشکی کرد و گوتی:

گوێم لێت نییە ئەڵێی چی؟ قسەکانت لە بۆڵەبۆڵ ئەچن.

ئەمجارە ژیلوانی برای تووڕە بوو، دەستی برد و گوێگرەکانی ڕادیۆکەی لە گوێ داماڵی و گوتی:

ئینجا خۆ دنیاش کاول بێت ئەمە ئاگای لە هیچ هەیە لەتاو بەزمی خۆی؟

ئەگەرچی ڤیان لەژێرەوە توانیی دوو سێ مستەکۆڵە بکێشێ بە ژیلوانی برایدا، بەڵام لەبەر قەرەباڵغیی خەڵک ڕووی نەهات شتی زیاتر بکات و هەر ئەوەندەی پێ گوت:

ئێ ڕاوەستە بۆم شەرتبێ ئەمەت بەسەرەوە نەچێ هەی شەیتانی بستەبالا.

هەروەها لەگەڵ کچەکەی هاوڕێی کە هاتبوو بۆ لایان، خۆی و براکەی ڕاوەستا بوون، کەوتە قسە بە سویدی و دەستیان کرد بە پێکەنین و ئەمجارە برا بچکۆلەکەی کە تەمەنی هەشت ساڵ ئەبوو ڕووی کردە خوشک و برا و منداڵانی کاکە عەبە و گوتی:

ئەی دایە نەیگوت بە کوردی قسە بکەن، کە چووین بۆ کوردستان بۆ ئەوەی گاڵتەمان پێ نەکەن و بڵێن کوردییان بیر چووەتەوە و ڤیان خان چەپۆکێکی بەویشا کێشا و گوتی:

تۆ حەقت نییە و سەرت بدە لە بەرد، چۆنمان حەز کرد وا قسە ئەکەین، کوڕەکە لە تووڕەییا شاڵاوێکی بۆ برد و ڕایکردە لای دایک و باوکی، بۆ ناو ڕیزەکە کە ئەندەی نەمابوو بگەنە بەردەمی لێپرسراوەکە، ڤیان کە لە کچی کاکە عەبەی پرسی لەچک و جبەت حازر کردووە؟ کچەکە دەستی کردە پێکەنین و گوتی:

ئەزانی شەوێ درەنگ ئەوەمان بیرکەوتەوە خەریک بووین هەر وا و بە جلی خۆمانە و بێین، بەڵام باش بوو جلی درێژ و باشمان پەیدا کرد.

ڤیان زۆرزانانە گوتی:

جلی درێژ نابێت. چەند درێژ بێت ناوقەد و لەشی خەڵک دیار نەبێت و شتێک بێت وەکو قاپوتێکی تەنک.

سێبەرەی هاوڕێی گوتی:

ئۆف خوایە گیان دە ئەمەی بۆ چ بوو.

لەم کاتەدا دایک و باوکی هەردوو لا هاتن و گوتیان دەی منداڵ پێشکەون بۆ ناو فڕۆکە.

* * *

شەوێ زۆر درەنگ فڕۆکەکەیان گەیشتە تاران و خەریکی دابەزین بوون. خەڵکی ناو فڕۆکەکەش کەوتنە مانتۆلەبەرکردن و لەچکبەستن و خۆکۆکردنەوە. هیی وایان تیا بوو کە ئەتگوت هەر ئێستا لەسەر شانۆ و سەما (ڕەقسەوە) هاتووە و تاوەکو ئێستە بە جلێکی نیوەڕووت و پانتۆڵێکی تەسکی بە لەشیەوە چەسپیوی لە بەر بوو، کەچی ئێستە بەم مانتۆ و لەچکەوە وای لە خۆی کرد ئەتگوت ماشائەڵڵا سەری بچێت نوێژی ناچێت.

ئاسکە خان خۆی کۆکردەوە، بارانێکی تەنکی درێژی لە بەر کرد و سەر و پرچە زەردە بۆیەکراوەکەی جوان جوان بەستەوە و لەچکێکی بەقەد نیوە عەبایەکی دا بە سەریا و چاک بەستی، کچەکانیشی هەروەها ئاسکە خان بە پێچەوانەی مێردەکەی هەندێ کورت و قەڵەو و خڕ بوو، لەبەر ئەوە هەستانە سەرپێ کە ئیتر دابەزن و بڕۆن، هێشتا هەر لەوێ بەدەما کەوت، مانتۆ بارانییەکەی کەوتە ژێر پێی، مێردەکەی پیای هەڵشاخا و بەدەم هەڵگرتنی کۆڵ و بار و پریاسکە و تورەکە و لەناو ورووژمی خەڵکیدا گوتی:
ماڵت ئاوا بێت ئەوە نەئەبوو ئەم مانتۆیەت هەندێ قارس بکەیت و بەقەد خۆتی لێ بکەیت، ئەوەتا لە یەکەم هەنگاو کەوتی بەدەما، خەریک بوو دوو سێ کەسیش بخەیت لەگەڵ خۆت.
ئاسکە خان بەدەم دەست لە ئەژنۆدانی کە چونکە بەر ئاسنی کورسیی فڕۆکەکە کەوت و بەدەم دەستبردن بۆ قاییمکردنی لەچکی کە لە کاتی کەوتنەکەیدا لەسەر سەری داماڵدرا، بە تووڕەبوونەوە گوتی؛
دە چوزانم وایە، ئەمە هیی ئەو کچە ئێرانییەی هاوڕێم بوو کە لەگەڵم ئیش ئەکات. کە زانیی دێم بۆ ئێرە گوتی هەمە، کە ئەوسا چووم بۆ تاران کڕیومە و خۆم ئێستە ئیشم پێی نییە، هیچ مەکرە بیبە لەگەڵ خۆت تاکو دێیتەوە.
مێردەکەی کە دەستی خەریک بوو بەرێتە خوارەوە و ئەوەندەی پەلە بوو، کە زوو بگەنە هۆڵی سەیرکردنی پاسپۆرتەکان و هەر پەرتەپرت و پەلەی بوو، هەر ئاوڕی لە منداڵەکان ئەدایەوە کە هەموویان پێکەوە بوون و لەیەک جیا نەبنەوە و ئەتگوت لە سحرا و بیابانن، لەژێر بۆردوومان و گوللەبارانـدایە و ئێستە بەری ئەکەوێت و نەوەکا منداڵەکانی لێ ون بن. مناڵیشی چی؟ کوڕە بچکۆلەکەیانی لێ دەرچێت، ئەوانی تر ئەوەندە شارەزا و زۆرزان و دەمهەراش بوون.
هەر خەڵکیان ئەبردە سەر ئاو و بە تینوویێتی ئەیانهێنایەوە، ئاخری گەیشتە هۆڵی سەیرکردنی پاسپۆرتەکان، لەوێش دوای پرس و

پرسـیار و لێکـۆڵینەوە ڕزگاریـان بـوو، ئینجـا چـونە هـۆڵی جانتـا و بـاروەرگرتنەکە، هـۆڵەکە قەرەبـاڵغ بـوو. ڕێبـواری دوو سـێ فـڕۆکە لە دەوری هەڵـــقە و درێژکۆڵەکـــانی هـــاتنە دەرەوەی کەلوپەلەکـــان ڕاوەستابوون و هەر کەسیان ڕێ کرد عەرەبانەیەکی بۆ خۆی ئەهێنا و چـــاوەڕێی دەرهـــاتنی کەلوپەلەکـــانی ئەکـــرد بیـــبەنە دەرەوە و لە عەرەبانە باری بکەن و بڕۆن.

ژنەکان هەمـوو لەچکبەسـەر و ئاودامـان داپۆشـراو بە ڕەش و هەنـدێ ڕەنگـی تـری وەک قـاوەیی تێـر و خمـی و کەمکەمـیش ڕەنگـی سـپی و سوور، لە ناویانا ئەبینـران و دنیا گەرم بـوو، ئەوەنـدەی تـر ئەو جلە ئاودامانانەش گەرمتری کردبوون.

ئاسکە خان هاتە بەردەم مێردەکەی گوتی:

باش بوو شوکور ئەو لێپرسراوەی بەر ئێمە کەوت زۆر پیاوێکی باش بوو، زوو بەرۆکی بەردایـن و گوتی بـڕۆن تەواو. ئاسـکە خـان پێکەنـی و دەمی خۆی بە لەچکەکەی شاردەوە و گوتی:

وا بزام ئەمەندە ئاگا گیان و واگا گیانت بۆ کرد، ئەوەندە خۆت شـڵەژاند و لە بەردەمی هەڵبەزیت، هەر لەژێرەوە پێکەنی و ئاخری گوتی تەواو بڕۆن.

دڵشاد سەرکەوتوانە بە بزەیەکەوە گوتی:

ئەی چۆن هەندێ فارسی ئەزانم.

ئاسکە کە هەر لەژێرەوە پێئەکەنی، گوتی:

باشە باسی پارەکان و بانق و مانق چی بوو؟

دڵشاد کە ئەوەندە بە پەلە و هەڵپە بـوو، هەر دوو هەنگـاو کیسـەیەکی لێ ئەکەوتە خوارێ، بەدەم ڕێکخستنی کیسـەکانی دەستیەوە گوتی:

پارەی چی و بانقی چی؟

ئاسکە بەدەم ڕۆیشتنەوە گوتی:

چـۆن پـارە و بـانقی چـی، سـەبریی کـاکە عەبە گـوتی کاغەزیـان پـێ پڕکردینەوە، کە لە کـاتی گەڕانەوە بۆ ئەوەی ئەگەر پارەمـان پـێ بێـت یان ئاڵتوون، بۆ ئەوەی بزانن کە هی خۆمانە و هێناومانە.

دڵشاد لە شوێنی خۆی ڕەق ڕاوەستا و بە حەپەساوییەکەوە گوتی:
کەی؟ ئەی بۆ کەس بە منی نەگوت؟
ئینجا وەک بیری کەوتەوە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و دەستی دا بە یەکدا و گوتی:
ئای بە خوا ئەوە ئەبێ مەبەستی لەوە بووبێ و نازانم کابرا باسێکی پول و پارە و بانقێکی کرد، بەڵام باش لێی حاڵی نەبووم.
ئاسکە بە زەردەخەنەیەکەوە وەرامی دایەوە گوتی:
وەڵا بێچاوێنی بی فارسیی چاکت زانی، بێقەزابی بەڵام تۆ لەبەر پەلەپەل و پرتەپرت ئاگات کەی لە قسە هەیە ماڵت ئاوا بێ؟ ئەوە چییە دایم ئەڵێی ڕائەکەیت لەشکرت بەدواوەیە.
تازە چوو نەمانزانی، دە قەیناکا کە گەڕاینەوە پارەمان لە کوێ پێ ئەبێت؟ بەشکم ئەمە خوایە تاوەکو ئێمە ئەگەڕێینەوە ڕێگای تورکیا و بادینان چاک بێتەوە و لەوێوە بڕۆینەوە، لەوێوە وەکو ئەورووپایە، کەس حەقی هیچی نییە.
ئاسکە هاتە قسە و گوتی:
لەوێ ئەورووپایە و کەس ناڵێ چییە. بەخوا ئەڵێن ئێستە ئەوەندە خەڵک ڕائەگرن و شتی ئەپشکنن، بیتول بیتول جلی خەڵک هەڵەتەکێنن. ئەڵێن کوڕێک لە تورکیاوە هەندێ دەرمانی بۆ دایکی کڕیبوو، کە نەخۆش بوو، چەند ڕۆژ هەر گلیان دابووەوە و گوتبوویان کە ئەم دەرمانانە بۆ پەکەکە ئەبەیت. ئەڵێن بە درێژایی ڕێگا هەم تورک و هەم پارتی خەڵک زۆر ئەزیەت ئەدەن و گێچەڵی پێ ئەکەن و بە پارە و بەرتیل ڕزگاریان ئەبێت.
دڵشاد بەدەم ڕۆیشتن و هەناسەبڕکێوە گوتی:
ئیتر بڵێین چی ڕەزامان بە ڕەزای خوا.

* * *

کەلوپەلەکانیان وەرگرتەوە و شوێنی یەک کەوتن. لەگەڵ ڕیزی خەڵک کە دەرگاکەیان کردەوە ئیتر بڕۆنە دەرەوە، لەپڕ حەپەسان و سڕ بوون.

کە سەیر ئەکەن ڕیزی ڕێبوار گەیشتووەتە بنی ئەو هۆڵە گەوەیە هەر جانتـا و پریاسـکە و بـارە و کـراوەتەوە و بە ڕیـز هەر کەسـە لە لای کەلـوپەلەکەیەتی و خەریکـی قفـڵ و کلیـل هەڵپچـڕین و هەڵتەکـانی کەلـوپەلەکەیەتی و کاربەدەسـتی فڕۆکەخـانە ڕاوەسـتاون و شـتەکان ئەپشکنن سەیر ئەکەن، ئاسکە کێشای بە سەری خۆیدا و گوتی:

ئـاە ماڵتـان نەشـێوێ، ئەوە دڵمـان خـۆش بـوو گوتمـان شـوکور لێپرسـراوەکان زۆر خەڵکـی بـاش بـوون و زوو بەرۆکیـان بەدرایـن. ئینجا بەخێرێ کەی نۆرە دێتە سەرمان و ئێمە ئەم هەموو خەڵکە بەو هەموو کەلوپەلەوە چۆن و کەی ڕزگاریان دەبێت؟

ئاسکە خان لە ڕقانا هەر لەو شوێنەی کە لێی بوو خۆی چوارمشقی لەسەر ئەرزەکە دانیشت و گوتی:

بەخـوا دەردی پـوورە شەمسـە گـوتەنی (وکشرکشـە پـو پەلارە، ئەمە جێمانە تا بەهارە)

* * *

بەیـانی زوو هەمـوو ڕاپەڕیـن لە خەو، کە شـەوێ درەنـگ گەیبـوونە یەکێ لە ئـوتێلە ناوەنـدییەکانی تـاران و هەر خێزانەیـان لە ژوورێکـی گەورەی سێ نەفەری خزابوون، هەرچەندە مـاڵی ئاسـکە خـان شـەش نەفەریش بوون، بەڵام هەر ئەو ژوورە هەبوو بەو شـەوە ئەوەندەش ماندووی ڕیزگرتن و کەلوپەل پشکنینی فڕۆکەخانە بوون و دونیا زۆر گەرم و بێزارکەر بوو، بۆیە هەر خواخوایان بوو لە شوێنێک گیر ببن، بۆیە هەر بەو ژوورە ڕازی بوون و گوتیان:

شەوێکە، هەرچۆنێک بێت ئەیبەینە سەر، بەڵام ماڵی کاکە عەبە حاڵیـان باشتر بوو، چونکە ئەوان چوار کەس بوون، بۆیە جێگاکەیـان هەندێ خۆشتر بوو.

پـێش هەمـوو کەسـێ دڵشـاد گـوڕی دایە خـۆی و گـوتی دەی ئیتـر هەسـتن منـاڵ بـا خۆمـان کۆبکەینەوە، نـاوی خـوای لێ بێنین بەشـکو

بکەویـــنە ڕێ بەرەو کرمانشــــاه و ئەو نـــاوە، بەشـــکوم ئەمە خـــوایە ئیشەکانمان زوو جێبەجێ کرێن و زوو بگەینە وڵات.
ئاسکە لەگەڵ کوڕە بچوکەکەی لەسەر ئەرز نوستبوون، گوتی:
هەستانی چی پەنا بە خوا بۆچی کێ خەو چووەتە چاوی لەناو گەرما و گرمەی ئەم (کولەرە) خەڕەکە شکاوە، کە تاوەکو بەیانی ئەتگوت بە چەکوش ئەماڵن بە کەللەی سەرما.
ئاسکە هەستا و بە دانیشتنەوە دەستێکی دا لە کەلەکە و پشتی گوتی:
خـۆزگە ژوورەکەشـی فێنـک کـردایە ئەوسـا هەر ئەمـانگوت قەینـاکە، بەڵام بەخـوا ئەو بەحـاڵ هەوایەی کە لێشـی ئەهـاتە دەرێ ئەتگـوت هەوای کۆڵانە ئەوەندە گەرم بوو.
هەستایە سەرپێ و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:
کوڕە هەر بۆ خەڵەتانی موشتەریی ئوتێلەکە دایانناوە (کولەری) چی و حاڵی چی.
لە ژووری تەنیشتیان هەر عەینی ئەمان کاکە عەبە و سـەبریی ژنـی و منــداڵەکانیان هەر لەو چەشــنە قســە و بۆڵەبۆڵیــان بــوو، بەدەســت گیرخـواردنەوەی شـەوێ فرۆکەخـانە و هەڵتەکانـدنی پڕوپریاسـکەیان، بەڵام لەنـاو هەردوو خێزانەکە کەس هێنـدەی ڤیـان دڵگیـر و تـووڕە و چـاو بە فرمێسـک نەبـوو، ئەویـش چـونکە لە فرۆکەخـانە و لە کـاتی پشـکنیندا هەمـوو شـریتی گۆرانییەکانیـان لـێ سـەندبوو، لەبەر ئەوەی ئەم جۆرە گۆرانییانە و تێکڕا شریتی ڤیدیۆ و گۆرانی لە ئێران قەدەغە بوو، بـۆیە حـاڵی دەروونیی ڤیـان خـان لە باسـکردنا نەمـابوو، لەدوای ئەوەی شــــریتی گـــــۆرانیی مایکــــل جاکســــنی برۆقەیتــــانیی سووراووسـپیاوکەر و مادۆنـای بەیتەشـەیان لـێ سـەندبوو، بـۆیە ئەو هەر بە جارێـک ڕووخـا بـوو، مـۆزی گرتبـوو قسـەی لەگەڵ نەئەکـرا، هەرچەنــدە هــاوڕێیەکەی بــاوکی کە لە کەرەج و مەرەج و ئەونــاوە ئەژیـا، شـەوێ لە فرۆکەخـانەکە هـاتبوو بە پیریـانەوە و چاوسـاغیان بـوو، دڵنیـای کردبـوو کە خەمـت نەبێت، بەخـوا لەوانە خۆشتریشـت

دەست دەکەوێتەوە. هەم لە تاران و هەم لە کوردستان قاچاغچی خۆش بن هەر تۆ و هەر مایکل جاکسن و مادۆنا، برۆ فیلمی ڤیدیۆیی واتان پیشان دەم کە لێرە و لەوێش ئەیفرۆشن، لە ئەمریکاش شتی وا نییە، لە سایەی ڕێگای تورکیا و سنوورەکانی تری نزیک و چالاکیی قاچاغچی، بۆچی هیچی نییە، هەرچی ئێوە باسی بکەن هەیە، بەڵام ئەوەیە پارە نییە و هەموو کەسێک نییەتی کە بیکڕێت، بەڵام بۆ ئێوە کە لە دەرەوە هاتوون و دۆلارتان پێیە، هەر هەموو شتێک هەیە و ئاسانە.

سمایلی هاوڕێی باوکی ئەوەشی پێ گوتبوو کە سبەینێ چووینە ناو بازاڕی تاران بزانە چۆن دوکاندارەکان خۆیان دێنە نزیکمان و بە ئەسپایی پێمان دەڵێن شریتی چ گۆرانییەکتان ئەوێت هەمانە و چ ڤیدیۆیەکتان دەوێت هەمانە.

بۆ ئەوەی جەماعەت و بەتایبەتی ڤیان بێننە پێکەنین باسی ماڵە عارەقفرۆشەکەی بۆ کردن کاتی کە ئێوارە دائەهات هەر خەڵک بوو خۆیان ئەکرد بەو ماڵەدا و دوای بەینێک یەکی بە کیسەیەکەوە ئەهاتنە دەرەوە. ڕۆژێک یەکێک خەبەر لەو ماڵە ئەدات و ئەڵێت وا بزانم عارەق و خواردنەوە و شتی وا ئەفرۆشن. بە دزییەوە پاسدار و حکومەت ئەچێتە سەر ماڵەکە و دەست ئەکەن بە پرسیار و ماڵپشکنینی، بەڵام هەر هیچ هیچ شتێ نادۆزنەوە، کە هەر بۆنی خواردنەوەی لێ بێت، نەک شووشە و کەلوپەلی خواردنەوە و شتی شێواو، بەینێک ماڵەکە هەر بەو جۆرە ئەمێنن. هەر خەڵک دێن و ئەڕۆن و هیچ دیار نییە و کەس شتێکی وا دیاری پێ نییە، لە دوای چاودێرییەکی زۆر حکومەت بۆی دەرکەوت کە ماڵێکی تر بە بەرمیل عارەق و خواردنەوە دروست و ئامادە ئەکەن و لەوێوە بە لوولەی وەک هی ئاو ڕایانکێشاوە بۆ ئەو ماڵەی خەڵک هاتوچۆیان ئەکات، ئەوانەی دێن بۆ لایان شارەزان بە ئەسپایی ئارەقەکەیان لێ ئەکڕی، سووک و بێدەنگ ئەیبەن بۆ ماڵەکانیان.

هەروەها کابرا باسی گەلێ فرتوفێڵ و شتی تریشی بۆ کردبوون، کە خەڵک لە ناچاری و بێزاریدا دۆزیویانەوە، فێری بووبوون.

لەگەڵ ئەو هەموو قسەوباسانەشدا، هێشتا ڤیان ماتەمین دایگرتبوو، بە چرۆچاوێکی یەجگار مرۆمۆچ هەستایە سەرپێ و خۆی ئامادە کرد و ئەتگوت دنیای بەسەردا ڕوخاوە.

ڤیان کچێکی حەڤدە ساڵ ئەبوو، باڵابەرز چووبووەوە سەر باوکی، بەڵام دەموچاوە خڕ و پرچە خورماییەکەی لە دایکی ئەچوو، ئەو پرچە کە لە لای (پرچڕێکخەر) لوولی کردبوو، پتر بژی کردبوو، ئەتگوت کەپرە بەسەر سەرییەوە، هەروەها هەمیشە لایەکی چاو و دەموچاویشی پێ داپۆشرابوو، بە جۆرێک کە زۆربەی جار ئەبوو بە قڕە لەگەڵ دایکی کاتێ کە پێی ئەگوت:

کچی دایکم دە ئەو پرچەت لەسەر چاو و دەموچاوت لابدە، ئەوە تۆ چۆن دونیا ئەبینیت؟ چۆن دەرست پێ ئەخوێنرێت ڕەبی ماڵی ئەم مۆدەیە وێران بێت؟

براکەشی کە ساڵێکیان بەین بوو، نۆبەرەی دایک و باوکی بوو، ئەو کورت بوو وەکو دایکی شکڵ خراپ نەبوو و کوڕێکی خۆشەویست بوو، هەندێ کەمدوو و لەسەرخۆ بوو. پرچی درێژ کردبوو، لە پشتەوە کردووی بە کلکی ئەسپ و لاستیکێکی پێوە کردبوو، زۆر جار لە ڕێگاوبان لە پشتەوە وایان دەزانی کچە.

کچە ناوەنجییەکەش لەگەڵ برا حەوت هەشت ساڵەکەی هەر تێکەڵوبوون، لە دایک و برا و خوشکیان، ئەگەرچی باڵایان بۆ کورتی چووبووە سەر دایکیان، تەنیا ڤیان نەبێت دەمی کردەوە و لێیان ڕاپەڕی و قیڕاندی بەسەریاندا و بە یەک شریخە گوتی:

چونی چی و کرمانشاهی چی و پفشاهی چی؟ بەخوا هەر ئەبێ بگەڕێین سەیری بازاڕ و دوکانی تاران بکەین.

دایکی کێشای بە سنگی خۆیدا و گوتی: کچم لەڕێی خوا لە ئوتێلین و ژوورەکان بە تەنیشت یەکەوەن. ئەیەڕۆ حەیامان ئەچێت، نەختێ بە ئەسپایی، ڤیان کە لەبەر ئاوێنەکە هەر خەریکی پەرچەم و قژە بژەکەی بوو، ئاوڕی لە دایکی دایەوە و گوتی:

وەکو گوتم ئێستا کاک ئیسماعیل دێت و ئەبێ بڕۆین بۆ بازاڕ و گەڕان. باوکی بە حەپەساوی سەیری کرد و گوتی:

باشە کچم باشە لەسەرخۆ خۆتان کۆکەنەوە نان و چایەک بخۆین، ئینجا ئەڕۆین بۆ بازاڕ.

لە ژوورەکەی تەنیشتیان ماڵی عەبەش خەریک بوون، ئەگەرچی عەبە بە سەروقەڵافەتیدا لەوە نەئەچوو کە دەسەڵاتی هەبێت یا هەر دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ژن و ماڵ و منداڵەکانیا، بەڵام لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی ئەوە بوو دەردی بادینی گوتەنی:

(قاڵی مێش بۆ و دەنگی گامێش) بوو. عەبە کورتەبنەیەکی سیسی بچکۆلە بوو، سەری تاس و کەچەڵ بوو، تەنیا موو بە لاجانگ و دەوروپشتی سەریەوە هەبوو. تەپڵی سەری هەمیشە وەک ئاوێنە بریقەی ئەهات.

چاوی زۆر کز بوو، بۆیە عەینەکەکەی زەڕەبینی و بەقەد بنەپیاڵەیەک دەبوو، ڕەزیل و بەحیساب کولێرەیەکیشت بکڕیایە، ئەبوو بینووسێت و تەسجیل و قەیدی کات و لە حیسابەکەی داشکێنێت و بیخاتەوە سەری، جلکانی ئەگەرچی هی تازەی قەت نەئەکڕی تاوەکو ئەوەی بەری لە کەڵک نەکەوتایە، بەڵام پاکوتەمیز و ڕیکوپێک بوو، خوێندەواری چاک و دەرچووی یەکێک لە زانکۆکانی بەغدا بوو، بە پێچەوانەوە ژنەکەی باڵابەرز و چواشانە و ئێسکسووک و جوان و کەڵەگەت بوو، لەگەڵ کچ و کوڕەکەیا، ژن و منداڵەکانی حیسابی زۆریان بۆ ئەکرد و لێی ئەترسان و هەوڵیان ئەدا بێدڵیی نەکەن و خۆیان لێ ئەپاراست لە زمانی، چونکە کە دەمی ئەکرایەوە و تووڕە ئەبوو، وەک دەستڕێژی لێ ئەهات و تاوەکو بیستوچوار سەعات

هێمن نەئەبووەوە، تاکو دوو ڕۆژ هەر دەیگوت و بەدەم ڕۆیشتنەوە ئەو قسە و وەڕەی کە بووبوو، ئەیکرد و نەیئەبڕییەوە.
ئێوارەی ئەو ڕۆژە هەردوو خێزانەکە گەڕابوونەوە ئوتێلەکەیان، لەدوای گوشت و سەیرانی ناو تاران لەگەڵ سمایلی چاوساغیان بە درێژیی ڕێگا و لەسەر نانخواردن و لە ژووری ئوتێلەکان باس هەر باسی تاران و گەورەیی تاران و شەقام و ئۆتۆمبێلی بێ شومار و ناڕێکیی ترافیک و چەقینی ئۆتۆمبێلەکانی بوو، بەناو ترافیک ئەو ئەیگوت:
ئۆە پەنا بەخوا، ئەمە ئەو خەڵکە بەسەزمانەی ئەم شارە چۆن ئەژین و چۆن ناخنکێن لەبەر دووکەڵی ئەم هەموو ئۆتۆمبێلە؟ خۆ هەناسەم توند بوو، سنگم بەجارێ هاتەوە یەک.
ئەوەی کەیان ئەهاتە قسە و ئەیگوت:
ئەشهەدوبیلا تاران شارێکی بەشکۆ و ڕەسەن دیارە، ئای لەو هەموو دیمەنە جوانانەی دوکانی میوە و بستە و خواردەمەنییە نایابەی، بەڕاستی ئەمە شار و وڵاتە، نەک گاڵتە.
دڵشاد لەسەر جێگاکەی خۆی تەکانی ئەخوارد و هەڵبەزی، چونکە زۆر بە پەلە و هەڵپەهەڵپەکەر بوو، لە کاتی قسەکردنیشا هەر وای ئەکرد و ئەبوو جووڵەیەک بکات یا بە شانهەڵتەکاندن یا بە سەر و مل بردنەپێش، خۆ ئەگەر بە دانیشتنەوە قسەی دەست پێ بکردایە، ئەوە هەر ئەبوو لەسەر جێگاکەی تەکان بە خۆی بدات.
بۆیە ڕاپەڕی و ڕووی کردە قسەکەران و گوتی:
فایدەی چی، تارانی جارانتان نەدیبوو، هەر بەڕاستی ئەتگوت ئەورووپا بوو، هەرچی مۆدەی دنیا دائەهات لەدوای مانگێ کەمتر بەسەر جادەکانی تارانەوە لە بەر خەڵکدا بوو، سەبریی کاکە عەبە خۆی لە وڵات مامۆستای قوتابخانە بوو، ئێستە لە سوید منداڵ ساوای پەروەرشگاکانی بەخێو ئەکرد و ئەمە یەکەم جاری بوو تارا

ببینێت و کاتی خۆی بە ڕێگایەکی ترەوە چووبووە دەرەوەی وڵات، بە هەندێ سەرسووڕمانەوە گوتی:
وەڵا من هیچ شتێک سەرنجی ڕانەکێشام بەقەد دوکانی گوڵفرۆش و ئەو مندالە حەوت هەشت ساڵییانەی کە هەر چاو و تۆزێ لە دەموچاویان دیارە. ناسکە خان هاتە قسە و گوتی ئاخر ئەوەیە کە ئەڵێن جلی ئیسلامییە. سەبری خان وەرامی دایەوە و گوتی:
بەقوربانی ئیسلام بم. ئەی بۆچی ئێمە ئیسلام نین؟ بەخوا بەو هەموو ئیشەوە خۆتان ئەزانن منداڵی ساوا بەخێوکردن چۆنە و هەمیشە ئەبێ دەستی لە پەڕۆگۆڕین و میز و پیسیدا بێت، بەو حاڵەوە و لە چلەی زستاندا بەو بەفر و سەهۆڵەی سوید سەرم بچێت نوێژم ناچێت، دە سەریشم ڕووتە و جلی مۆدەش لە بەر ئەکەم و لە هەموو کەسیش ئیسلامترم. ئەڵێم ئیسلام ئەوەتا لەناو دڵ و دەروونی خەڵکیدایە و بە زۆر و بە لەچک و مەقنەعە نییە.
ئەشهەدوبیلا ئینسان جلی بەحورمەت لە بەر کات و ئەو کارانە نەکات کە خوا و ئیسلام پێی ناخۆشە و بۆ موسڵمان قەدەغەیە و حەرامە، ئیتر شتی تر هەر کەسەو ئەچێتە قەبری خۆیەوە و ئەم قەلەڕەشکەی پێ ناوێت لەسەر ئەو جادە و شەقامانە و من زۆر پشتگیریی ئەوە ئەکەم، کە ژنی بەدین ئەبێ گوێی بدایە ڕەوشت و خووی ئیسلام و جلی بەحورمەت و خوو ڕەفتاری باش و هەمیشە خوای لە بیر بێت، لە دڵ و دەروونیا بێت. ئیتر ئەو کارانەی تر ئەبێ بدرێنە دەست ئەو کەسەی خۆی و ئەو کارانە بەزۆر نابێت. شتی بەزۆر لەوانەیە لەبەر ترس و لۆمە ئەو کەسە بەو چەشنە خۆی بنوێنێت، بەڵام لەژێرەوە هەزار خراپە و بێدینی و بەدخویی بکات.
ئەو شەوەش جەماعەت لە ئوتێلەکەیان مانەوە و ئەبوو بەیانی زوو بڕۆن بۆ ویستگەی پاس، سوار بن بەرەو کرمانشاه.
پێش نووستنی، ئاسکە خان دایە پڕمی پێکەنین و گوتی:

ئەیەڕۆ چاوتــان لەو کــاکە عەبەیە بــوو چــۆن کەوتبــووە هەڵڕشــتنی قسەی نەستەق و کتێبی، کەچی کە ئێوارە گەڕاینەوە ئوتێلەکە، لەگەڵ لێخوڕی تاکسییەکە چەند خەڵکی بەسەردا داباراندین بۆ چەند فلسێک. چۆن بە بەردەمی ئەو هەموو خەڵکە تفی لە کابرای تاکسی کرد و کابرای تاکسیش چۆن تفی بۆ هەڵدا و خەریکبوو یەکتر بدەنە بەر شەق.

ژیلوانی کوڕی کە کەمقسە و کەمدوو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا یەک قاقای لێ دا و گوتی:

بەخــوا هەر حەیامــان چــوو، ئەو ژنە فەقیــرەی چــاوم لــێ بــوو هەر ئەیکێشا بە ڕوومەتی خۆیدا، ئاخری قیڕاندی بەسەریا و گوتی: خۆ تۆ هەر ئەبێ پارەکەی بدەیتێ، ئیتر ئەم حەیاچوونەی بۆ چییە، بۆ دوو فلــس کەم دوو فلــس زیــاد، کەچــی وازی لە کــابرای تاکســی هێنــا، بەربووە سەری ئەو. ژیلوان دیسانەوە پێکەنی و گوتی:

بەخـــوا کـــابرایەکی ســـەیرە، عەینەکەکانیشـــی زۆر پێکەنینـــاوییە، بەسەزمانە عەینەکەی زەڕەبینە، چاوەکانی زۆر زۆر گەورە دیارن لە ژێریا ئەڵێی دەنکە پاقلەی گەورەن.

ئاسکە بە کوڵ پێکەنی و گوتی:

ئەیەڕۆ لەم وەسفە، ئەرێ کوڕم تۆ دەنکە پاقلە لە کوێ ئەزانی و ئەوەت چــۆن هــاتە بیــر؟ ڕاســتە کە ئەڵــێن منــداڵی ئێســتە منــداڵی ئاخرزەمانن.

ژیلوان بە پێکەنینەوە وەرامی دایکی دایەوە و گوتی:

دایە خــۆ منــداڵ نــیم، ئەی چــۆن پــاقلە نــازانم، هەمــوو جــارێ دەنــکە گەورەکانیمان بۆ ناکوڵێنی؟

ڤیان ڕاپەڕی لێیان و قیڕاندی بەسەریاندا و گوتی:

ئیتر بەسە باسی کاکە عەبە و چاوە پاقلەییەکانی، خەومان دێت. ئەبێ بەیانی زوو هەستین.

* * *

له قەسری شیرین و لەسەر سنوور جەماعەت بە ڕیز لەژێر هەندێ درەخت دانیشتبوون و چاوەڕێیان ئەکرد کە کەی سەیری پاسپۆرت و بەڵگەکانیان بکرێت و فەرمان دەرچێت تاوەکو ئەو تەلبەند و ئەو چەند ماوە خاکەی بەینی هەردوو سنوور ببڕن و بگەنە ئەوبەری خۆیان، کە خزمیان لەوبەرەوە بە ئۆتومبێل چاوەڕێیان ئەکردن.

کات لای نیوەڕۆ بوو، گەرما و هەتاوێکی تیژ هەموو ناوچەکانی داپۆشیبوو. ئەگەرچی لەژێر سێبەری هەندێ دار و درەختی ئەو ناوە دانیشتبوون، بەڵام هەر ئەتگوت لەبەر هەتاوەکەن. لە دەوروپشتی خۆیان جێ خانوو و جێ دوکان بناغەی هەنێ بینای ڕوخاو و وێران ئەبینران و لە هەندێ شوێنیش خانوو و بینا و دوکانی تازەدروستکراویان بەدی کردبوو. کاک سمایلی چاوساغیان کە تاوەکو ئەوێ هاتبوو لەگەڵیان کە بەڕێیان بکات، گوتی:

ئەزانن ئەم هەموو خانوو و دوکانی کاولکراوە چین؟

یەکدویەکیان وەرمیان دایەوە، بە سەرسووڕمانەوە گوتیان:

نەوەڵڵا... ئەرێ بەڕاست ئەمە چییە؟

کاک سمایل دەستی درێژ کردە شوێنە کاولکراوەکان و گوتی:

ئەمانە هەموو یادگار و جێ ساروخ و موشەک و بۆدومانی شەڕی ئەوسای عێراق و ئێرانن.

دایک و منداڵەکان بێزار و بێتاقەت بووبوون، بۆیە سەبری خان هاتە قسە و گوتی:

ئێوە باسی ئەم سەفەرەمان بکەن، کە کەی نەجاتمان ئەبێت. ئەوە بۆ بە پێنج ڕۆژ ئەچێت ئێمە ئەمڕۆ بە سبەی لە کرمانشاه چاوەڕێی یەک پسوولەی بچووک بووین، کە هەر پێمان بڵێن باشە، ئیشەکەتان تەواو و بڕۆن دەرباز بن و ملی خۆتا بشکێنن.

ئاسکە دەستی دا بەیەکدا و هەناسەیەکی هەڵڕشت و گوتی:

باسی سەفەر و کرمانشاه و وەرەقەی عبوور ئەکەیت؟

هەر بەڕاستی لەو ناوانە نوشگری (عقدە) بووم تازە وچانەکەمان نیوەی تەواو ئەمە پێنج ڕۆژی ڕۆیشت، بێگومان لەوسەریش پێنج ڕۆژ دوامان دەخەن بە (وەرقەی عبوور) ئیتر چیمان ئەمێنێت هەموو ئینجازە و وچانەکەمان یەک مانگە.
ڤیان بە گەرمی و تووڕەییەوە سەیرێکی ئاسمانی کرد و گوتی:
یاڕەبی خوا ئەوانە بکوژێ کە تووشی ئەم ڕێگا و دواکەوتنەیان کردین و ئەکەن، بۆچی ئێمە وەکو هەموو عالەم نین، هەر ئەبێ وەکو سواڵکەر لەم سنوور و لەو سنوری خەڵکی بپاڕێینەوە؟
دڵشادی باوکی هەڵبەزییەوە و تەکانی دایە خۆی، سەیرێکی کچەکەی کرد و بە توندی گوتی:
ئەشهەدوبیلا هەر ئەم قسانەمان کەم بوو. تەواو بلیتی یانسیبمان بۆ دەرچوو، ئەوە چییە؟ ئەم قسە زلانەت لە کوێوە هێنا، کەی بەتەنگ قسەی واوە بوویت؟
وەڵا باوکم ئەمە قەوانێکی تازەیە ئێمە بۆ چەند ڕۆژێک هاتووین و کاشکی هەر نەهاتینایە، چونکە نیوەی وچانەکەمان بە فیڕۆ و بە چاوەڕوانیی (وەرەقەی عبوور) تەواو بوو.
لێرەدا عەبە پولەکی هاتە قسە و بۆ دڵشادی تەواو کرد و گوتی:
پارە و پولیشمان بەدەستەوە نەما بە کرێی ئوتێل و نانخواردن و مەسرووفەوە.
دڵشاد وەرامی دایەوە گوتی:
وەڵا ڤیروسیا لە پارە و مەسرەف، چونکە سەد دۆلار ئەکاتە پڕ خەراوی پارەی ئێرە، بەڵام من خەمی ڕۆژەکانمە کە بە خۆڕایی لەکیسمان چوو. ئەم بەزم و سیاسەت و کوردایەتی و قسە زلانەی منداڵەکانمان فێری بوون، ئەی دوێنێ کاکە ژیلوانیش پێی نەگوتم: ئێوە چۆن کوردێکن کە باسمان بۆ ناکەن، تێمان ناگەیەنن کە ئەوان حاڵیان چۆنە و چۆن ئەژین. چەند خەڵک فەقیر و هەندێ کەس نانیان نییە بیخۆن، ئێوە لە ئەورووپا دانیشتوون، کەیف ئەکەن و ئەخۆن و

ڕۆژێک لە ئێوەم نەبیست کە هەر باسێکیان بکەن و یا هەوڵ بدەن یارمەتییەکیان بدەن، هەر هەوڵی خۆتانە. دڵشاد دەستی دا بەیەکدا و گوتی:

بەخوا بمزانیایە ئەمانە مێشکیان وا ئەگۆڕێ و ئەکەونە باسی سیاسەت، هەر نەئەهاتم و نەمدەهێشت کەسیشیان بێن.

ئێمە قەت سیاسەتمان نەکردووە و هەقی هیچ حزب و مزبما نییە، ئەوەتەی هەبووین و کە لە وڵاتیش بووین، ئەو هەموو ساڵە دەستمان بە کڵاوی خۆمانەوە گرتووە کە با نەیبات. دەخلی هیچ شتێکمان نەبووە.

ئەمجارە ڤیان هاتە قسە و وەرامی باوکی دایەوە و گوتی:

ژیلوان ڕاست ئەکات. ئێمە ئەوسا منداڵ بووین و نەمانئەزانی دنیا چییە و لە ئەورووپاش گەورە بووین و دوورین لە هەموو ئەو ڕووداوانە و خەریکی بەزم و خۆشی و ڕابواردنی خۆمانین، ئێستە گەورە بووین و لێرە گوێمان لە شت بوو، ئێمەش هەستمان هەیە، خۆ حەیوان نین. لە ئەورووپا یارمەتی و پارە بۆ ئەفریقا و ئەنگۆلا کۆئەکەنەوە. بۆ بۆسنیە و مۆسنیە ئەگرین و هەمیشە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ مێشکیان بردووین، ئەی ئێوەش بۆ کورد و کەسی خۆتان هیچ ناکەن و هیچتان پێ ناڵێن و باسمان بۆ ناکەن.

دڵشادی باوکی هەر چاوێکی چووە لایەک، بە توندی قیڕاندی گوتی:

ئێ ئێ زانیم بەخوا ئەوە ئەو هەتیوو و کچەتیووەکەی حەمە تەگەرانی کە لە ئوتێلەکە بوون، بەخوا ئەمە لەوان زیاتر نییە. ئەوان هەر بە تایفە فیتنە و فەساد بوون، ئەوساش هەر سنگیان دەرئەپەڕاند و خۆیان بە قارەمانی کورد دائەنا. بەخوا ئەم قسە زلانە لەو هەتیووە زیاتر نییە کە کردوویانە. لەو کاتەدا ژیلوان گەڕایەوە لایان، کە لەگەڵ حەمەی کوڕی عەبە و دوو پیاوی لێپرسراوی ئێران بانگکران و وەرەقەی عبوور وەرگرن.

ژیلوان بە خۆشییەوە و لە دەرەوە ئیشارەتی کرد و گوتی:

هەستە شوکور تەواو، ئیتر ئەبێ بڕۆین.
ژیلوان هەندێ بە حەپەساوییەوە گوتی:
کە گەیشتنە لای جەماعەت ئەوە چیتانە؟ ڕووی کردە خوشکی و بە تووڕەییەوە گوتی:
خوشکی سەیری کرد و بە تەوسەوە گوتی:
باوکم لە بەیانییەوە قسە بە کاک ڕۆستەم و کەژاڵ خان و پێشمەرگە بریبدارەکە دەڵێت، کە ئەم چەند ڕۆژە هەر بچیان بۆ گەلەکەتان و ئەوان فیتنە و خراپن.
ژیلوان دەستی دایە جانتا و کەلوپەلەکان و گوتی:
ئێوە هەستن جارێ با بڕۆین ڕزگار بین، پێشمەرگە بریندار و کاک ڕۆستەم و کەژاڵ خان، زۆر لەوە بەرزترن کە خەڵکی بەزیوو و ترسنۆکی خۆپەرستی وەکو ئێمە باسیان بکەین، ئەوە کە گەیشتینە کوردستان، ئینجا ئەو باسانە دەکەین.
دڵشادی باوکی بە تووڕەیی و نابەدڵی هەستایە سەرپێ و خۆی هەڵتەکاند، چونکە لەژێر ئەو خۆڵەی ژێر درەختەکان دانیشتبوو، دەستی دایە کۆڵ و بارەکەی، هەناسەیەکی هەڵڕشت و گوتی:
هەستن جەماعەت هەستن قسەم پێ نەما و دڵیشم بەجارێک داخرا، لەبەر ئەم قسە قۆرانە.
دوو خێزانەکە گەیشتنە دیوی خۆیان، دوای ئەوەی ئەوبەینە هەردوو سنوورەکەیان بڕی و گەیشتنە لای ئەو کەسانەی لەوبەر چاوەڕێیان بوون، جەماعەت کەوتنە دەستەملان و ماچوموچ لەگەڵ بەپیرەوەهاتووەکان، هەندێکیان لە خۆشیان دەستیان کر بە گریان و فرمێسکڕشتن، بەتایبەت ئاسکە خان و خوشک و خوشکەزاکانی، کە هاتبوون بەپیریەوە و بۆ دە ساڵ ئەبوو لەیەک دابرابوون.
سەبری خان هەر باوکی و خوشکێکی هاتبوون، کاک عەبە دوو کوڕی خوشکەزای، دڵشادیش برا و برازایەکی هاتبوون بەپیریەوە.

دڵشـاد کە بـرازاکەی بە منـاڵی جێهێشـتبوو، هەر بەوەدا ئەگەیشـت و ئەیگوت:
ماشئەڵڵا ماشئەڵڵا ئەوە ڕزگارە بچکۆلە خرپنە هارەیە، کە نیوەڕوانی هاوین نەیئەهێشت کەس پشوویەک بدات لەبەر قیرەقیڕ و شەڕفرۆش بەموبەو؟
باوکیشـی بە ڕوویەکـی خۆشـەوە و بە دڵێکـی پڕ شـەوقەوە سـەیری براکەی ئەکرد و ئەیگوت:
ئەی چۆن ئەرێوەڵا ئەمە ئەوە، بەڵام ئێستە شوکور ئەم پیاوە چاکەی لێ دەرچووە و هەر مەپرسە. پێچەوانەی منـاڵی ئەوسـا، ئێسـتە زۆر هێمن و لەسەرخۆیە.
سەربەستی برای دڵشاد بە هەندێ ماتی و قورگی گیراوەوە گوتی:
ئەرێ برا گیان ئەزانی چەند ساڵە یەکترمان نەدیوە؟ وا بۆ دە ساڵ ئەچێت. دە ساڵ تەمەنێکە. سەربەست سەیرێکی ڤیان و ژیلوانی کرد. ئەی ئەم منـداڵانە بیـرتە چەنـد منـداڵ بـوون؟ وەڵا منـیش هەر نەمناسـینەوە. سـەیرێکی ئاسـکە خـانی کـرد و گـوتی ئەڤـین بە باوەشتەوە بوو، کوڕە بچکۆل هەر نەماندیوە، یاخوا عەمردرێژ بن.
ئاسکە خان بۆ جار سێیەم پەلاماری خوشک و خوشکەزاکەی دا و ماچی کردن و فرمێسکی سەرەوخوار بوونەوە، ئەگەرچی خوشک و خوشـکەزای زۆر دڵخـۆش و بەشـەوق هـاتبوون بە پیریـانەوە، بەڵام ئاسکە خان لە ڕوخسارياندا هەستی بە تارمایی مەلوولی ئەکرد، هەر زوو لە دڵا پەشۆکا و کەوتە مەراقەوە، بەتایبەتی جلوبەرگیان هەندێ کۆن و وا پەرپووت بوون، بە جۆرێک کە ئاسکە خەریک بوو لە دەمی دەرچێت و بە خوشکی بڵێت:
ئەرێ مەلیح گیان ئەوە هێشتا ئەم کراسەت هەر ماوە؟
ئەوە بێگومـان خۆشـتان گۆڕیـوە و ڕەنـگە ئەمە جلـی سـەیران و گەڕانیـان بێت، ئەی ئەوە نییە هـاتوون بەپیریـانەوە و لە کن خۆیـان ڕۆژی خۆشییانە؟

جەمـــاعەت و بە پیرهاتنەکانیـــان بە ئوتۆمبێـــل کەوتـــنە ڕێ، بەرەو دەربەندیخان و سلێمانی.
ڕێگـای خـاکی بەرز و نـزم و جـادەی ڕاسـت و پێچپێچ و شـاخاوی لەژێـر تـایە و ڕەوڕەوەی ئۆتۆمبێلەکانیـان بە خێرایـی هەڵپێچـران و لوولـدران، بە بەردەمـی دێهـاتی ڕووخـاو و تازەئاوەدانکراو و خەڵکی شــڕۆڵە و منــاڵی کــز و لەڕی بێتــین و لەبەر هەتــاو و گەرمـــای هەڵقرچاودا تێپەڕین.
دڵشاد و ئاسکەی ژنی دەردی خۆیان گوتەنی کە قەت هیچ کات حەقی سیاسـەت و کوردایەتییان نەبووە، هەروەهـا سـەر بە هـیچ حـزبێکیش نەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکیان لە دڵی خۆیدا دیمەنی ئەو دێهاتە ڕوخـاو و نیوەئـاوەدانکراوانە و بە سـەیرکردنی ئەو منـداڵە سیسـە ڕەشوڕووتانە دڵیان ورووژا، هەرکەسـەیان لە دڵا هەستی بە تەریقی و شــەرمەزاری کـرد، کە ئایـا ئەبێـت لەم دونیـایەدا کەسـێک هەبێت ئەوەنـدە بـێ هەسـت و شـعور بێـت، ویجـدان و دڵـبەرد و ئەوەنـدە بێئــابڕوو و خۆپەرســت بێــت، کە هــیچ خەفەت بــۆ ئەو مــیللەتە لێقەومــاوەی خــۆی نەخــوات و ئەوەنــدە بێبــاک و تەنیــا خەیــاڵ و هۆشوگۆشی هەموو هەر لای خۆشی و ئارامی و دەستکەوتی خۆی بێت و هەر بڵێت:
ئێمە هەقمان چییە... ئێمە چیمانە بەسەرەوە.
ئـێمە قەت سیاســەتمان نەکـردووە و تـاقەتی ئەم بەزمانەمــان نیـیە؟ کەواتە ئەبێ ئەوان و ئەو کەسـانەی وەکو ئەوانن، چ جناوەرێک بن؟ ئەبــێ چ گیــانلەبەرێکی ســووک و بێقــیمەت بــن کە تەنیــا نــاوی ئینسانیشـیان پێ ڕەوا نەبینرێت و پێیان حەرام بێت، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەو چەند کەسانە لە دەروونیاندا خەریکی شـاڵاو و پەلامـاردان و شــەڕ و ســەرزەنش ویجـدان و هەسـتی مرۆڤـایەتی بـوون، لەگەڵ ئەوەشــدا هەرکەســەیان لە لای خــۆیەوە ئەیویســت خــۆی تەریــق نەکاتەوە و بەسەر شەڕ و ئاژاوەی ناو دەروونیدا باز بدات و خۆی

تەبیعی و ئاسایی پیشان بدات و گوێی خۆی لێ کەڕ بکات و بکەوێتە قسەوباس، پێش هەموویان دڵشادی هەڵپەهەڵپکەر شانێکی هەڵتەکاند و دەستێکی بە سەر و ملیدا هێنا و گوتی:
وەڵا خۆ شوکور دوکانی ئەم دێهات و شارۆچکانەی تووشمان دێن، ئاوەدانن و شت زۆرە وەکو ئەوە نییە کە ئەمانبیست.
سەربەستی برای کە ئوتومبێلەکەی لێئەخوڕی، ئۆفێکی هەڵڕشت و گوتی:
دوکان ئاوەدانە و شت زۆرە، بەڵام کێ ئەتوانێت بیکڕێت؟ پارە لە کوێ بوو، کولێرەیەک بە دوو دینارە و کیلۆیەک گۆشت جاری وا هەیە بە شەست دینارە. هێلکەیەک بە دینارێکە، ئیتر دەبا شت هەر زۆر بێت، مەگەر فەقیر و هەژار و مامور، خەڵکی تێروتەسەلی جاران هەر لە دەرەوە بتوانن سەیری بکەن.
ئێوە جارێ چیتان دیوە با بگەنە جێ، ئینجا حاڵی خەڵک ئەبینن، هەموو ئەو جۆرە کەسانە ناوماڵەکانیشیان فرۆشتووە و هەر ناتوانن ئیدارە بکەن.
دڵشاد مژێکی چاکی لە جگەرەکەی دا و گوتی:
بۆچی ئەی مامور مەعاشیان نییە؟ خەڵکی تێروتەسەل جاران وەکو ئەڵێت و خاوەن موڵک کرێ وەرناگرێ؟
سەربەست بە زەردەخەنەیەکی تەوساوییەوە گوتی:
مامور و مەعاش؟ ئینجا مەعاش لە کوێ هەیە تا بیدەن بە مامور؟ بۆچی هێشتیان ئەم میللەتە هەژارە هەر دوو ڕۆژ دڵی خۆش بێت بە حکومەت و بە سەربەستی و ئەم هەلەی کە خوا بۆی ناردبوو، کە بە خەوی شەوانیش هیچ کوردێک خەونی بە وەزع و زروفی واوە نەئەبینی. سەربەست بە مەلوولییەکەوە گوتی:
گیانە ئێوە لە عالەم و دونیایەکی تردا ئەژیان و ئاگاتان لە هیچ نییە و نەبووە.

ئاسکە هەندێ خۆی کزۆڵە کرد و دمولێوی خۆی هێنایەوە یەک و گوتی:

چۆن، وەڵا لە ئەورووپا تەلەفزیۆن و غەزەتە حەشریان ئەکرد و هەموو باسێکیان ئەکرد، هەروەها ئەو خەڵک و کوردانەی هاتوچۆی کوردستانیان ئەکرد، ئەوانیش ئەو باسانەیان ئەگێڕایەوە، بەڵام ئێمە لەوێ ئەوەندە سەرمان قاڵە و ئەوەندە گرفتاری ئیشوکارین، کفت و هیلاکین. هەر خواخوامانە کە ئێوارە گەیشتینە ماڵ پارووێەک بخۆین و بنووین. جاری وا هەیە ڕۆژی شەممە و یەکشەممەش هەر ئیش ئەکەین و هیچ وچانمان نییە و ماوەمان نییە هەر دوو کەسی ئاشنامان ببینین، چونکە ئەوانیش هەر وەکو ئێمەن، بەتایبەتی ئەوانەی منداڵی وردیان هەیە. ئەوە هەر لە دونیا و قیامەتیش بێبەشن. مەلیحی خوشکی کێشای بە سنگی خۆیدا و گوتی:

ئەیەڕۆ کەواتە ئەمە چ ژیانێکە.

مەلیحە خان زەردەخەنەیەک گرتی و گوتی:

کەواتە کوڕەکەی حەسەنی شووبرام ڕاستی ئەکرد، چەند مانگێک لەوەپێش هاتبووە، ئەیگوت ئامۆژن هەموومان لەوێ وەک مەکینە ئیش ئەکەین و زۆر جار کەس ئاگای لە کەس نییە و هی وا هەیە بە تەلەفۆن نەبێت هەواڵی یەکتر نازانن. جاری واش هەیە ئەوانەی یەکتر ئەناسن ماڵەکانیان ئەوەندە دوورە لەیەک، هەر وەک ئەوە وایە کە لە سلێمانییەوە بڕۆین بۆ کەرکووک، یان لە هەولێرەوە بێیت بۆ سلێمانی، ئەمە بەخێرێ لە شارێکیشان.

ئەمجارەیان دڵشاد هەر وەک ئەوەی کۆتایی بەم باسە ناخۆشانە بێنێت، تۆزێ شانی جوڵاند و گوتی:

توخوا با جارێ واز لەم قسە ناخۆشانە بێنین و باسێکی تر بکەین، خزمان چۆنن لە چییان؟ خەریکی چی؟

سەربەستی برای بەدەم لێخوڕینەوە سەری ڕاوەشاند و گوتی:

وەڵا کاکە گیان ئەگەر بەتەمای قسەی خۆشتریت، قسەکانمان هەر لەم بابەتەن و قسەی خۆش هەر نەماوە. قسەی خۆشمان هەر ئەوەیە کە یەکێک بە یەکێک بڵێت: ئەڵێن شوکور لە دوێنێوە دنیا ئارامە و شەڕ و تەقە نییە لە بەینی پارتی و یەکێتیدا.

سەربەست دایە پڕمەی پێکەنین و گوتی:

کاکیشم ئەڵێت جارێ واز لەم قسە ناخۆشانە بێنێت، بۆچی قسەمان ماوە لەو قسانە زیاتر؟ بەخوا هەر لە منداڵی دەساڵی گوڵبەڕۆژەفرۆشەوە تاوەکو پووره مەنیجی نانکەر و تاوەکو مجەوەرەکەی مزگەوتی پیرمەسووریش هەموویان بوونەتە عالم و خەبیر و فەیلەسووفی ئەم وەزع و ڕووداوانە.

ئەوە تۆ ئەڵێی چی، وەزعەکە لەوەدا نەماوە.

دڵشاد لە دڵی خۆیدا زۆر پەشۆکا و ناڕەحەت بوو، لەبەر منداڵەکانی بەتایبەتی کە ئەوان لەو دوو سێ ڕۆژەتدا لە ئوتیلەکە لەگەڵ ئەو پێشمەرگە بریندار و کاک ڕۆستەم و کەژاڵی خوشکی وا گۆڕابوون، ئەو چەند قسە و باسانەی هەر وا بەسەر پێوە لەو کورتە دانیشتەندا کاری تێکردنی ئەبێ ئێستە گەیشتنە جێ و ئەو خەڵک و دونیایەی ئەوێیان دی، ئەبێ چ بکەن؟

ئەی هاوار بەخوا هەر بەجارێک کوڕ و کچەکەی لەدەست دەرئەچن، بەتایبەت ئەوەندە کەللەڕەق و چاونەترسیشن، کە خەیاڵیان دایە هەر شتێک و چووە دڵیانەوە، ئیتر تەواو سەری لەسەر دائەنێن، ئیتر ئەو بیر و ڕایە چ گۆرانی و بەزمی مادۆنا بەیتەشە و مایکل جاکسنی سەماکەر بێت و یا ئەوپەڕی خەبات و فیداکاری بێت و ئەوەی کە چووە مێشکیانەوە و لە دەروونیانا گیر بوو، ئیتر تەواو وەکو ئەورووپی، ئیتر ئەوە بە هەقی تەواوی خۆیان و زەوق و ئارەزووی ناو دەروونیانی ئەزانن و هێز نابێت بتوانێت لەو ڕێباز و ئارەزووە حەقە لایان بدات و کاریان تێبکات، ئەی هاوار ئەمە چیی بەسەر خۆ هێنا. ئەمە چەند ساڵە لە ئەورووپا ئەژێت و دەستی بە کڵاوی

خۆیەوە گرتبوو، با نەیبات و لەدوای هەرەسپێهێنانی شۆڕشەوە کە خەڵکی فێری چوونە ئەورووپا بوون، بۆ خۆی بە ئاسوودەیی و بێ قڕە لە ئەورووپا تێر ئەخوات، ئیتر ئەنوێت بەبێ ترس و بەبی تەگەرە و وەکو کەریش ئیش ئەکات، بەبێ بێزاری سەری خۆیشی شۆڕکردووە و چاوی خۆشی نوقاندووە. لەو هەموو کارەسات و بەسەرهاتەی میللەتەکەیان کە هەر لە کارەساتی هەڵەبجەی شەهیدەوە تاوەکو ئەنفالکردنی هەزاران پیر و گەنج و منداڵی سەربێشکە و وێرانکردنی هەزاران دێهات و ئاوارەبوونی هەزارانی تر، ئەوە ڕاپەڕینەکەی خەڵکی کوردستان بووبوو، دوای ئەو هەموو هەرا و بەزمەی میدیای عالەمی بەرپای کرد و کورد بوو بە مەسەلەیەکی جیهانی تا وای لێ هات ئەمریکا و ئینگلتەرا و فەرەنسا خۆیان خۆیان بکەن بە پارێزگەری کورد و لەسەری بکەنەوە و پێیان خۆشبێت کە حکومەت و پەرلەمانیشی هەبێت و لەوەتەی وا بووبوو وەزع خۆش بووبوو، ئەم هەموو ساڵێک ئەیگوت:

دەی منداڵ خۆتان ئامادە بکەن ئەم هاوینە ئەچین سەر لە کوردستان ئەدەین. کەچی دوایی سەفەرەکەیانی هەڵوەشاندەوە، ئەوە ئێستە بەم ئاژاوە و شەڕی (پ.ک.ک)یە بۆ هات بە ماڵ و منداڵەوە ئێستە یەگەر گوتیان نایەینەوە ئەم چی بکات؟

***

لەناو ئۆتۆمبێلێکی دواوەشیانا کە عەبە و خێزانی سوار بووبوون، ئەوانیش خەریکی جۆرێکی تری مشتومڕ بوون و قسەی ئەمان هەندێ خوێنەوارانە بوو. کاتێ کە گەیشتنە دەربەندیخان و ئۆتومبێلەکەیان بەژێر تونێلەکەدا تێپەڕی، باوکی سەبری خان سەرێکی ڕاوەشاند و گوتی:

ئای چەند دەمێکە بەژێر ئەم تونێلەدا تێنەپەڕیوم، هەرچەندە جاروبار ئەوسا هاتوچۆی بەغدام دەکرد، بە ئێرەدا تێئەپەڕیم، ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە زەعیم (عەبدولکەریم قاسم) ساڵی ١٩٦١ کردیەوە، من

لەگەڵ تیمی ئەو موهەندیس و ئەندازیارانە ئیشم ئەکرد وەکو مەساح، لەو کاتەدا خەریک بوو بەینی کورد و زەعیم عەبدولکەریم زیاتر تێک ئەچوو و کە عەبدولکەرم هات ویستی ئەو ئوتێل و ناوە بکاتەوە کە ئیتر بکەوێتە کار، کورد گرنگییەکی زۆریان بوو. خوتبە و قسەکانی وایان دانابوو ئەگەر نیازی عەبدولکەریم باش بێت، ئەوا ئەو ڕۆژە بە چاکی باسێکی کورد ئەکات، بەتایبەتی کە دەربەندیخان لە کوردستانە، بەڵام کە شاییەکە بوو، عەبدولکەریم گەیشت، شوێنەکەی کردەوە و خوتبەکەی بە پێچەوانە هیوای کوردەکانەوە بوو، عەبدولکەریم کەوتە قسەپێگوتنی کوردەکان و ئەتگوت کە ئەم تونێلەی لەسەر ئەرز و خاکەکەی باوکیان کردبێتەوە، هەر باس باسی عێراق و عروبەی بۆ کوردیش ئیتر لەوە زۆر توورە بوون و زۆر بە چاکی لە نیزای گەیشتن ئیتر ئەوە بوو دوای ماوەیەکی کەم شەڕوشۆڕەکە زیاتر بوو بە جارێک وەزعەکە تێکچوو.

مێشک و هۆشی عەبەی زاوای لە لای ئەو چەشنە قسانە نەبوو و لەوەتی سواری ئوتومبیل بووبوو گوێی لە خراپیی حاڵی خزم و کەس بوو، خەمی لێ هاتبوو بە بێدەنگی لە دڵی خۆیدا هەر دۆلارەکانی ئەژمارد، کە سەد دۆلار ئەکاتە چەند دینار و ئەو دینارانە بدات بە کێ و کێ؟ ئەوە چۆن ئەبێت؟ خۆ ئەو بۆ ئەوە نەهاتووە پارە دابەش بکات، ئەم هەموو خەڵک و ئەم هەموو خزم و ئاشنایە چۆن بەوە تێر ئەکرێن؟ ئەو ئەوەندە بە حیسابە کە فلسێک دایکێتی و فلسێک باوکی، تەنانەت ئەگەر منداڵەکانی چرا و گڵۆپێکی حەمام یا چیشتخانە بە کراوەیی بەجێبهێڵن کە لە سوید پارەی ئەلکتریک و ئاو لەسەر کرێ خانووە و هەمووی هیی حکومەت بەلاشە، کەچی ئەو چونکە وا ڕاهاتووە لە زووەوە وا ئەزانێت کە ئەبێ پارەکەی خۆی بدات، بۆیە کە چراکەی بە کراوەیی ئەبینی، پارووی لە قوڕگی ژن و منداڵەکەیا گیر ئەکرد و ئابڕووی ئەبردن، لای دراوسێ بە قیڕەقیڕ و شاتەشات لەگەڵ ئەوەشدا کە عەبە ئەو خەیاڵانەی ئەکردەوە، دڵی زۆر لە لای

خەزووری نەبــوو، کەچــی هەڵیــدایە و وەرامــی قســەی دایەوە و بە دەنگێکی گڕی وەک هەڵامەتاوی گوتی:
ئەوە تۆ باسی ئەو حکومەت و عەرەبانە ئەکەی؟
بەخوا بەخوا ئێستە ئەمانەی هاتوونەتە پێش و ئەڵێن زۆریان پەنایان بۆ کوردستا هێناوە بەناوی ئۆپۆوزسۆنی عێراقەوە، بەخوا ئەڵێم هەرە باشـەکەیان کە دەسـتی بـوو ئەگەر بـۆی بلوێت لە سـەدام خراپتـر بە کـورد ئەکـات، نەک عەبـدولکەریم قاسـم. کـورە کـاکە تـۆ ئەمـانە چـۆن ئەناسیت، ئێستە کە هێشتا هیچیان بەدەستەوە نییە و بە حیسـاب بـۆ سایە و سێبەری خاکی کوردستان پەنایان بردووە، لەم حاڵەدا ئەڵێن کە دەمیان ئەکەنەوە هەریەکەیان خۆی ئەکات بە فس فس پاڵەوان و وا ئەزانێت ئەو خێر بە کـورد ئەکـات. ئنجـا نەخـوازە وەرە دەسـەڵاتی بدرێتە دەست. مـن ئەڵێم هەموویان درۆ ئەکەن، جەنابیان ئەیانەویت کورد سـەدامیان بۆ بڕوخێنێت تـاوەکو ئەوان جێگای بگرن و لەسـەر حازر بڕۆن سنگ دەرپەڕێنن.
عەبە عەینەکە زەڕەبینییەکەی دەست لـێ دا و لەسـەر لـووتە زلەکەی جێگری کرد و چاوە پاقلەکانی لەژێر عەینەکەکەیەوە بە دەسڕەکەی سڕی و بەدەم ئەو کارەوە گوتی:
نە نە نە مـن قەت ئیمـانم بەو عەرەبـانە نییە، توخـوا کـورد چیـی بـۆ نەکرد؟ هەر لە زەمانی سەلاحەدینی ئەیوبییەوە تاوەکو ئێستە.
عەلی ئەفەندیی خەزووری بە گەرمی هەڵی دایە و بە توندی گوتی:
بـۆچی پـێ لەوە ئەنـێن کە سـەلاحەدین کـوردە و هەموویـان هەر بە عەرەبـی دائەنـێن؟ خـوا لە دەسـتیان ببڕێـت، تـۆ بـزانە ئەو هەمـوو کارەساتەی بەسەر کورد هات، هەر لە گازی ژەهراویپیاکردن تـاوەکو ئەنفالکردنمـان، ڕاپەڕیـن و لەبەفـردا چەقـین و مردنـی هەزاران کەس بەڕێگـای سـاخ و کێـو و بەفـر و بـارانەوە، تـۆ بـزانە کەسـێکیان هەر گوتی ئەوە بۆ وایان لێ ئەکەن؟!

ماڵیـان ئـاوا بێـت هەمـووی بێگـانە و ئەوروپـی و نەتەوەت غەیـری عەرەب هـاتن بەدەنـگ کـوردەوە و فریایـان کەوتـن، ئەگەرچـی ئەوان خۆیان بە موسڵمان دائەنێن، بەڵام یاڕەبی خوایە خوا خێر و بەرەکەت و ڕزقـی ئەو دەوڵەتە عەرەبانە هەڵگرێت و بیخـاتە سـەر ڕزق و خێر وبەرەکەتـی ئەو بێگـانە و کـافرانە، بەخـوا مـن هەمـوو جارێـک ئەو دوعـایە لە خـوای گەورەی خـۆم ئەخـوازم. عەبەی زاوای کە هـیچ لە زاوا و خەزوور نەئەچوون، چونکە عەبە ئەوەندە بەدقیافە و کورت و کەچەڵ بوو، هەر ئینسان سەری سووڕ ئەما کە ئەم چۆن زاوای ئەم پیاوەیە کە وا دەرکەوت لە تەمەنیشدا هیچ فەرقێکی ئەوتۆیان نەبێت و چـۆن ئەو سـەبری خـانە بەم کـابرا پـولەکییە بەدفەسـاڵە ڕازی بـووە کاتی خۆی.

عەبە وەرامی خەزووری دایەوە و گوتی:

ئەی نەتانبیسـتووە کـاتێ سـەدام گـازی ژەهـراوی بە هەڵەبـجەدا کـرد، سـەفیری یەکێ لەو دەوڵەتە عەرەبـانە چیـی گوتبـوو؟ عەلـی ئەفەنـدی سەری ڕاوەشاند و گوتی:

بەڵێ بەڵێ فەرمووبووی ئەی خۆ سەدام ناچێت گوڵاویـان پیادا بکـات. کەچی دوایی چیی بەسـەر ئەوانیش هێنا، دەبا ئەوانیش بیخۆن.

دوو ڕۆژ بـوو جەمـاعەت گەیشـتبوونە نـاو کەسـوکاریان لە سلێمانی، دڵشـاد و ئاسـکە و منـداڵەکانیان لە مـاڵی سەربەسـتی بـرای دڵشـاد دابەزیبـوون. عەبە و سـەبریی ژنـی و دوو منداڵەکەشـیان لە مـاڵی بـاوکی سـەبری دامەزرابـوون، خـزم و کەسـوکاری هەردوو لا هەر بەڕێوە بوون و ئەچوون بۆ سـەردان و بەخێرهاتنیـان. ئاسکە خـان و دڵشـاد هەڵپەهەڵـپکەر هەر دەرفەتێکیـان بـدیایە بە جـووتە ئەچـوونە ژوورەکەی، کە بۆیان تەرخان کرابوو. ئەکەوتنە چرپەچرپ و مقۆمقۆ، کە چـی بـکەن بـۆ خـزم و کەس و ئاشـناکانیان و لەو چەنـد پـارچە قوماشە و ئەو گۆرەوی و دوو سێ پێڵاو و شامپۆ و خرتوپرتە چۆن دابەش کەن بەسەریانا.

زۆر جـاریش ئەبـوو بە قـڕە و دەمەقاڵێیـان و ڕێـنەئەکەوتن لەسـەر بڕیارەکەیان، چونکە ئەو ئەیگوت با ئەم شتە بۆ براکەم بێت و ئەو ئەیگـوت بەخـوا نـادرێ بە کەس لە خوشـکەزا تاقـانەکەم زیـاتر. زۆر جاریش ئاسکە خان هەڵئەچوو و ئەچوو بە گژیا و ئەیگوت:
زۆری ئەم شتانەی کڕیومن و بە پارەی خۆشم کڕیومن. تۆ لەو دوو بلـوزە ئەسـتوورانەی چـلەی زسـتان و بەفـر، ئەو شـەش جـووت گۆرەوییەت زیاتر نەکڕیوە. ئەوانیش هەر بۆ کاتی بەفر و سەهۆڵ باشن، بەکەڵکی چیی ئەم هاوینە دێن، ئەی بۆ ئەوسا لەوێ ئەمانەت لە بیر نەبوو کە ئەبێ چی بدەی بە کێ و چی بدەی بە کێ؟
یـاخود لەسـەر ئەوە ئەبـوو بە مشـتومڕیان کـاتێ ئاسـکە خـان بە مێردەکەی ئەگوت:
ئاگایەکت لە کـاک سەربەسـت بێـت، بەسـەزمانە دوو ڕۆژە مـاڵەکەی لەبەر خزم و ئاشنا و میوان جمەی دێت، هەر چای ڕووتیشیان بداتێ دەرەقەت نایەت. خۆت ئەزانی و گوێت لە خەڵکە کە چی ئەڵێن، هەموو کەس حـاڵی زۆر شـڕ و خـراپە، بە هەزارحـاڵ ئنجـا ڕەنـگە بتـوانن ئیدارەی ماڵ و منداڵی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوە هەندێ دۆلار بدە بە کـاک سەربەسـت بـا بچێـت وردی بکـاتەوە مەسـرەفی کـات، فەقیـرانە ئـاخۆ ئەم دوو ڕۆژە بە چ حـاڵ و فەلاکەتـێ ئەو چێشـتەمان بـۆ لـێ ئەنـێن و ئەیـخەنە بەردەممـان. خـۆت ئەزانـی شـەرمن خـانی ژنیشـی ژنێکی چەند دڵفراوان و میواندۆستە. دڵشـادیش سـەری بۆ ئەلەقاند و ئەیگوت:
ئێ ئێ باشە دە باشە ئەزانم خۆ کەر نیم.
کەچـی کە ئەچـووە دەرێ لە ژوورەکەی خـۆی گێـل ئەکـرد و لە بیـر خۆی ئەبردەوە و لە دڵی خۆیا ئەیگوت تـا ئیمـڕۆش وا بێت، سـبەینی دووسـەد دۆلارێکـی ئەدەمـێ. تـۆزێکی تـری پـێ ئەچـوو پەشـیمان ئەبووەوە و لە دڵی خۆیا حسابی ئەکرد و ئەیگوت:
نا بابە سەد دۆلار بەسە.

ئنجا ئەگەر ئاسکە ئەیتوانی ئەم مشتومڕ و حساب و کتابەش لەگەڵ دڵشادی مێردی بکات، بەڵام سەبری خان ئەوە هەر هیچ، چونکە ئەگەر باسێکی وای لای عەبە پولەکیی مێردی بکردایە لەوانە بوو هەر لەناو ئەو هەموو خەڵکە و لە بەرچاوی هەموویان خۆی بدایە بەرچەپۆک و ئابڕووی ببردنایە. لەبەر ئەوە سەبری ئاقڵانەیە و لەسەرخۆ ئەو شتانەی بە دزیی ئەوەوە کڕیبوونی. لەژێر جلوبەگی خۆی و منداڵەکانیان شاردبوونیەوە، لە کاتی پشکنینی فرۆکەخانەکەشا توانیبووی دیزەبەدەرخونەیان بکا و نەهێڵێت بەر چاوە پاقلەکانی عەبەی مێردی بکەوێت، بۆیە سەری ئاسوودە بوو، سووک بووبوو، بە کەیفی خۆی بە دزییەوە شتەکانی دابەش ئەکرد بەسەر خزم و ئاشناکانیا، هەرچەندە کەمیش بووبن، ئیتر ئەوەی لەدەستی دەهات و بە دزیشەوە دۆلاری چاکی دابوو بە باوکی، ئەویش بەسەزمانە ئەیکرد بە خواردن و مەسرەف و ئەینایە بەردەمیان. عەبە پولەکیش لەسەر سفرەکە بۆی دائەنیشت و قۆڵی لێ هەڵئەماڵی و ئەکەوتە پاروتێگلاندن، بێ ئەوەی هەر بیرێک بکاتەوە کە ئەمە لە کوێ و چۆن وا پەیا ئەبێت. وا ئەخرێتە بەردەمی کە دونیاش ئەوەندە گرانییە و خەڵکیش ئەوەندە حاڵیان خراپە.

ئەم چەند خەڵکانەی ئەهاتن بۆ لایان هەریەکەیان ڕووداو و باسی وایان ئەگێڕایەوە کە دڵڕەقترین کەسی ئەهێنایە گریان و چۆن خێزانی وا هەیە تەنیا ژنێک و مناڵێکیان لێ ماوەتەوە، تاوەکو ئەو پیرەمێرد و پیرەژنەی چوار کوڕ و بووک و شەش نەوەیان بە جارێک بە زیندوویی لە بەرچاوی خۆیان ژێر بلدۆزەر خراون و لەگەڵ خۆڵ و قوڕ و بەردی دێیەکان تێک شێلراون و ئەو پیرەمێرد و پیرەژنە نەوەد ساڵە سکسووتاوانەن لە کوێ ئەژین و لە چ کونجێکی یەکێ لە ئۆردوگاکان خراون، پیر فەقیر بێکەس چاو بە فرمێسک.

هی کەیان باسی هەتیوی بێکەس و بێ سەرپەرشتی ئەگێڕایەوە کە چۆن هەندێکیان لە کۆڵان و سەرجادە و پەنا و پاساری مزگەوت و

ناو مزگەوت ئەنوون، بە ڕۆژیش بەو منالی و تەمەنی دە و دوازدە سالییەوە ئیش ئەکەن، یا هەندێکیان سوال ئەکەن و بۆ ئەوەی پارووەنانێک بخۆن، یاخود بەشێکی زۆریشیان تووشی خەلکی بەدخوو و خراپ دەبن، کە فێری دزی و هەزار جۆری بەدخووییان دەکەن. حکومەتی کوردستانش دەستەوەستان و بێدەسەلات زەقزەق سەیریان ئەکات، کە هەرچەندە زۆر هەول ئەدات چارەسەرێک بدۆزێتەوە، بەتایبەت بۆ ئەو جۆرە مندالانە، بەلام توانای ئەوەی نییە، چونکە حکومەت دەرامەتی نییە و یەکێکی تر لەولاوە هەلیدایە و گوتی: وەلا خۆ زۆر ڕێکخراوی خێرخوازی ولاتان و مانگی سووری تورکی و خێرخوازانی تر زۆر یارمەتیی ئەو کامپ و ئۆردوگایانە ئەدەن. هەروەها (مندالپاریزیش) زۆر چالاکانە خەریکی چارەسەردۆزینەوەیە بۆ ئەو جۆرە مندالە بێکەسانە، بەلام خەلکە لێقەوماوەکە زۆرن، بۆیە دەرەقەت نادەن بەتایبەتی، چونکە ئارامی و ئاشتی نەماوە و وا بۆ دوو سال ئەچێت کە ئەم شەڕ و ئاژاوەیە سەری لە حکومەت و خەلک و ڕێکخراوی خێرخوازیش شێواندووە.

ئەوی تر لەولاوە هەردوو دەستی ئەدان بەیەکدا و بە توندی ئەهاتە قسە و ئەیگوت:

ئۆبالی ئەمە هەمووی ئەچێتە ملی ئەو کەسانەی کە حەز ئەکەن ئەم وەزعە هەر وا بمێنێ. تۆ هەر ئەوە بلێ ئەگەر ئەم مەسرەفەی ئەم هەموو ماوەی شەڕە بە هەردوو لا چ یەکێتی چ پارتی لەسەر شەڕ و جەبهە و تەقە و بۆ ئەو جۆرە شتانە بەکارهاتووە، ئەگەر بۆ ولات و حکومەتەکە سەرف بکرایە، ئێستە کوردستان وا ئاوەدان ئەبوو، کە ببێت بە بەهەشت و حکومەتیش وا بەهێز و پتەو ئەبوو، کە دوژمنەکانی ئەوەندە بەغیلیی پێ بەرن تاوەکو شەقیان ئەبرد. کابرا جارێکی تر هەردوو دەستی ئەدایەوە بەیەکا و سەرێکی ڕائەوەشاند و ئەیگوت:

بەڵام فایدەی چی نەیانهێشت ئاواتی ئەم میللەتە هەژارە بێتە دی و هەندێ چاوی ڕوون بێت بە حکومەت و پەرلەمانەکەی.
کاک دڵشاد تاقەتی لەم قسانە چوو، چونکە حەزی لە باسی سیاسی نەبوو، بۆیە ویستی کۆتایی بەم دەمەقاڵێیە بێنن، بۆیە بە بێزارییەوە هەندێ سنگی بردە پێشەوە و گوتی:
باشە کە حاڵەکە وایە ئەڵێن نازانم حەڤدە یان هەژدە حزبی کوردستانی هەن، بۆچی ئەوان و خەڵکەکە ئەمە قبوڵ دەکەن؟ با هەموو هەستن و دەست بکەن بە چاوی خەتابارا و هەموویان بچنە سەیان، هەرکامێکیان بێت بڵێن خەتای تۆیە و وەکو ئەڵێن (الساکت عن الحق شیتان اخرس).
یەکێ بە تەوسێکەوە وەرامی دڵشادی دایەوە و گوتی:
جارێ حزبە کوردستانییەکان ئەڵێی ئەوان ڕۆژیانە، چونکە هەر چەند کەس و زەلامێک حزبێکی دروست کردووە و بۆخۆی لە هەردوو لا وەرئەگرن و ئەچنە لای یەکێتی ئەڵێن خەتای پارتییە و ئەچنە لای پارتی ئەڵێن خەتای یەکێتییە، هەر هەموویان ترسنۆک و مەسڵەحەتچی، چاو لە هەموو شتێک ئەپۆشن. چاوی خۆیان ئەنوقێنن و هیچ مەوقیفێکیان نییە، خەڵکەکەش چی بکەن؟ زۆر کەس خۆپیشاندانیان کرد، بە پێ کەوتنە ڕێ لە شارانەوە بەرەو سەلاحەدین و هەولێر هەندێ خەریک بوون ویستیان خۆیان بسووتێنن و مانیان گرت، بە پێچەوانەی ئارەزووی کاک دڵشادەوە، هەر ئەوەندەی زانی دەمەقاڵێیەکە گەرمتر بوو، بەتایبەتی کە میوانی کەش هاتن، لای ئێوارە دڵشاد مات و تووڕە دیاربوو، لەژێر لێوەوە هەر ئەیبۆڵاند. براکەی تاریکوڕوون هاتە ماڵەوە و سەلامی لە جەماعەت کرد و سەیرێکی براکەی کرد و گوتی:
ئەوە چیتە بۆ وا تووڕە دیاری؟ ئیمڕۆ میوانتان زۆر بوو؟ دڵشاد شانێکی هەڵتەکاند و ڕووی قسەی کردە براکەی کە لە خۆی گەورەتر بوو. مدیرێکی زۆر چالاک و بەدەستوبرد بوو، لە یەکێ لە

قوتابخانەکانی شار و ئێستە لەبەر نەبوونی و کەمدەرامەتی ناچار بووبوو بۆ خۆی عەرەبانەیەکی تەختەی دەستی پەیدا کردبوو، میوە و شتی وای ئەفرۆشت، بەتایبەتی کە وچانی هاوینیشی بوو. دڵشاد گوتی: کورە کاکە مێشکمان نەما، تاقەتمان چوو، هەر کەسێ دێت وەکو فاتیحەدادان دەستی پێ ئەکات و ئەکەوێت باسی ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێن و باسی موسیبەت و نەگبەتی و خەڵکی سەقەت و خەڵکی ئاوارە و دایکی شەهید و باوکی شەهید.
وەڵا وەڵا وام لێ هاتووە هەر خۆم بشارمەوە لییان و بڵێم بڵێن لە ماڵ نییە، سەفەری کرد.
ڕۆیشت مرد بەرۆکی بەردەن.
سەربەست خۆی بەردایە سەر کورسییەک و دانیشت و زۆر لە هیلاک ئەچوو. بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:
ئەی لە ڕێگا چیم پێ گوتی؟ نەمگوت قسەی خۆش نەماوە و کەس قسەی خۆشی پێ نییە؟ سەربەست دەسڕەکەی بە دەموچاوی خۆیدا هێنا و ئارەقەی سڕییەوە و گەتی:
کوڕی باوکم ئێوە لەو دوورییەوە ئاگاتان لە چییە؟ بۆچی ئەزانن ئەم میللەتەی ئێمە چیی چێشتووە و چیی دیوە و چیی بەسەرهاتووە؟ پێش ڕاپەڕینەکە ئەوە باس مەکە، هەموو کەس ئەزانێت کە چەند ساڵە و لەدوای ١٩٧٥ میللەت خەریکی چ شەڕێک بوو، چۆن بەرامبەر دڕندەترین و بەهێزترین سوپا و لەشکر شەڕی ژیان و مردنی ئەکرد. ئەو هێز و سوپایەی کە لەدوای داگیرکردنی کوەیتا سیوپێنج دەوڵەت هاتن بەرامبەری ڕاوەستان، ئنجا دوای شەش حەوت مانگ و بە وچان و هەنگاو بە هەنگاو توانییان هێرش بەرنە سەری، ئەویش بە هەزار دوودڵییەوە ئا ئەو لەشکر و سوپا و هێزە هەژدە ساڵ بوو بەرامبەر بە هێزی میللەت کە هێزی یەکێتیی نیشتمانی بوو، ڕاوەستابوو. میللەت لە شەڕدا بوو لەگەڵیا. لەدوای ڕاپەڕینە پیرۆزەکەشدا ئەوە مەگەر دوو سێ کتێب بە تەنیا بتوانێت باس لەو

ڕووداوانە بکات و باسی ئەوپەڕی فیداکاری و ئازایی و قارەمانیەتیی ئەو خەڵکە دڵسۆزە بکات.

ئەگەر کەسێک بیەوێ باسی یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین و داگیرکردنی ئەمنە سووتاوەکە و هەرەسپێهێنانی لەشکری حکومەتی بەغدات بۆ بکات، ئەوە چەند شەو و ڕۆژێکی ئەوێت لە کەرکوکی دڵی کورد و هەولێری دلێر و ئازا و بادینانی خۆشەویست و هەموو شار و شارۆچکەی کوردستانی شیرین.

تۆ چاوەڕوانی قسەی کەس نەبیت، لەو قسانە زیاتر ئێستە ماندووە، برسییە، بێ دەرمانە، دڵی پڕە لە نائومێدی، تووڕەیە. لەم شەڕی ناوخۆیە. لەگەڵ ئەوەشا ئەڵێن رازیین و پێمان خۆشە تەنیا نانی ڕووت هەبێت ئەیخۆین و سەدامامان ناوێت، جارێکی تر دەستەودائیرە پیاوکوژ و جەربەزەکانی خاکی کوردستان گلاو نەکەنەوە. ئیتر هەموو شتێکی تری پێ هەڵەگیرێ و قبوڵ ئەکرێ.

دڵشاد بەم قسانە ئەوەندەی تر ناوچەوانی دایەوە بەیەکدا و بە بێزارییەکەوە ڕووی کردە ئاسکەی ژنی و گوتی:

ئەرێ ئەوە منداڵەکان لەکوێن، لە دوێنێوە هەر ئەم بەیانییە لە کاتی بەرچاییکردنا باش دیومن. ئەوەتەی هاتووین هەر نایانبینم. ئەوە لە کوێن؟

ئاسکە خان منگەمنگێکی کرد و گوتی لەگەڵ کچەکەی مەلیحی خوشکم لە ماڵی ئەوانن، ئەوانیش منداڵی خزممان دێن بۆ لایان و ئەیانبەنە بازاڕ و ناوشاریان ئەگێڕن. ئەی چی بکەن لێرە؟ منداڵی وەکو خۆیانی لێ نییە، تاقەتیان ئەچیت.

دڵشاد دەستی دا بەیەکا و گوتی:

ئەترسم لای ئەوانیش هەر ئەم قسەوباسانە بگوترێ. بە ڕقێکەوە گوتی؛

ئینشائەڵڵا چاک ئاقڵیان ئەکەن بۆت، چاوت ڕوون. ئاسکە خانی لێ ڕاپەڕی و بە توندی گوتی:

ئەوە چیتە ئەوەندە بێزار و تووڕەی، بۆ هاتی؟ با هەر لە سەیران و گەڕانی سوید بویتایە، کەس تەلگورافی نەناردووە بەدواتا. دە بڵێن چی وڵاتەکە و میللەتەکە ئەمە حاڵ و گوزەرانیانە. قوڕ بەسەریان نەبێت، تاقەتمان نەبێت گوێشیان لێ بگرین؟
دەک خەجاڵەت بن یاخوا. لەو ڕۆژەوەی هاتووم کە چاوم بەو خەڵک و خزم و کەسانەم ئەکەوێت، ئەبم بە تنۆکێ ئاو. ئەوەندە تەریق ئەبمەوە و ئەوەندەش خەفەتیان بۆ ئەخۆم، بێقەزابی تۆش ئەتەوێت هەر کەسێک هات بۆ لامان چەقەنەت بۆ لێ بدەن و باسی سەما و شاییت بۆ بکەن. ئاسکە خان بە بڕوا و خۆشییەکەوە گوتی:
بەخوا ماشائەڵڵا ئەم خەڵکە بەغیرەت و بەسەبرن. ڕۆحم دەرچێت بۆیان ئەوەندە زروفی ناخۆشیان دیوە، تیایا قاڵبوون.
لەو کاتەدا شەرمن خانی هێوەرژنی هات کە سفرەکە ئامادە بکات بۆ شێوخواردن، کە گوێی لە ئاسکە بوو ئەو قسانە ئەکات، پێکەنی و گوتی:
ئەرێوەڵڵا خەڵکەکە ڕاهاتوون بەم وەزعە وەکو شتێ: هەمووومان بێعار بووین. بێعار. شەرمن خان دایە پرمەی پێکەنین و گوتی:
وەکو مەسەلەی کابرامان بەسەر هاتوو کە ئەڵێت (بێعاریان خستە دەریاوە گوت تەڕ تەڕ نەباشەت) هەرچۆنێک بێت خوا خراپتر نەدات، خەڵکەکە بە هەموو شتێک شوکورە، جەربەزەکانی سەدام نەبێت.
بەیانییەکیان عەبە بە گوڕ هەستا و بە پەلە خۆی کۆکردەوە و هەر زوو لەسەر سفرەی بەرچایی دانیشت و ڕووی کردە ژنخوشکەکەی و گوتی:
نەزیرە خان خێری باوکت چایەکم بۆ تێکە، هەندێ پەلەمە ئیشم هەیە.
نەزیرە خان کە خەریکی ئامادەکردنی سفرەکە بوو، بە خۆشییەوە گوتی:
وەی بەسەر چاو هەر ئێستە بۆت تێئەکەم.
سەبری خان لە دەست و دەموچاوشتن گەڕایەوە بۆ لایان و ڕۆژباشی لێ کردن، بە سەرسووڕمانەوە سەیرێکی عەبەی مێردی کرد و گوتی:

ئەوە خێـــرە وا بەم بەیـــانییە زووە هەســـتاویت و وا بە پەلە خـــۆت گۆڕی؟ ئەوە ئەچیت بۆ کوێ؟
عەبە عەیـنەکە زەڕەبینییـیەکەی داگـرت لە چـاوی و دەسـتی کـرد بە هەڵمپێوەکردن و سڕینیان بە لکی دەسرەکەی و بەدەم ئیشـەکەیەوە گوتی:
هەنـدێ بـرادەر دێـن بەدوامـا ئەچـین سـەیری یەک دوو خـانووی تـر ئەکەین. شەوێ پێیـان گوتم کە یەک دوو خانووی زۆر چاک هەیە لە تووی مەلیک، بـا بچـم سـەیری ئەوانیش بکەم. ئەو نـاوەم زۆر حەز لێیە، ئەگەر باشتر بوون لەو خانووەی کە دامنـاوە بیکڕم، ئەوا یەکێ لەوانەی تووی مەلیک ئەکڕم لەجیاتی.
سـەبری خـان هەر وا ڕاوەسـتابوو، سـەیری ئەکـرد و حەزی ئەکـرد ئەگەر بەدەستی بوایە و شەرم نەبوایە ئێستە ئەو سفرە و بەرچایی و ماستەی بکردایە بە سەریا، بەڵام زۆر لەسەرخۆ بە ئاسایی گوتی:
ئنجا ئەم پەلەپەلەی بۆ چییە؟ هێشـتا هەر سـێ ڕۆژە لێرەین، دوایـی بەم بەیانییە زووە چۆن هەڵئەکوتنە سەر ماڵی خەڵک بۆ سـەیرکردنی خـانوو؟ هێشـتا سـەعات حەوت نەبـووە، ئەوەتەی هـاتووین خـزم و ئاشـنا دێـن بـۆ لامـان و تـۆ هەر لە مـاڵ نیـت و هەر یـانووت بـۆت ئەدۆزینەوە کە چوویتە بۆ کوێ، حەیامان چوو ئەڵێی بۆ بازرگانی و تیجارەت هاتووی.
عەبە عەیـنەکەکەی کـردەوە چـاوی و دەسرەکەی قەد کـرد و خسـتیە گیرفانیەوە و هەندێ خۆی خڵافاند، ئەتگوت بۆ قسەیەکی کتیی بە چی ئەگەڕێت تاوەکو وەرامی ژنەکەی بداتەوە، ئەگەرچـی هەمیشـە بیانوو وەرام قسەی ئەو حازر بوو، لەسـەر پێ بوو کە وەرامـی خەڵکی پێ بـداتەوە. هەرچەنـدە ئەو خەتابـاریش بـوایە، دەسـتبەجێ ئەو کەسـەی دەمکوت دەکرد و هێشتا قەرزارباریشـی ئەکرد، ئەوەندە مشتومڕکەر و کەلـلەڕەق و قیرسـیچمە بـوو، بـۆیە لەسـەرخۆ سـەری هەڵبـڕی و

بەدەم فڕلێدانی پیاڵە چایەکەی دەستی، وەرامی سەبریی ژنی دایەوە و گوتی:
ئەمە تۆ لەکەیەوە وا بووی بە شێخی سەنعان و وا دڵت پڕ بووە لە بەزەیی و خەمی ئەو و ئەو و بۆچی حەیامان ئەچێت؟ خۆ دزی ناکەم، خەڵک خانوو ئەفرۆشێت و پارەیان نییە و من پارەم هەیە و لە دەرەوە هاتووم، ئیشم کردووە و پارەم پەیدا کردووە و ئێستە خانوو ئەکڕم. ئیتر قسەی زل و ئەمبەر و ئەوبەری پێ ناوێت.
سەبری کە هەر لێوی خۆی ئەکرۆشت و حەزی نەئەکرد بەو بەیانییە زووە لەبەر دڵی باوک و خوشکە بێوەژنە دڵشکاوەکەی کە هەمووی چەند مانگێک بوو مێردەکەی شەهید بووبوو و سێ منداڵی هەتیوی بەسەردا کەوتبوو هاتبووەوە سەر مالی باوکی، دوای ئەوە دایکیشیان ئەمری خوای کردبوو، بۆیە سەبری زۆری لە خۆی کرد کە دەنگ هەڵنەبڕێت، بۆیە لەسەرخۆ گوتی؛
قەیناکا خانوو ئەکڕیت و دزیت نەکردووە، بەڵام تۆ لەو ڕۆژەوەی گەیشتوویە شار هەر هەناسەیەکت نەدا کەوتیتە سەیرکردنی خانوو و فەرشکڕین و سەماوەر و مسی کۆن و کەلوپەلی ئەم خەڵکە داماوە. وەڵا ئەم کارە دڵێکی قایم و ڕوویەکی قایمتری دەوێت.
عەبە لەوان جیابووەوە، جگەرەیەکی داگیرساند و خستیە بەینی لێویەوە. هەستایە سەرپێ و بێ گوێدان بە قسەکانی سەبری، مژی لێ دا، چووە ژووری دانیشتن، بەدەم بۆڵەبۆڵەوە کە سەبری ئەم چەند قسەیەی بەرگوێ کەوت، کە گوتی؛
تۆ بۆخۆت بڵێ؛ من چۆن ئەم هەلە لەکیس خۆم ئەدەم؟ سەبری لە دڵی خۆیدا دوعایەکی لە سەبەبکاری ئەم وەزعە کرد و گوتی:
ڕەبی مالّی ئەوانەش وا هەڕاج و مەزاد کرێت کە ناهێڵن ئەم خەڵکە هەژارە بحەسێتەوە. تۆش حەواڵە بە خوا بیت، پولەکیی قیرسچمە. ئەوەی گوێی لێ بێت کە ئەڵێت لە دەرەوەی وڵات ئیشت کردووە و پارەی پەیدا کردووە، وا ئەزانێ لەوێ سەرۆک وەزیری، نەگبەت ئاخر

لەوێ تۆ دەرگرانلا کارگەی ڕەنگی خانوو بینای ئەوەندە بۆنی ئەو شتانە ئەچوون بە سنگ و لووتتا، هەموو ئێوارەیەک بە دەمولێوی ئاوساوەوە دێیتەوە ماڵێ و کە ئەڵێن واز لەم ئیشە بێنە، ئەڵێیت نا... مانگانەکەی زۆرە وازی لێ ناهێنم، کەچی ئێستە وا خۆت نیشانی ئەم خزم و کەس و ئاشنایانە ئەدەیت و وا بە فیز قسەیان لەگەڵدا ئەکەیت، هەر وەک لە سوید چکێ لە خوار مەلیکەوە بووی.
سەبری دەستی دا بەیەکدا و بەژێر لێوەوە گوتی؛
وای ئەمان لەدەست خو و ئەتوار و ڕەزیلیی ئەم کابرایە.
ئێوارە عەبە گەڕایەوە ماڵێ، بە کەیف و دڵخۆشی یەک دوو خزمی بەدواوە بوون. هەر خواخوایان بوو کە بێدڵی نەکەن و ڕاسپاردەکانی بۆ جێبەجێ بکەن. عەبەش وا خۆی گیڤ کردبوو بەسەریانا، وا بە نەسیحەت و کتێبی قسەی لەگەڵ ئەکرد، هەو رەک ئەوەی نیشانی بدات کە ئەو ئەوروپی و دنیادیدەیە و ئەوانی دەوروپشتی هەموو دواکەوتوو و لادێی و نەخوێنەوار بن.
عەبە بە بزەیەکەوە سەرکەوتووانە سەیرێکی ژنەکەی کرد و گوتی:
ئاخری خانووەکەی تووی مەلیکم کڕی و هەموو شتێکم تەواو کرد، بەم زوانەش تاپۆ و ماپۆ گۆڕین و پارە و هەموو شتێک تەواو دەبێت. سبەینێ بڕۆن سەیری بکەن، هەر خەڵک دڵی ڕوون ئەبتەوە بەو باخ و حەوشەیەی بەو دیمەنە جوانانەی هەر بە جارێک هەموو شاخی گۆیژە و ئەو ناوە لە بەردەمتایە. هەر ژوور و باڵکۆنێکی ئەڕوانێتە سەر دیمەنێک، کە یەک لە یەک جوانترە.
بەڕاستی خانوویەکی تۆکمە و چاکە. هەر دوو سێ حەمام و ئاودەستی تیایە لە چین سەری و چین خوارێ، بەڕاستی بڕوام نەئەکرد خانووی وا خۆش لە سلێمانیدا هەبێت.
پیاوەکەی خزمی کە لە بەیانییەوە بەدوایەوە بوو، زۆریش ئەرکی کێشابوو، هیلاک دیار بوو، هاتە قسە و گوتی:

ئاخر خانووەکەی زۆر بەدڵ و گیان بۆ خۆی دروستی کردبوو، کاتی خۆی دوو خانووی کۆنی باوکی فرۆشت لەبەر خاتری ئەم خانووە، بەڵام ئێستە ناچار بوو کە بیفرۆشێت، چونکە حاڵی زۆر خراپە و هیچی نەماوە. هەرچییەکی هەبوو هەر فرۆشتی. یەکێکی تر لەو خزمانەی هەڵیدایە و گوتی:

چاوتان لێ نەبوو هەر خەریک بوو بگری، ئەوەندە دڵی بە خانووەکەیەوە بوو. تا ئێستە دوو سێ جار گوتبووی کە وا ئەیفرۆشێت، دوای پەشیمان ئەبووەوە. خێزانێکی زۆریشی هەیە. ئاخۆ لە کوێ جێیان بێتەوە؟

سەبری خان لەجیاتی دڵی خۆش بێت، کە مێردەکەی خانوویەکی وا بەناوبانگی بۆ کڕیون، کەچی بە پێچەوانەوە دڵی پێوەی نەبوو، گوتی: ئاخۆ ماڵ و منداڵەکەی چەندیان پێ ناخۆش بووبێت؟ چەند گریابن؟ ئنجا کێ بە خانووی دڵی خۆش بێت و بوێرێت بچێتە ناوی، کە ئەوەندە خاوەنەکەی چاویان لەدوو بێت و دڵیان پێوەی بێت؟

عەبەی مێردی نەرمەکۆکەیەکی کرد و گوتی:

بۆچی ناوێرم بچمە ناوی، خۆ بەزۆر لێم نەسەندووە. منیش نەبوومایە یەکێکی تر هەر دەیکڕی.

سەبری لەژێر لێوەوە گوتی:

مەگەر لەسەر قسە پەکی ئەکەوێت. باشە شوکور لێرە ناژین، چەند ڕۆژێکی تر ئەگەڕێینەوە سوید، ئەگینا بەخوا قەت نەئەچوومە ناو ئەو خانووەوە و شەوم نەئەکردەوە. زۆر لە شتی چاولەدوو ئەترسم.

عەلییە فەندی باوکی سەبری هاتە قسە و گوتی:

دەی تازە کڕیوتانە پیرۆز بێت، دەردی دەڵێن تۆ نەتکڕیایە یەکێکی تر هەر دەیکڕی. بۆ خاوەنەکەشی خوا گەورەیە ئینشائەڵلا ئێستە وەزع باش ئەبێت و ئەگۆڕێت، خێر و بەرەکەت وەک جارانی لێ دێتەوە. خۆ تا دونیا دونیایە وەزع وا نامێنێ. خوا هەزار چەرخی لایە، ئەو خاوەن موڵکانە، ئەو کەسانەی جاران تێروتەسەل بوون، ئێستە بۆیە وایان لێ

هاتووه، چونکه موڵکەکانیان هیچ ناکات و کریێ هەر هیچ نییە. ئێستە بڵێین یەکێ لەو خاوەن موڵکانە بیست دوکانی هەیە و چوار خانووی هەیە، بە کریێ دوکانەکان کاتی خۆی بڵێین بە پەنجا دیناری داوە، کە دە کولێرە ئەکات و سەد دیناریش دوو کیلۆ گۆشت ناکات، ئاخر بۆیە وایان لێ هاتووە، لەبەر گرانیی دابەزینی دینار بۆ نزمترین نرخ، کە هەر بووە بە پەڕۆی بێکەڵک. خوایە ئەم حەقە لە سەدام و جەربەزەکانی بسێنی، وەکو ئەم دونیایەیان وا لێکرد.

پێش شەڕی ئێران و عێراق و داگیرکردنی کوەیت دیناری عیراقی وا بەهێز و بەقووەت بوو نەبێتەوە، کە ئەوکاتە کاکە قالەم بەڕەحمەت بێت بە نەخۆشی کە بردیان بۆ لەندەن یەک دیناری عێراقییان ئەگۆڕییەوە بە دوو پاوەنی ئەوێ. هەر هەزار دیناریان ئەگۆڕییەوە بە دوو هەزار پاوەن. ئا ئەوها دینار بەقیمەت و بەرز بوو. سەبریی کچی دەستی دا بەیەکا و بە زەردەخەنەیەکی بێتینەوە گوتی:

حەی وەڵا ئێستە ئەگەر دیناری عێراقی ببینن لە ئەوروپا، هەر ئەو کەسە دەرئەکەنە دەرەوە لە بانق و ئەو شوێنانە، هەر کێ ڕووی دێت ناوی دیناری عێراقی بێنێت، لە سایەی سەری سەدام بەگەوە؟

ئاسکە خان ئەو ئێوارەیە لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی لە ماڵی مەلیحەی خوشکی دانیشتبوون، لەدوای ئەوەی ئەو ڕۆژە لە بەیانییەوە بەسەر ماڵە خزم و کەسدا گەڕابوون و سەری چەند نەخۆش و پیر و خزم و کەس و ئاشنایان دابوو، هەروەها خوشکێکیشی لە کەرکوکەوە هاتبوو، کە بیستبووی ئاسکەی خوشکی هات و بەتایبەت چەند ساڵ بوو لەیەک دوورکەوتبوونەوە. چەند ناسیاوێکی تریشیان هەر لەو دانیشتنەدا بوون و بە هەموویان گوێیان شل کردبوو بۆ قسەکانی ئەختەر خان، کە ڕۆژێ لەوەوپێش لە کەرکوکەوە هاتبوو.

ئەختەر خان نزیکی پەنجا ساڵ بوو، چاونەترس و ئازا، خەباتکەر و میللەتپەرست، بە پێچەوانەی ئاسکەی خوشکی، کە ترسنۆک و کەمتەرخەم و خۆپەرست، خۆدوورخەر لە هەموو جۆرە سیاسەت و

کوردایەتییەک. کاتی خۆی زۆر جار لەسەر ئەو جۆرە ڕەوشتانە ئەچوو بەگژ ئاسکەی خوشکیدا و هەندێ جار بە مانگ قسەی لەگەڵ نەئەکرد. بەڵام ئێستە لەدوای ئەو هەموو ساڵە و دوورییە لەیەک، هاتبوو چاوی پێی بکەوێت.

ئەختەر خان لە کەرکووک ئەژیا، لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی هەرچەندە تێکڕا خۆی و خێزانەکەی زۆریان ئەزیەت ئەبینی بەدەست جەربەزەکانی حکومەتی بەغداوە، بەڵام کۆڵیان نەئەدا. لەگەڵ بەشی هەرە زۆر کوردی وەکو ئەوان هەمیشە بە دەیان جار گرتن و زیندان و ئەشکەنجە و ئازاریان ئەکێشا و شارەکەیان چۆڵ نەئەکرد، تاوەکو گەیشتبوونە ئەوەی پێش ڕاپەڕینەکە مێردەکەی، کە خاوەنی دوکانی کوتاڵ بوو لە ئیمام قاسم، بگرن و لەژێر ئەشکەنجەدا بیکوژن، یەک دوو جار خۆشیان گرتبوو و بەرەڵایان کردبوو. دوو کوڕی هەر زوو چووبوون، بووبوون بە پێشمەرگە و چووبوونە ڕیزی خەباتکارانی کورد و کوردستانەوە، بەڵام کوڕە گەورەکەی هەر لە کەرکوک مابوو و خاوەن نانەواخانە بوو. هەرچەندە ئەویش دوو سێ جار گیرابوو، بەڵام زوو بەرۆکیان بەر ئەدا. لەدوای ئەوەی هاوڕێیەکی قوتابخانە و هاوتەمەنی منداڵیی کە کوڕی پیاوێکی زۆر ناسراو بوو، تکای بۆ ئەکرد لە لای باوکی و هەر زوو حەسەن بەرئەدا، حەسەنیش سەری خۆی کز کردبوو. لە ژێریشەوە چیی بویستایە بەهۆی دایکیەوە دریغیی نەئەکرد لە خەبات و یارمەتیدان بە هەموو جۆر و چەشنێک، ئەویش پشتئەستوور بەو هاورێ پیاوچاک و مەردەیەوە، کە باوکی لە زۆڵە کوردەکانی سەر بە حکومەتی بەعس بوو و شەرەف و ناموسی هەمووی فرۆشتبوو بە کورسییەکی لەقی پڕ ڕسوایی و شەرمەزاری و لە یەکێک لە وەزیفە گەورەکانی بەعسدا کاری ئەکرد، بەڵام کورەکەی بە پێچەوانەی خۆی زۆر میللەتپەرست بوو، بە بێدەنگی ئەو کارانەی بۆ حەسەنی هاوڕێی ئەکرد و زۆر یارمەتیی خۆی و هەڤاڵانی ئەدا.

ئەختەر خان بە خۆشی و گەرمییەوە ڕووی کردە ئاسکەی خوشکی و گوتی:
ئەزانی خەریکم باڵ ئەگرم لە خۆشیانا کە تۆ وەکو ئەوسا نەماوی و ئێستە لەوەدەچێت بیرورِات گۆرِابێت. دیارە غەریبی کاری تێکردوویت؟
ئاسکە پێکەنی و دەستی کردە ملی خوشکی و گوتی:
بەخوا مەسەلە غەریبی نییە، لەویٚ وا نەبووم و هەر ئەمگوت ئێمە حەقی سیاسەتمان نییە، بەڵام هەر پێم خستە سەر ئەرزی کوردستانی خۆمان، چاوم بەو هەموو دێهاتی وێرانکراو و منالی ڕەشوڕووت و سیس و ڕووتەڵە کەوت، هەر بە جاریٚ شێت بووم و بووم بە بەشەرێکی تر و ئەوەتەی هاتووم فرمێسک لە چاوم نەبڕاوە، لەتاو ئەو قسە و باس و ڕووداوە دڵتەزێنانەی بۆم ئەگێرِنەوە. ئاسکە دەستی کێشا بە سنگی خۆیدا و سەری راوەشاند و گوتی:
وەی وەی ڕۆحم دەرچیٚ بۆ ئەو منداڵە کز و ڕووتەڵانە، بەخوا ئەوان هەر بە جاریٚ شێتیان کردووم و بکرایە پارووەکەی دەمم دەرئەهێنان و ئەمخستە دەمیانەوە. گیانم دەرچێت بۆیان بەم گەرما و قرچەی هەتاوە سەیر ئەکەیت منداڵی حەوت هەشت دە دوازدە ساڵە لەسەر ئەو ڕێگای ئۆتومبێلانە و لەسەر ئەو ڕێگاوبانانە ڕاوستاون. یەکی خاکەنازێک یا شتێکی پێیە و گوایە چاڵی ڕێگاوبان پڕ ئەکەنەوە. هەر بۆ ئەوەی بەشکم ئۆتومبێل ڕاوستێت و کەسێک شتێک بخاتە دەستیانەوە. ئاسکە چاوی خۆی سڕییەوە لە فرمێسک و گوتی:
دیمەنی ئەو منداڵانە بەجارێک دونیایان لە بەرچاو خستووم و چوونە دەرەوە و گەڕانیان لیٚ کردووم بە ژەهری مار.
دڵشادی مێردی کە دیسان ئەم قسانەی پیٚ ناخۆش بوو و دەسەڵاتیشی نەبوو، لەبەر دانیشتوان و بەتایبەت ئەختەر خان کە لە دەمێکەوە ئەیناسی، کە چەند خەباتکەر و چالاک بوو، کاتی خۆی چەندەها جار شەڕیان لەسەر ئەوە بووە کە خۆی و ئاسکەی ژنی بە

پێچەوانەی ئەو بوون، بۆیە نەیتوانی هەموو بێزاریی خۆی دەربڕێت، تەنیا دەستی جولاندەوە و بە ئاستەم لەسەر جێگایەکەی هەڵبەزی و گوتی:
ئەڵێن ئەو مندالانە ئەو کارەیان کردووە بە کاسپی. هەر ئۆتومبێلێک ئەبینن لە دوورەوە دێت دەست ئەکەن بە چالپڕکردنەوە. کە ئۆتومبێلەکە تێئەپەڕێت چاڵەکە بەتاڵ ئەکەنەوە بە ئۆتومبێلێکی تر.
ئەختەر خان هەڵیدایە و بە گەرمییەوە گوتی:
ئۆوە گیانم دەرچێت بۆ خۆیان و بۆ ئەو کاسپییە جوانەیان کە هەر لە بەیانی زووەوە ئەوان بەو تەمەنە کەمەوە لەسەر ئەو ڕێگا و لەبەر ئەو قرچەی هەتاوە کە ئێمە ئەوتا لەبەر سێبەر و موبەڕیدە و پانکە ئۆقرە ناگرین، کە بەشکێکوم ڕێبوارێک چەند پول و دینارێکیان بداتێ، هاوڕێی ئەوان لە ولاتانی بەختەوەر ئێستە لە گەڕان و سیاحەت و سەیر و سەفادان، چونکە وچانی مەکتەب و لەبەر ئەوەی منداڵ بە درێژایی ساڵ لە مەکتەبن و ئەزیەت ئەکێشن ئەبێ وچانان کەیف بکەن و پشوو بدەن. ئەختەر خان دایە پرمەی پێکەنین و ڕووی کردە زاوای و گوتی:
خۆ تۆ لە سویدەوە هاتووی، ئەڵێن سوید بەهەشتی مناڵ و پیرە. ئەوە چۆن ئەبێ تۆ قسەی وا بکەی؟ ئیتر دانیشتوان هەندێ دەستیان کرد بە پێکەنین و هەندێ باسی جۆرێکی تر کاسپیی منداڵی کرد کە هەندێکی چەند خەتەرە و پڕە لە مەترسی بۆ ئەو جۆرە تەمەنە بچووکانە. وەکو دانیشتن بەم گەرمایە لە بەردەمی گاڵۆنە بەنزین، یا ئەوانی لە کەسوکاریان ڕایان کردووە، چونکە دایک و باوکیان ئەنفالکراون، خزمەکانیان ئەزێتیان ئەدەن و ئەیاننێرن سواڵیان پێ ئەکەن.
جەماعەت هەر کەس کەوتە گێڕانەوەی ڕووداو و باسێک تاوەکو شەو درەنگ دانیشتنەکەیان وا گەرم و پڕداستانی جۆراوجۆر بوو. ئاخری درەنگی شەو دڵشاد گەڕایەوە ماڵی سەربەستی برای ئاسکە و

منداڵەکانیش ئەو شەوە لە ماڵی مەلیحە خانی خوشکی نووستن، بە بۆنەی هاتنی ئەختەر خانەوە.
بەیانی هەرسێ خوشک و منداڵەکانیان لە دەوری سفرەی بەرچایی دانیشتبوون، باسی ئەوسای کۆنیان ئەکرد. جارێ ئەیاندایە قاقای پێکەنین، جارێکیش مات ئەبوون و چاویان پڕ ئەبوو لە فرمێسک.
ئەگەر باسی ڕووداوێکی ناخۆش یا بەسەرهاتێکی دڵتەزێن بکرایە.
ئاسکە خان فڕێکی لە چایەکەی دا، ڕووی کردە ئەختەری خوشکی و گوتی:
توخوا دڵمان تواوەتەوە لە باسی خەفەت و ڕووداوی دڵتەنگکەر. دە باسێکی تۆزێ خۆشمان بۆ بکەن.
ئاسکە خان بە شەوقەوە قسەکەی تەواو کرد و گوتی:
ئەرێ توخوا باسی ڕابیعە خانی هێوەرژنتمان بۆ بکە. باسی خزمانی کەرکوک، باسی خەیرییە خانی ئامۆزامان، چۆنن؟ چی ئەکەن؟ منداڵیان ژمارەیان گەیشتووەتە چەند؟ کێ شووی کردووە، کێ ژنی هێناوە؟ کێ ماوە؟ دوور بێ کێ چیی لێ هاتووە؟
ئەختەر کەوتە باسی خزمەکانیان کە کامیان لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا شەهید بووە و کامیان ماڵی تالان کراوە لە لایەن جەربەزەکانی بەعسەوە و کامیان ماڵیان داگیر کراوە و عەرەبیی تێخراوە و دراوە بە عەرەب. خەیرییە خانی ئامۆزایان دوو کوڕی پێشمەرگەیە و کچ و زاواکەی چوونەتە تورکیا بەنیازی ئەڵمانیا و لە تورکیا گیریان خواردووە و هەرچی ماڵ و حاڵیان بووە فرۆشتوویانە و داویانە بە قاچاخچی، کەچی ئێستەش لە تورکیا گیریان خواردووە و خەریکە پارەکەیان هەمووی نامێنێت.
مەلیحی خوشکیشی باسی یەک دوو خێزانی کرد لە سلێمانی کە ئەیانویست بڕۆن بۆ ئەڵمان و لەندەن و ئەو ناوە. ئەوانیش ماڵ و خانوو و هەموو شتێکیان فرۆشت و دایان بە قاچاخچی، قاچاخچی

هەمـوو پـارەکەی بـردن و ڕۆیشـتن و ئێسـتە گەڕاونەتەوە. دەسـت لە ئەژنۆ درێژتر.
ئەخـتـەر خـان هەنـدێ قسـەی بەو خەڵـکە گـوت کە ئەم چـوونەدەرە وڵاتەیـان کـردووە بە مۆدە و چـاولێکەری و کە وا بـۆ هەنـدێ سـەبر نـاگرن و دانانیشـن بە حەیـای خۆیـانەوە و ئەچنە ئەو شـار و وڵاتـانە چی ئەکەن.
ئاسـکە باسـی یەک دوو مـاڵی کـرد کە تـازە ئەوانـیش بە فێـڵ و قاچاخچی هاتوون بۆ سوید و چۆن ئەو ژن و پیاوە بەتەمەنانە دڵیان لەوێ تەنگە و خەریکن شێت بن بۆ دراوسێیەک، خزمێک، کەسێک، ئەو نەوعە کەسـانە نە ئیشـیان پێ ئەکرێت و نە ئەتـوانن فێری زمـان بـن، نە بەو جـۆرە عـادات و ئەتوارەنەشـیان ڕادێـن و پێیـان قـوت ئەدرێـت. باسـی ژنێکـی دراوسـێیانی کـرد کە چـۆن دوو کـوڕەکەی بەیانییان زوو ئەڕۆن بۆ سەر ئیش و شەو تاریک دێنەوە. ماڵێ و ئەو ژنە شێت ئەبێت تاوەکو ئەوان دێنەوە هەر ئەگرێت بە تەنیا، بەتایبەتی زستانان کە هەموو فەسڵ لە سوید زستانە، تەنیا سێ مانگێک نەبێت، بـاقیی هەمـووی بەفـرە و دار و بەرد و درەخـت هەمـوو هەر سـپی ئەچنەوە و لە سەعات دوو و سێی نیوەڕۆشەوە ئیتر شەو دەست پێ ئەکـات، دونیـا تاریـک دەبێـت. دە ئیتـر وەرە سـەیری حـاڵی ئەو ژنە غەریـبە بێزمـانە بـکە، ڕاسـتە حکـومەت پـارەی ئەداتـێ و لەگەڵ کوڕەکـانی خانوویـان دراوەتـێ و ئەگەر نەخۆشـکەوت و پەکـیکەوت حکـومەت ئاگـای لـێ ئەبێـت، ئەگەر زۆر پیـر بێـت، بەڵام ئەم پیـری وا نییە، عومری هەر شەست یا شەستوپێنج ساڵ ئەبێت. دە پێم بڵێن ئەو چی ئەکات لەو وڵات و غەریبییە؟ هەموو جارێک کە پێم ئەگات ئەڵێت: ئـۆو کاشـکی ئێسـتە لە کۆڵانەکـانی سـابوونکەران سـواڵم بکـردایە و لەناو ناسیاو و خزم و دراوسێکانم بمردمایە و لێرە نەبوومـایە. ئاخ چیم کرد بە خۆم.
ئاسکە خان لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

ئەوانەی لێــرەن وا ئەزانــن ئەوانەی ئەچــنە ئەو وڵاتــانە ئەکەونە بەهەشت و خۆشییەوە، ئەبن بە مەلیک. بە خوا زەلامی وات بۆ باس ئەکەم کە لێـرە ئەچـووە دەرێ، دە کەس ڕەنـگە بە دوایەوە بـووبن، ئێســتە لەوێ قــاپ ئەشــوات لە چێشــتخانەکان، یــا وەکــو دڵشــاد خزمەتکـارە. دکتـۆر و موهەنـدیس لەوێ سـایەق تاکسـی، شـاگر و سەوزەفرۆشـن. ئەی مـن بۆ نـاڵێی لە سـەعات پێنجی بەیـانییەوە بەو بەفـر و سـەرمایە ئەکەومە ڕێ، دوو سـێ پـاس و قیتـار ئەگـۆڕم تـا وەکـو ئەگەمە ئەو نەخۆشـخانەیە و پیرخـانەیەی ئیشـی لـێ ئەکەم و تاوەکو ئێوارە ئەگەڕێمەوە ماڵێ دەستم لەناو پیسایی ئەو پیرەمێرد و پیرەژنــانەدایە، ڕۆژی وا هەیە دە جــار ئەڕشــێمەوە تــاکو ســەریان ئەشـۆم و پاکیـان ئەکەمەوە. مـن و هاوڕێکـانم، ئاسـکە دایە پـرمەی پێکەنـین و گـوتی قسـەیەکەم هەیە کە سـفرەکە هەڵگیـرا ئینجـا بۆتـانی باس دەکەم، نەوەکو دڵتان تێکچێت. ئەختەری خوشکی پەلەی لێ کرد و گوتی:

توخوا باسەکەمان بۆ بکە، سفرەی چی؟ هەموان تێرمان خواردووە، هەر چا ئەخۆینەوە. بۆ چایەکە قەیناکە دڵمان تێک ناچێت.

ئاسکە دایە پرمەی پێکەنین و گوتی:

وەی خوایە گیان لێم نەگری، چونکە بەو پیرە پەککەوتوانە پێئەکەنم. بەخوا بەزەییشم زۆر پێیندا دێتەوە، بەڵام بڵێم چی. ئاسکە خان بەدەم پرمەی پێکەنینەوە گوتی:

پیرەمێردێک هەبوو هەموو جارێک بانگی ئەکردمە لای خۆی ئەیگوت وەرە لام دانیشــە قســەت بــۆ بــکەم. ئنجــا ئەکەوتە باســی کــوڕ و کوڕەزاکـانی کە چـۆن نـایەن بەلایەوە و چـۆن گـوێی نـادەنێ و لێـی ناپرسنەوە.

منـیش ئەمگـوت چـۆن؟ ئەی ئەوە نەبـوو دوێنـی هـاتبوون بـۆ لات؟ هەفتەی دوو سـێ جار دێـن بۆ لات. ئەی ئەم نەبوو دوێنێ گوڵ و شـەربەتەکەی بـۆی هێنـای؟ وا دیـارە بەسـەزمانە خەڵەفـابوو هیچـی

لەبیر نەئەما. زوو زوو باسی خۆی بۆ ئەکردم کە کاتی خۆی چۆن ئەفسەرێکی گەورەی هێزی دەریایی سوید بووە و کە وای کردووە و وای کردووە، هەروەها حەزیشی زۆر لە وێنەکیشان بووە و ئێستەش لە ماڵەکەیان چەند وێنەی زۆر جوانی هەیە، کە کاتی خۆی ئەو وێنە و تابلۆیانەی کێشاون و ڕەسمی کردوون. زۆریش و بنە و تابلۆن دەریا و پاپۆڕ و جەنگەڵن. منیش بە ناچاری گوێم لێ ئەگرت و هەر پێم ئەگوت:

هەی دەست خۆش... هەی ئافەرین.

ئاسکە کەوت بە گازی پشتا لەبەر پێکەنین و گوتی:

بەیانییەکیان زوو هاتمە ژووری و چاوم بەسەر جێگاکاندا گێڕا، سەیرم کرد دیوارەکەی ژێر سەری پیرەمێردی ئاشنام پەڵەپەڵە ئەچێتەوە. کە نزیک بوومەوە لێی سڕ بووم. ڕەق ڕاوەستام و حەپەسام، کە ئەم پەڵانە چییە؟ پیرەمێرد لەناو جێگاکەیدا ڕاپەڕی و سەلامی لێ کردم و گوتی:

ها ئەم تابلۆیە چۆنە لات؟ ئەمە شەوێ درەنگ ڕەسمم کرد.

منیش هەر وا بە حەپەساوی سەیرم کرد، وەکو شتێک زمانم گیری خواردبوو لە تاوانا، چونکە ماددەکەی کە کابرا تابلۆکەی پێ ڕەسم کردبوو، پیسایی خۆی بوو.

ئاسکە خان دیسان دایە پرمەی پێکەنین و گوتی با ئەم باسەشتان بۆ بگێڕمەوە.

خوشەکەکانی بە گەرمی و حەپەساوی ڕوویان تێکرد و گوتیان:

ئادەی توخوا.

ئاسکە خا دەستێکی دا لە سنگی و بە زەردەخەنەوە گوتی:

لەو پیاوە پیرە بەسەزمانانە کە خزمەتم ئەکردن، یەکێ هەبوو خەیاڵی دابووە من و بە ناوێکی سەیر بانگی ئەکردم، کە ئەچووم بە لایەوە ئەمکرد بە گاڵتە لەگەڵی و ئەمگوت:

کەی من ناوم ( جولیانا)یە؟ من ناوم ئاسکەیە. کابرای پیرەمێرد لێم ڕائەپەڕی و ئەیگوت:
تۆ چۆن جولیا نیت؟ بۆچی من کوێرم، خەڵک چۆن ژنەکەی خۆی ناناسێتەوە لەدوای ئەوەی ئەم هەموو ساڵە لەگەڵی ژیابێ؟ منیش یەکەم جار تووڕە بووم و چووم شکاتم لێ کرد لای لێپرسراوان و گوتم:
هەموو شتێک قبوڵ ئەکەم، بەڵام قسەی ئەم کابرا پیرە قبوڵ ناکەم. دائیم شوێنم ئەکەوێت جولیانا خۆشەویستەکەم، ژنەکەم وەرە دانیشە لە لام. ئاخری کە چوونە بنجوبناوانی بۆیان دەرکەوت کە ڕاست ئەکات ژنەکەی ناوی جولیانا بوو، زیاتر لە بیست ساڵ بوو مردبوو. کابراش بەستەزمانە ئەقڵی تێکچووبوو، خەیاڵی دابووە من و جاری وا هەبوو کە شتم بۆ ئەبرد، باوەشی پیا ئەکردم و ماچی ئەکردم، ئیتر منیش شێت ئەبووم. ئاخری لەو قاوشە گواستمیانەوە قاوشێکی تر لەناو پیرەمێرد.
هەموو دیسانەوە دەستیان کرد بە پێکەنین، ئاسکە بەدەم پێکەنینەوە گوتی:
ئەڕیوەڵڵا ڕۆڵە پیرەمێرد وەها خەیاڵی دابووە من.
ئاسکە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:
پیرەژنێکی بەسەزمانیش هەبوو کاتی خۆی ئەکتەری سینەما بوو، هەر بەو پیرییە ئەوەندە جوان بوو، ئەوەندە جوان بوو، ئەوەندە بالابەزر و ناسک و نازەنین بوو، خەڵک هەر سەری لە کاری خوا سووڕ ئەما و ئەکەوتە گێژاوەوە، بیری لەوە ئەکردەوە کە کاتی خۆی بە گەنجی ئەبێ چۆن بووبێ.
ئەم پیرەژنە کە بەیانییان هەڵئەسا لەخەو، ئەچووە حەمام خۆی ئەشت و جلی ئەگۆڕی و سەری و قژی ڕێک ئەخست، بۆن و عەتر و سوراووسپیاوی بە تەنکی ئەدا لە دەموچاو، ئنجا ئەچوو لە سووچێکی ژوورەکەوە ڕائەوەستا و دەستی ئەکرد بە گۆرانی و

نمایش و بەدەست ئیشارەتی ئەکرد. هەر وەک ئەو لەسەر شانۆ بێت و خەڵک سەیری ئەکەن و چەپڵەی بۆ لێ ئەدەن. ئەویش دەستی بۆ ڕائەوەشاندن و خۆی ئەچەماندەوە، گوایە وەرامی چەپڵەکانیان ئەداتەوە.

ئیتر زۆر گوناح بوو، زۆر پیرەژنێکی پاک و فەقیر و جوان و بێوەی بوو، زۆریش دەوڵەمەند بوو، بۆیە زوو زوو منداڵ و کەسوکاری ئەهاتن. بەینێک و بۆ چەند ڕۆژێک ئەیانبرد بۆ گەڕان و ئەمبەر و ئەوبەر و دوایی ئەیانهێنایەوە پیرخانەکە.

ئاسکە دەستی برد و سەرپۆشەکەی لابەرێ، لە لای گوێچکەیەوە و پشتی گوێی پیشان دان. گوتی چاوتان لێرەیە، خۆ هێشتا هەر جێ برینەکەی ماوە و سوورە. ئەمە ئەزانن چییە؟

خوشکی گەورەی بە سەرسوورمانە و دڵپیوەبوونەوە گوتی:

بەڕاست ئەمە چییە؟ خوا ڕەحمی پێ کردووی. خۆ ئەڵێی شتێکی ئاسن بڕیوێتی؟

ئاسکە سەرپۆشەکەی چاککردەوە و پرچی ڕێکخستەوە و گوتی:

ئەمە ڕۆڵە دانیشتووم گۆرەویم ئەکردە پێی پیرەژنێک، کە لەو کاتەدا قاچی لە دەستم ڕاپسکاند و یەک لەقەی دا لە سنگم، یەکسەر سەرم و لا ملم بەر سووچی کورسییەکە کەوت و ئاوها ئاسنی ئەو شتانەی ئەوێ لە تاوانا نازانم چی بوو چەقییە پشتی گوێم و خوێن وەک لافا و بەسەر مل و جلما هاتە خوارێ.

خوشکەکانی دڵگیر بوون و هەریەکەیان دوعای لە پیرەژن کرد، ئەختەری خوشکی بە پەرۆشەوە لێی پرسی ئەی تۆ چیت کرد؟

ئاسکە پێکەنی و گوتی:

من چیم کرد؟ بەخوا بەرچاوم وا تاریک بوو. گوناحە و موناحەم لە بیر نەما، منیش تا خوا هێزی دامێ یەک شەقازللەم لێ دا ملیم خوار کردەوە. ئەی چیم بکردایە؟ ئاخر زۆر لەناکاو ئەو لەقەیەی لێ دام و سنگم زۆر ئێشا.

ئاسکە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی ئەی چی. ئەم عالەمەش وا ئەزانن لە ئەوروپا دۆلار ڕژاوە، با ئەوانیش بڕۆن کۆیکەنەوە.
کچێ بەخوا لەناو ئەو پیرەژنانە شتی وا ڕووی ئەدا کە خەڵک هەر کتێبی لەسەر بنووسێت.
ئاسکە دەستی کردەوە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پیرخانەکە و گوتی:
پیرەژنێک هەبوو بەیانی زوو هەڵەستا لەخەو، ئەچوو بۆ دەست و دەموچاو شتن، جلی ئەگۆڕی، ئینجا دەستی ئەدایە جانتاکەی و ئەچوو لە دالانی بەر ژوورەکەیا ڕائەوەستا و هەر سەیری سەعاتەکەی ئەکرد. لە سستەرەکانی ئەپرسی:
ئەوە چەندی ماوە شەمەنەفەرەکە بگات جێ؟ چونکە ئەبێ بڕۆم درەنگە.
سستەرەکانیش پێیان ئەگوت:
ئەوەندەی نەماوە هاکە گەیشت.
پیرێژن جانتای هەڵگرت و ئەمجارە ئەچوو لەوسەری دالانەکە ڕائەوەستا. تۆزێکی کە دیسان ئەیپرسی و عەینی شتیان پێ ئەگوت، بۆیە ئەمجارە ئەگەڕایەوە سەرەکەی تری دالانەکە.
ئیتر نەگبەتە ئەمە ئیشی بوو.
ئاسکە خان بە پێکەنینەوە گوتی:
ئەی چی ئەم خەڵکەش وا ئەزانن لەوێ هەموومان ئامرهێز و سەرکردەی لەشکرین.
ئاسکە خان دەمی خۆی گرت، لەبەر پێکەنین کەوت بە گازی پشت و گوتی:
بۆچی ئێوە وا ئەزانن ئاکۆی مامە عەلیم لەوێ چی ئەکات؟
لە هەمووشی خۆشتر ئامۆژنە شەمسە ئەو ڕۆژە زوو زوو پێی ئەگوتم لە خوا بەزیاد بێت ئاکۆ گیاب شوکور دامەزراوە و گوتوویەتی شوکور بووە بە (ستێ دەرێ). ئەوە ناوی وەزیفەکەیەتی.

ئاسکە خان دایە قاقای پێکەنین و گوتی:
ئێوە ئەزانن (ستێ دەرێ) بە سویدی یەعنی چی؟ کەوا ئامۆژنم دڵی خۆشبوو بەو ناوە، کە کوڕەکەی بووە بەوە و لەوانە بوو نانی عەباس بکات بە خێر؟ هەموو پێکەنین، هەردوو خوشکەی لە لایەکەوە پەلاماری دا و گوتی توخوا یەعنی چی؟
ئاسکە چاوی خۆی سڕییەوە لە فرمێسکی پێکەنین و گەتی:
ستێ دەرێ، بە سویدی یەعنی کەناس. ئاکۆی نازداری مامم، ڕۆڵە کەناسە جادەکان گسک ئەدات. ئینجا گوێتان لێ بوو؟
ئەو ئیشە پیسە نزم و سوکانە ئەوروپی خۆیان بێزیان نایەت بیکەن، لەبەر ئەوە بە بێگانەکانی ئەکەن، بڕۆ سەیر کە ئاودەستتشۆر و پاککەر لە فرۆکەخانەکان و لە ئوتێلەکان هەموو پەنابەر و هەڵاتووی بێگانەن. ئاسکە دیسان ڕووی کردە ئەختەری خوشکی و گوتی:
دەی توخوا تۆش باسی ڕابیعە خانم بۆ بکە چۆنە؟ هەر وەکو خۆی قەڵەو ماوە؟ قسە خۆش و پێکەنینەکانی هەر ماون؟
ئەختەر خان خۆی گورج کرد و بە زەردەخەنەیەکی خۆشەوە گوتی:
ڕابیعە خان وەڵا ڕۆڵە چۆنت دیوە هەر عەینی خۆیەتی. بۆ ناوی خوا هەندێ پرچە تەڕەپیازە دوو تاڵەکەی سپی بووە، هەر عەینەی خۆی خاووخلیچک، چاو عەینەکی و چاو زەعیف، چوار ددانی کوتووە. خۆ خوا نەکات بوێرێت بچێت بۆ دکتۆری ددان، ئەزانی ئەو ساڵە بەنجی عومومییان کرد، تاوەکو دوو ددانیا پڕکردەوە و دوانیان دەرهێنا، چونکە خەریکبوو خوێنی (تسمم) بکات، ئەوندە ددانەکانی ڕزیو و خراپ بوون.
ئەختەر خان دایە پرمەی پێکەنین و گوتی:
ڕۆڵە هەر ئەمرێت لە ترسانا کە چاوی بە کەلوپەلی دکتۆری ددان ئەکەوێت.
سەرای دردان ساڵ دوانزەی مانگ ئەم ژنە خەریکی ڕێجیمە، ئەگەرچی خەڵک لەبەر نەبوونی و کەمدەرامەتی هەموو ئەڵێن ڕێجیم

ئەکەن، بەڵام ئەو ئەڵێت ڕێجیمی تەواو ئەکەم و لەسەر ئامۆژگاری ئەڕۆم بەڕێوە، بەخێرێ لەگەڵ ئەوەشا مانگی نیو کیلۆ زیاد ئەکات.
کە لەبەر تەلەفزیۆنیش دائەنیشێت سەیری فیلم و شتی وا ئەکات، یەک قاڵب کەرە و دوو سێ کولێرە لە بەردەمی خۆی دائەنێت و هەر کەرە هەڵیئەسوی لە کولێرەکە و ئەیخوات و دوو مانگایان هەیە لەبەر شیر و ماست و شتی وا لەو هەموو مانگا و مەڕومالاتەی هەیانبوو، ئێستە هەر دوو مانگایان ماوە. ئەویش هەر بەشی ڕابیعە خۆی ئەکات.
ئەختەر خان دەستی ڕاوەشاند و گوتی:
ئینجا ڕۆڵە دائەنیشێت بەدیار فیلم و تەلەفزیۆن و ڤیدیۆوە. ئەگەر فیلمەکە نەوعێک خەفەتاوی بێت، هەر ئەوەندەت زانی عەینەکەکەی پڕ بوون لە فرمێسک و کەوتە هەنسکهەڵدان بەدەم پاروو تێوەگلاندنەوە.
هەر عەینی ئەوساشە، دوو ڕۆژ قاپەکانی ئەکەون لەوێیا، تاقەتی نییە بیانشوات. تاوەکو خوا یەکێک ئەنێرێت کە بۆی بشوات، بەڵام هەر ئەوەندەت زانی قۆڵی هەڵماڵی و کەوتە جلشتن، ئیتر جلەکان پاک بن یا پیس، ئەو هەقی نییە و هەر ئەبێت جل بشوات. ئەوەندە حەز لە شتن و جل ئوتووکردن ئەکات.
ئەو جارە یەک هەفتە ئەلیکتریکەکەیان بڕی پارەی هاتبووە سەر. لەگەڵ مێردەکەی خەریکبوون بگەنە تەلاق لەسەری، بەڵام ئەڵێی چی فایدەی نییە لەگەڵی و خوو و تەبیعەتی وایە، منداڵەکانیش وەڕس بوون لە دەستی.
کاک عەبە لەپێش ئوتومبێلی برازاکەیەوە دانیشتبوو، سنگی دەرپەڕاندبوو و خۆی گیف کردبووەوە. لەگەڵ ژن و منداڵەکانی ئەڕۆیشتن بەرەو شارە جوانە دڵگیرەکەی هەولێری پایتەخت، بۆ سەردانی خزمەکانی ئەوێیان، چونکە دایکی سەبری خان هەولێری بوو.
عەبە بەو هەموو شاهکار و بازرگانی و تیجارەتەی کە کردبووی، بەو دەستە دۆلارەی کە هێشتا لە گیرفانیا مابوو، کەچی قەت بیرێکی لەوە

نەکردبووەوە کە هیچ نەبێ ئوتومبێلی برازا داماوەکەی بۆ پڕ بکات لە بەنزین، کە ئەوەتا ئەوانی پێ ئەبات بۆ شوێنان و ئەشیزانی کە برازاکەی خاوەنی خێزانە و دوو سێ منداڵی وردی هەیە و کەمدەرامەت و دەستکورتیشە، بەتایبەتی کە وەزعەکەشی وا بوو سێبەری کچی و محەمەدی کوڕی کە لە پشتی ئۆتومبیلەکەدا دانیشتبوون، بە خۆشییەوە سەیری ئەو دیمەن و شاخە سەربەرزانەیان ئەکرد کە ئەهاتنە ڕێگایان و لەگەڵ دایکیان خەریکی قسە و باس بوون لەو بابەتەوە.

دایکیان بە دەست ئیشارەتی ئەکرد و ئەیگوت:

دیارە ئەم جادە و ڕێگا و بان و شوێنانەتان هیچی بیر نییە، چونکە ئێوە ئەوسا منداڵ بوون. ئەم جادەیەی کە لێمان لادا ئەوە جادەکەی سلێمانی کەرکوکە، شارە دێرینەکەی کوردە کە ئەڵێن دڵی کوردە، قودسی کوردە، تەنیا شارەکە بەدەست سەدامەوەیە، ئیتر دەوروپشت و دێهات و شارۆچکەکانی هەمووی بەدەست کوردەوەن.

محەمەدی کوڕی پرسیی بەدەست کام لایەنەوەیە؟ دایکی وەرامی دایەوە گوتی:

بەدەست یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوەیە.

دایکیان لەسەر قسەکە و ئیشارەتەکانی ڕۆیشت و گوتی:

ئەم ناوچەیە چەند دڵگیر و ئاوەدانە (ئەمە گۆمی دوکانە) ئەم شاخە بەرز و سەربەرزە پیرەمەگروونە، ئەمی کەیان سارایە. سێبەری کچی بە خۆشییەوە گوتی:

یەعنی سارای هاوڕێم بە ناوی شاخەوە ناونراوە؟

ئەی بۆچی ئەوروپییەکانیش سارایان هەیە؟

دایکی گوتی:

وەڵا کچم نازانم ئەوروپیش ناوی سارایان زۆرە، ئەڵێن ناوێکی کۆنیانە، بەڵام کوردەکان بە ناوی ئەم شاخەوە ناوی کوڕەکانیان ئەنێن.

سەبری خان هەر وەک ویستی بەسەر ئەم پرسیارە باز بدات و نەیزانی بە تەواوی چۆن وەرامی کچەکەی بداتەوە بەڕاستی، چونکە نەیزانی کە بۆچی ئەوروپیش ناوی سارایان هەیە، بۆیە هەندێ منگەمنگی کرد و دوایی گوتی:
ئەم دێهاتانە هەمووی بەعس وێرانی کردبوون، ڕەبی ماڵی خۆشیان وێران بێت، بەڵام ئەوەتا ڕێکخراوی خێرخواز ئاوەدانیان کردووەتەوە و خەڵک گەڕاونەتەوە دێهاتەکانیان.
بەینێک منداڵەکان و دایکیان بێدەنگ بوون، دواییش کەوتنە قسە و باسی تر و باسی سوید و مەکتەبکردنەوە و لەو جۆرە باسانە.
عەبەی باوکیشیان لەپێش ئۆتومبێلەکە دانیشتبوو و سەری کردبووە سەر برازا بێچارەکەی، دایکوتابوو بە پرسیار. ئەم بینایە هی کێیە و کێ کردوویەتی؟ ئەم دێیەش کاول کرابوو دیارە ئاوەدانیان کردووەتەوە. بەڵام هێشتا هەر خانووە ڕووخاو ماوەکە، ئەمە ئەبێ کێ ئاوەدانی کردبێتەوە؟ ئەوە نییە شوان و مەڕوماڵات لە هەموو شوێنێک بە درێژایی ڕێگا پێمان ئەگەن. ئەی بۆچی ئەڵێن گۆشت گرانە؟
ئەڵێی ئەمە کارگەی چیمەنتۆیە؟ وەڵا خۆ بەقەد دێیەکی تەواو دەبێت ئەوەندە گەرەیە، زۆریش ساغ و سەلیم دیارە. بۆچی حکومەتی هەرێم نایخاتەوە کار و ئیشی پێ ناکات؟
ئەڵێن نەوت و بەنزین گرانە و نییە، ئەی نەیانگوت چەند مانگ لەمەوپێش بیرە نەوت کەوتە کار؟ لە کوێیە؟
برازاکەش بەدەم لێخوڕینەوە وەرامی پرسیارەکانی ئەدایەوە کە زۆر جار عەبەی مامی نە خەیاڵی بە چاکی لای پرسیارەکانی بوو و نەبێ گوێدانەوەش گوێی لە مەرامەکانی ئەگرت. تەنیا ئەو حەزی لە پرسیار ئەکرد، پرسیار بکات و سەر بکاتە سەر خەڵک. ئەگینا ئەو لەبەر حساب و پارەژماردن و دابەشکردن و لێدەرکردن و خستنە سەر لەوە زیاتر هۆش و دڵ و مێشکی لای هیچی کە نەبوو، بەتایبەتیش

لەوەی ئەو خانووە چاکەی کڕیبوو، ئیتر ئەوە بە درێژایی کات، بە درێژایی شەویش هەر ژووری ئەژمارد و هەر توالێت و حەمامی ئەمدیو و ئەودیو ئەکرد و هەندێ جار بە ئیسراف و بە زۆری ئەزانی و یەک حەمامی لا بەس ئەبوو. ئەوی کەی ئەکرد بە ژوور و بە شتی تر. لەپڕ پەشیمان ئەبووەوە و ئەیگوت نا با وەکو خۆی بێ باشترە.
هەروەها ناوی خزمانی ڕیز ئەکرد لە دڵی خۆیدا کە کامیان بڕوای پێ ئەکرد بۆ ئەوەی بیخاتە خانووەکەیەوە و فەرش و قاڵییەکانی بداتە دەست و چۆن ئاگای لە باخ و باخاتی خانووەکەی و کام فەرش بەرێتەوە لەگەڵ خۆی بۆ سوید؟ بچووکەکە یا ناوەنجییەکە.
لەو ڕێگایە چەند کەپر و چایخانەیەکیان پێ گەیشت، چوون لە بەردەمی یەکێ لەو چایخانانە ڕاوستان و هەموویان بەسەر پێپلەیەک سەرکەوتن. سەبری خان و منداڵەکانی چاویان گێڕا، سەیرێکی دەوروبەر و چایخانەکەیان کرد.
محەمەد بە خۆشییەوە گوتی:
بەڕاستی دیمەنەکان زۆر جوانن.
سێبەری خوشکی کامێراکەی دەرهێنا و گوتی: با هەندێ ڕەسم بگرم.
باوکیان لە پێشیانەوە سەرکەوتبووە ژێر کەپرەکە. لەگەڵ برازاکەی هاوار لێکردن و گوتی:
وەرن مناڵ بزانن چی ئەخۆن و چی ئەخۆنەوە؟
سەبری خان و کچ و کوڕەکەی چوون دانیشتن. چایخانەکە بریتی بوو لە کەپرێکی زۆر گەورە و بەرین و لەناو کەپرەکە سەکۆ دروست کرابوو بۆ دانیشتنی ڕێبوارەکان و هەر کەسە و مێزی لە بەردەم دانرابوو، هەروەها کورسیش لەملاولاوە بڵاوکرابوونەوە، تەلەفزیۆنێکیشیان لە بەرامبەر دانرابوو ئیشی ئەکرد، تەلەفزیۆنەکە هەندێ بچووک بوو، بەڵام ڕەنگی بوو. فلمێکی عەسابە و جەردەی پیشان ئەدا و بۆ خۆی لەویا ئیشی ئەکرد. لەوە ئەچوو کەس گوێی نەئەداتێ و سەیری نەئەکرد و ئەو ڕێبوار و خەڵکەی لەوێ بوون،

خەریکی خواردن و چا و ماست هەڵقوراندن بوون. دونیا زۆر گەرم بوو. مێش چاوی خەڵکی دەرئەهێنا و لە دەوری کاسە ماستاو و شەکردان و ژێرپیاڵەکانا حەڵقەیان بەستبوو و بەسەر کولێرە و سەبەتە ناندا فڕکوهوڕ هەلەکەسەمایان بوو. کاک عەبە بە دانیشتنەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و گوتی:

ئەوە چییە ئەڵێی کەباب و گۆشتی برژاویشیان هەیە؟

سێبەر و براکەی سەیرێکی دایکیان کرد و بە منگەمنگ هەندێک قسەیان کرد. هەر وەک نەیانویست دەمی باوکیان لە خۆیان بکەنەوە، چونکە ئەیانناسی دەمی بێئامان بوو. چەند خەڵک لەوێ بوونایە، نەک چایخانە و کەپر، بگرە لە بەردەمی گەرەترین کۆمەڵ و پیاوی گەورەشدا بونایە، خۆی نەئەپاراست و دەمی وەک دەستڕێژی لێ ئەهات و ئەچوو بە گژ ژن و مناڵەکانیا، بۆیە سەبری لە سەیرکردنی کچ و کوڕەکەی گەیشت و گوتی:

ئنجا خۆ ئەوە نییە کەوتینە ڕێ و تێروپڕیش نانمان خواردووە؟ کەبابی چی و گۆشتی برژاوی چی. لەناو ئەو هەموو مێشومەگەزەدا ماستاوەکەمان پێ ناخورێتەوە لە تاوان.

هەروەها سەبری ئەیزانی کە دوور نییە ئێستە عەبە داوای کەباب و گۆشتی برژاو و ئەو شتابە بکات، پارەکەشیان بخاتە سەر برازا بەسەزمانەکەی و دیسان وەکو ئەو جارە پێی بڵێت:

ئا هەڵمەت گیان تۆ پارەکەی بدە تاوەکو دۆلار ئەگۆڕمەوە و دواییش لە بیری خۆی بەرێتەوە.

عەبە عەینەکەکەی جوڵاندەوە لەسەر لووتە زلەکەی، کە ئەتگوت چەپەرە، بە خێسەیەکەوە سەیری ژنەکەی کرد و گوتی:

ئنجا تۆ مەخۆ ئێستە مناڵەکان برسییانە. محەمەدی کوڕی گورج ڕاپەڕی و گوتی:

نەوەڵا بابە گیان هەر هیچ برسیمان نییە، با دوانەکەوین باشترە، سێبەریش سەری بۆ لەقاند و گوتی:

ئەرێوەڵا بڕۆین باشترە، من هەر هیچ برسیم نییە و سەرم گێژ بووە، لەبەر ئەم پێچپێچانە و ڕەنگە شەویش نان نەخۆم. عەبە بە ناچاری گوتی:

دەی هەستن برسیتان نییە کەیفی خۆتانە، من گوتم با نەچین هەر لە دەرگاوە بڵێن برسیمانە و نانمان بدەنێ. بەدەم هەستانە سەرپێ، سێبەر لەژێر لێوەوە بۆڵاندی و گوتی:

چایخانەی چی؟ ئێرە چایخانەیە یا مێشخانەیە؟ وەڵا هەر هەقە پێی بڵێن مێشخانە باشترە.

جەماعەت کەوتنە ڕێ و دوایی پاش بەینێک گەیشتنە دەوروبەری چنارۆک لە چیای هەیبەت سوڵتان و ئوتۆمبێلەکەیان ڕووی کردە پێچەکانی و کەوتە سەرکەوتن بەرەو بەرزایی.

سەبری خان ئاخێکی کوڵ و دڵی هەڵڕشت و گوتی:

ئای چەند یادگاریم هەیە لەگەڵ ئەم شاخە بەرزەدا.

کوڕەکە لێی پرسی:

لەگەڵ ئەم شاخە و ئەو هەموو پێچاوپێچانە؟ یادگاریی چیت هەیە؟ دە بۆمان باس بکە خۆ ئێوە هیچمان پێ ناڵێن و باسی هیچمان بۆ ناکەن.

سەبری بە دڵێکی گوشراوەوە چاوی بڕییە ئەو دەوروبەرە و گوتی:

کە تازە شۆشی کورد دەستی پێ کرد ساڵی ١٩٦١، من هێشتا منداڵکار بووم و لە سنفی شەشی سەرەتایی بووم، کە شۆڕشەکە دەستی پێ کرد. ناچار مەکتەب و قوتابخانەمان بەجێهێشت و ڕامانکردە شاخ.

سێبەریش پرسیی:

ئەی تۆ ناڵێی ئێوە قەت سیاسەتتان نەکردووە؟ بۆچی ڕاتانکرد؟

سەبری هەناسەیەکی تری هەڵڕشت و گوتی:

چۆن کاتی خۆی لەبەر مامم ئێمەش کەوتبووینە بەر مەترسییەوە بەدەست حکومەتەوە، مامم پێشمەرگەیەکی کوردپەروەری زۆر چالاک و ئازا بوو. هەموو چالاکییەکانی ناوشاری کەرکوک بە سەرپەرشتیی ئەو ئەکرا و حکومەت زۆر بە توندی و بە گەرمی بۆی

ئەگەڕا، بۆ چەند جارێک باوکمیان گرت لەسەری. سەردەمێ وای لێ هاتبوو کە حکومەت کەسوکاری پێشمەرگەکانیان ئەگرت، لەجیاتی خۆیان ئنجا کە شۆڕش دەستی پێ کرد و بوو بە شەڕی حکومەت و کوردەکان، ئەم شاخە کە ناوی هەیبەت سوڵتانە زۆر زوو ناوی ئەهات و شەڕی قورسی لێ ئەکرا و هێزی حکومەت لێرە زۆر ئەشکا و پەکی ئەکەوت، بیمە جرێکیان مامم و هێزەکەی لەم شوێنە گیریان خوارد و سوپای حکومەت بۆ یەک هەفتە ئابلۆقەیان دان و هێزی پێشمەرگە بۆ یەک هەفتە لێرە بەبێ نان و خواردن دەوریان درا، بەلاَم دوایی شوکور قارەمانە پێشمەگەکان توانییان ئابلۆقەکەی حکومەت تێکبشکێنن و چەندەها لاشە و ئۆتومبێل و دەبابەی سووتان و لەم پێچوپەنا و دۆڵ و بنارانە پەرت و بلاَو بکەنەوە.
سەبری خان بە قورگێکی گیراو و و چاوێکی پڕ فرمێسکەوە گوتی:
مامێکی زۆر قارەمانم هەبوو، ئای لەوساوە چەندەها پێشمەرگەی قارەمان و لێوەشاوە و ئازای وەکو ئەو شەهیدبوونە و خوێنی گەشی خۆیان بەخشیوە بەم دۆڵ و بنار و ئەشکەوت و خاکی کوردستانە.
هەڵمەتی لێخوڕی ئۆتومبیلەکە وا دیار بوو گوێی بۆ قسەکانی سەبری خان شل کردبوو، چونکە مامی لەبەر حسابی پارە و دۆلارەکان بەنێک وازی لە سەیرکردنی سەری هێنابوو، بۆیە هەڵمەت بەدەم لێخوڕینەوە گوتی:
ئامۆژن تۆ ئەگەر بڵێی هەر ناوچە و پارچە و بستە شوێنێکی ئەم کوردستانە بە سەدان داستانی وا قارەمانانەی هەیە، ئێستەش لەدوای ئەو ساڵ ڕەنج و خەبات و شەهیدبوونی ئەو هەموو قارەمان و پاڵەوانانە، کورد ئەو ئاواتەی هاتە دی کە ببێت بە خاوەن حکومەت و پەرلەمان، بەلاَم ئاخ ئەم شەڕی ناوخۆیە لێناگەڕێت ئەم خەڵکە هەژار و ئەم میللەتە ماندوو و چەوساوە بێکەس و کوڕکوژراو و جەرگسووتاوە خێر لەم خەونە گەورەیە ببینێت.
هەڵمەت بێدەنگ بوو، دوایی بە قوگێکی گیراوەوە بە گریانەوە گوتی:

ئەم هەموو عەرەبانە بەغیلییان پێ ئەبردین، بەڵام خەریکە خۆمان بەدناو ئەکەین، لە میللەتێکی خەباتکەر و تێکۆشەرەوە ئەبین بە میللەتێکی شەڕانی.

ئەمجارە عەبەی مامی هاتە قسە و لەوە ئەچوو کە هەندێ غیرەتی جوڵابێ، بۆ چاوتروکانێک دەستی لە حساب و بۆچوونە بازرگانییەکانی هەڵگرتبێ، بۆیە گوتی:

خوا فیتنە بگرێ و ئەو فیتنانەی پێیان خۆش نییە ئاشتی و تەبایی هەبێت، لەبەر دەستکەوتی تایبەتی خۆیان.

وەڵا وا بزانم ئەو کەسە فیتنانە هەرچییەکیان پێ بڵێیت و ئەوانە نە تەڕ ئەبن و نە بەخەیاڵیانا دێت، وەکو عەرەبگوتەنی ئەوان (بایع و موخلس) ئەوان ئەوە ئەکەن کە قازانجی خۆیانی تیایە و دەستکەوتی خۆیانی پێ بپارێزن.

***

شەوێ جەماعەت لە دەوری یەک دانیشتبوون لە هۆڵە خۆشەکەی ماڵی پوری سەبری خان لە هەولێر. خزمان هەندێکیان گەڕابوونەوە، هەندێک تا شەویش هەر مابوونەوە، خزمەکانی سەبری خان بە گەرمی باوەشیان ئەکرد بە خۆی و منداڵەکانیا و بە گەرمی بەخێرهاتنی عەبەی زاوای ئەکرد، باس هەر باسی نەبوونی و بێدەرامەتی بوو، بەڵام لە هەموو باسەکان گەرمتر و گرنگتر لە لایان باسی بۆردومانکردنی هەلێر بوو، بەتایبەتی هەمووی هەفتەیەک بوو هەولێر بۆردومان کرابوو و درابووە بەر تۆپ لە لایەن پارتییەوە.

ئیتر هەرکەس لە دانیشتەکاندا باسێکی ئەکرد و هەر وەکو ئەوە وا بوو کە ئێستە هەندێ کەسیان دەستکەوتووە کە لەناو ڕووداوەکان نەبوون و هیچی لێ نازانن، بۆیە ئەبێ بە وردی داخی دڵی خۆیان برێژێن و ترس و هەست و بێزارییەکانی بۆ بخەنە ڕوو و دەریبڕن، ئەگەرچی خۆیان لەناو خۆیانا و هەموو دانیشتنێکیانا سەری قسەیان و بنی قسەیان هەر ئەو قسانە بوون کە لەو ڕووداوانە هەڵەقوڵان،

بەڵام چونکە ئەمان تازە هاتبوون، ئیتر هەر کەسەیان ئەیویست ڕووداوەکە بەپێی هەست و بۆچوونی ناو دەروی بیگێڕێتەوە و باسی بکات.
پوورەکەی سەبری کە ژنێکی نزیک شەستوپێنج ساڵ و کاتی خۆشی موعەلیمەی قوتابخانە بوو، خێزان و ماڵ و حاڵی باشی بوو. ئێستە هەر کوڕەی لە شوێنێکن و ماڵێکن و کچەکانی هەموو بە شوو لە ماڵی خۆیانن، هەمیشە ئەویش سەرقاڵە پێیانەوە و دەستی لەسەر دڵە، لەبەر کوڕەکانی و نەوەکانی، بۆیە پێش هەموویان ئەو کەوتە، سکاڵا و هاوار و تووڕەیی دەربڕین. شوکری خان سەیری دانیشتوانی کرد و دەستی کێشا بە سنگی خۆیا و گوتی:
ئەوەی ئێوە باسی ئەکەن هەر هەمووی هیچ نییە، هەر لە گرانی و بێ دەرمانی و بێ مەعاشییەوە تاوەکو سەرماوسۆڵە و بێ گاز و نەوتی، بێ ئەلکتریکیش، هەر هەموو ئەوانە شتێکی سادە و ئاسان لە وەزع و زروفی وەکو وڵاتی ئێمەدا، کە لەو قەتلوعام و لەو کوشتن و بڕین و گازپیاکردن و ئەنفالکردنە گەیشتووەتە ئەم حاڵەتە، هەر بەزیاد بێت، بەس نییە پاداشتی ئەو هەموو فیداکاری و خوێنی شەهیدە بووین بە خاوەنی حکومەت و پەرلەمان و گەیشتن بە هەقی خۆمان و سەدام بە چاوی زەق سەیرمان ئەکات و لە ترسی حولفا ناوێرێ هیچمان لێ بکات. خۆ حاڵمان لە حاڵی خەڵکی بەغدا باشترە، هەروەها لە زۆر وڵاتی دەوروپشتمان هەر بەقەد لای ئێمە گرانییە، بەڵام ئەوەیە بەلامانەوە ئەمانە هەر هیچیان ناگەنە ئەوەی کە پارتی هەولێر بداتە بەر تۆپ و بۆردومانی بکات، هەموو شتێک بە میللەت قوت ئەدرێ، بەڵام ئەم کارە ناڕەوایە قەت بە میللەت قوت نادرێ و هیچ کات لە بیری میللەت ناچێتەوە. تاوانێکی بێوێنەیە. شوکرییە خان سەیرێکی دانیشتوانی کرد و گوتی:
چونکە خۆ گوللەتۆپ ماڵی یەکێتی و پارتی جیاناکاتەوە.
عەبە ڕقی لەو قسانە بوو، بۆیە گوتی:

جەماعەت ئەبێ بڵێم لێم ببورن بەخوا تۆزێ سەرم ئێشێت و ئەبێ بچم هەنێ پاڵکەوم.

دانیشتوان وەرامیان دایەوە و هەریەکەیان لای خۆیەوە جولایەوە و گوتی:

وەڵا خۆ ڕاست ئەکەن شەو درەنگە، لە خۆشیی ئێوەوە هەموو شتێکمان بیرچووەوە.

کەوتنە دوعاخوازی و هەرکەسە چووە ماڵی خۆی. ئەمانیش سەرکەوتنە سەرێ بۆ سەربان. لەوێ جێگایان بۆ ڕاخرابوو، ئەگەرچی بەو شەوە درەنگەش هێشتا بە تەواوەتی دنیا فێنک نەبووبوو.

هەر کەس چووە سەر جێگاکەی، لەبەر ئەوەی ماندووی ڕێگاش بوون، بۆیە هەر زوو لەو سەربانە پان و بەرین و خۆشە، لەژێر شەوقی ئەو مانگەشەوە جوانە هەر زوو خەویان لێ کەوت.

چونکە ئەو ئێوارەیە باس هەر باسی شەڕی ناوخۆ و بۆردومان و شەڕ و تەقە و کوشتن و بڕین بوو، لەوە ئەچوو کاکە عەبە خەوێکی ترسناک و ناخۆشی ببینی، نزیک سەعات سێی شەو ڕاپەڕی و خەبەری بووەوە. ئەمدیو و ئەودیوی کرد، دوایش هەستا هەندێ ئاوی خواردەوە و هەوڵی دا بخەوێتەوە.

شەو فێنک و خۆش بوو. خێزانی خانەخۆێ و میوانەکان هەر کەسە و لەسەر جێگای خۆی نوستبوو، هەندێ پرخەیا ئەهات و هەندێ بە بێدەنگی و بێ جوڵە بوون، دیمەنی ئاسمانی ئەستێرەکان زۆر جوان و دڵگیر بوون، سارد و کپ و بێدەنگ بوو. لە دەنگی وەڕینی هەندێ سەگ کە لە دەرەوە ئەهاتە بەرگوێ، هیچ شتێکی تر نەبوو. کاک عەبە خەریک بوو چاوی ئەچووە سەر یەک کە لەپڕ سڕ بوو، دڵی کەوتە پەلەپەل کاتێ گوێی لە دەنگی دەسڕێژ بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی:

ئەرێ بەزاتی خوا قەوما، یاخوا سەبری ماڵت کاول بێت بۆ خۆت و سەفەر و گەڕانت.

ئەوەندەشی پێ نەچوو گوێی لە دەنگی فڕکوهوڕی ئۆتومبێل بوو، عەبە ئەوەندەی تر شڵەژا و لە دڵی خۆیدا گوتی:
خۆیەتی بەخوا تازە تەواو.
دەستێکی برد بۆ سەبریی ژنی و خەبەی کردەوە و گوتی:
هەستە هەستە بزانە و گوێ بگرە، وا بزانم هێرش کراتە سەر هەولێر. ئنجا بزانە چی ئەکەیت خانم ئێمەت هێنایە ئێرە؟
سەبری داچڵەکی و لە خەو ڕاپەڕی. هەستا دانیشت بە دەمێکی تێکەڵوپێکەڵ و دەنگێکی گڕی خەواڵووەوە گوتی:
چییە چی قەوماوە؟ ئەوە باسی چی ئەکەیت؟ هێرشی چی، کوا چی بووە؟
عەبە لەوە ئەچوو ترس دەستی نابێتە بینەقاقای، چونکە دەنگی باش دەرنەئەهات و ئەتگوت شتێ لە قوڕگی گیراوە، بۆیە بەو قوڕگە گیراوەوە بە توندی و تووڕەییەوە کە باش نەئەهات نوستووەکان خەبەر کاتەوە، سیخورمەیەکی لە سەبری دا و گوتی:
گوێ بگرە کەڕی؟ گوێت لە تەقە و دەسرێژ نییە، گوێت لە فڕکوهوڕی ئوتۆمبێل نییە؟ ئەی ئەمە چییە بەم نیوەشەوە؟ شاییە، زەماوەندە؟
سەبری هۆشی هاتەوە بەر بە چاکی گوێی گرت و لە دڵی خۆیدا دوعایەکی کرد و گوتی یاخوا زەندەقت بچێ پیاو، بەڵام تووڕەبوونەکەی کرد بەژێر و بە ئەسپایی وەک چرپە گوتی:
ئەیەڕۆ دەسرێژی چی؟ دەنگی دەسرێژ، ڕەنگە سەعاتێک دوور بێت لە ئێمەوە. دەنگی دەسرێژ. ئەوەتا لەو بن شارەوە دێت. پوورم ئێوارە پێی گوتم لەو دەوروبەرانە دایم دەنگی تەقە و دەسرێژ هەیە. ئەو لایە کانی قرژاڵەیە. ئەڵێن سوپای حکومەتی سەدام و هێزی پێشمەرگەی یەکێتی بەرامبەر بە یەکن و هەر چاویان لەیەکە و زۆر جار تەقە لە یەک ئەکەن. سەبری لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:
کورە بابەگیان بنوو شەڕی چی و هێرشی چی؟ ئەوەتا شارەکە بگرە چەند بێدەنگ و هێمن و خۆشە و هیچ نییە، بۆچی هێرش و

پەلامـاردان هەر وا ئاسـانە و هێـزی یەکێتـی دەوروبەری هەولێـری تەنیوە. کێ ئەتوانێ توخنی هەولێر بکەوێت؟
عەبە بە هەمان شپرزەیی و دەنگی نوساو و گیراوەوە گوتی:
کانی قرژاڵەی چی و کانی کیسـەڵی چی؟ تۆ دیسـان خۆت مەکە بە عالم لێمان. ئەو لایە جادەیەکە کە ئەچێت بۆ سەلاحەدین و کەسنەزان و لەو ناوە هێزی یەکێتی و پارتی ئەڵێن بەرامبەر بە یەک دانیشـتوون و دائم پەلاماری یەک ئەدەن. محی الدین خۆی گوتی؛ شوێنەکانیشی بە دووربین پیشـان دام. سـەبری هەر وەک ویسـتی زیاتر بیترسـێنێت گوتی:
بنوو باشـترە بـا مناڵەکـان و خەڵکـی مـاڵەکەش خەبەریـان نەبێـتەوە. بەخـوا ئەوسـا هەر بە جارێـک حەیامـان ئەچێت. ئەمـان ئەوە چەنـدە لەبەر هێرش و بۆردوماندان و گوێشیان نەداوەتێ.
عەبە چـارەی نەمـا کە پـاڵکەوێتەوە. بەتـایبەتی کە گـوێی لە دەنگـی کەڵەشـێر بـوو، ئەوەنەشـی پـێ نەچـوو دەنگـی بانـگ و سـەلا لە مزگەوتەکانی دەوروبەر و دوور و نزیـک بەرزبـوونەوە، ئیتـر هەنـدێ هاتەوە سەرخۆ و دڵنیا بوو، بەڵام هەرچەندەی کرد لە ترسانا خەوی لێ نەکەوتەوە. تـاوەکو بەرەبەیـان هەنـدێ چـاوی چووبـووە خەو. کە ئەمـیش پەلاماریـان دا و تیشـکی هەتـاویش گەیشـتە سـەری. بۆیە بە تـــوورەیی و نــــارەحەتییەوە ڕاپەڕی، بە لەشــــێکی تێکشـــــکاو و ناوچەوانێکی مۆن و گرژەوە هاتە خوارێ و چووە ژوورەوە پاڵکەوت و ئەوەندی پێ نەچوو، نوستەوە.
بەیانی میوان و خـانەخوێ لە دەوری سفرەی بەرچـایی دانیشـتبوون، کاکە عەبە باسی دەسـڕێژ و شـپرزەیی ئەمشـەوی بـۆ گێڕانەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی کە چەند ترسابوو، چەند دڵی پەلەپەلـی کردبـوو، عەبە خۆی کردبوو بە نیمچە پاڵەوان و ئەیگوت:
شەوێ کە گوێم لە دەنگی دەسـڕێژەکە بوو، لەسـەرخۆ هەسـتام و بە دەوری سـەربانەکەدا سـوڕامەوە. ویسـتم بـزانم کە دەنـگەکە لە چ

لایەکەوە دێت. بەینێک باش هەر وا مامەوە، کەوتمە پیاسەکردن تاکو دڵنیا بووم کە هیچ نییە. ئنجا بە ئەسپایی هاتمە خوایێ.
سەبریی ژنی کە گوێی لەو درۆ و فیشاڵانە ئەبوو، خەیک بوو یەخەی کراسی خۆی دادڕێت، بەڵام چاری نەبوو کە بێدەنگ بێت، قایل بوو بڵێت:
ئەوە پیاوەکە بە لاجانگە سپییەکانتەوە بە درو دری یاخوا ئەیەڕۆ ئەی ئەوە کێ بوو دەمی گۆی نەئەکرد و نووزەی دەرنەئەهات لە ترسانا و بە سیخورمە کەلەکەی کون کردم و ئەیگوت خەتای تۆ بوو هاتین بۆ ئێرە؟ لەبەر ئەوە سەبری هیچی پێ نەکرا بەرامبەر بەو درۆ و فیشاڵە زلانە لەوە زیاتر، کە چاوی زەق بێت و دەست بدات بە دەستا و لە دڵی خۆیدا بڵێت:
وەی ئامان سەدەق لە کاری خوا.
سەبری زەردەخەنە گرتی و بەژێر لێوەوە گوتی:
بە خەڵکیش ئەڵێن درۆکانیان بە باڵ ئەفڕن. هی ئەوان بە باڵ ئەفڕن، بەڵام هی تۆ بە پەڕەشووتەوە بە ئاسمانا سەما ئەکەن، پەنا بەخوا ئەوە ئەو کەسانەی وا درۆزنن چۆن تەریق نابنەوە و چۆن ڕوویان دێت و دەردی عەرەب گوتەنی (عینی عینک). درۆکە ئەکەن و ڕووشیان دێت سەیری خەڵک بکەن.
سەبری سەری بادا و لە دڵی خۆیدا گوتی:
ئنجا ئەو کەسەی وا درۆزن بێت، لە کوێ شەرمی هەیە یا ئابڕوو؟
شوکری خانی خاوەن ماڵ و پووری سەبری هاتە قسە و ڕووی کردە کاکە عەبە و گوتی:
ئۆو بێقەزابی، ئەوە باسی دەسڕێژ و گوللە ئەکەیت؟ ئەیەڕۆ شەوێ ئەبوو پێتان بڵێم ئەگەر گوێتان لە شتی وا بوو، دڵتان هیچ نەکات و ئەوە ئێمە ساڵێکە بووتە مووچەی شەوانمان و پێی ڕاهاتووین.
شوکری خان دایە قاقای پێکەنین و گوتی:

بە پێچەوانەوە ئەگەر شەوێک دەسرێژ و تەقە نەبێت، سەرمان سوورِ ئەمێنێت و ئەڵێن ئەوە چییە، ئەبێ چی بووبێت؟ وا دونیا هێمنە؟ بەڵام لە خوا بەزیاد بێت خەڵکی هەولێر بۆ خۆی حەساونەتەوە.
هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین. کاک محێدین قۆری و پیاڵەکەی دەستی تەواو کرد و هەستایە سەر پێ و گوتی:
ئیستە ئەبێ برِۆم ئیشم هەیە، بەڵام بۆ ئێوارە خۆتان ئامادە بکەن ئەتانبەم بۆ گەرِانی ناو شار و سەرقەڵا و ئەو ناوانە.
محەمەدی کورِی سەبری خان هەڵیدایە و گوتی:
ئەرێوەڵا زۆر سوپاست ئەکەین بەشکم شوێنی شەرِەکانیش ببینین کە ئەوسا بووبوو. لە ناو شار ئەو کورِە خزمانەی کە شەوێ هاتبوون بۆ لامان باسی بینا و ئەو شوێنانەیان ئەکرد کە شەرِی لێ کرابوو.
محێدین وەرامی دایەوە و گوتی:
باشە بەسەر چاو هەموو ئەو شوێنانەتان ئەبەم.
سێبەریش هاتە قسە و گوتی:
بەرِاستی زۆر حەز ئەکەین ئەو شوێنانە ببینین. بەتایبەت بیناکەی پەرلەمان.
عەبەی باوکی خێسەیەکەی لە سەبریی ژنی کرد و رِووی قسەی کردە کورِ و کچەکەی و گوتی:
باشە باشە ئەوە نییە کاک محێدین ئەڵێت ئەتانباتە هەموو شوێنێک؟ ئیتر جێگا مەژمێرن خۆی ئەزانێت.
دوای بەینێک دوای ئەوەی هەموو خێزانیماڵەکە بڵاوەیان لێ کرد و هەر کەسە چوو بە لای ئیشی خۆیەوە، عەبە ئەوەی بە فرسەت زانی و رِووی کردە کورِ و کچەکەی و بە گرژی و توندییەوە گوتی:
ئێوە ئەوەندە هەڵەوەر مەبن و ئەوەندە خۆتان لە شت هەڵمەقورتێنن. ئەمانەوێ جێی شەرِ ببینین و شیراتون هلتون ببینین؟ کورِەکە خۆی گوتی: ئەتانبات و تەواو. وا بزانم چرپەچرپی ئەم و ئەو چاک خەریکە مێشکتان تێک ئەدات.

عەبەی باوکیان بە هەڵچوونەوە پەنجەی هەڵبڕی و بە هەڕەشەیەکی توندەوە گوتی:
ئەوە پێتان ئەڵێم، گوێتان لێ بێت. گوێم لە یەک قسە بێت کە بۆنی سیاسەت و ئەو بەزمانەی لێ بێت، سەری زمانتان ئەبڕم و بەبێ زمان ئەتانبەمەوە بۆ سوید. سێبەری کچی خۆی پێ نەگیرا و هەر وەک گوتبێتی (غیرەت هەی سەگ بتخوات) ئەوە تاکەی وا دەم بەستراو بەرامبەر بەم کابرا پولەکییە قیرسیچمە کەمتەرخەمە ڕائەوەستیت؟ ئەگەرچی باوکیش بێ، بەڵام وەکو ئەڵێن کە جام پڕ بوو لێی ئەڕژێت، بۆیە سێبەر بە هەناسەبڕکێ و تووڕەییەوە گوتی:
ئەرێ بۆچی بابە گیان بۆچی چیمان کردووە ئەوندە تووڕەی و دائم چاومان تێئەبڕیت و ناوێرین قسەیەک بکەین؟ ئێمەش ئێستە گەورەین و ئەقڵمان بەشت ئەشکێت و بۆمان هەیە بۆچوون و هەست و بیرمان دەربڕین و ئێمەش قسەیەک بکەین.
عەبەی باوکی چاوی چووە تەوقی سەری و بە حەپەساوییەوە گوتی:
بەخوا جوانە. دەردی کاک دڵشاد گوتەنی وەڵا بلیتی یانەسیبمان بۆ دەرچووە لەم سەفەرەدا، چەتیو دەمت داخە با هەڵنەسم بە شەق دەم و ددانت پڕکەم لە خوێن. من لەبەر قازانجی ئێوە وا ئەڵێم، نامەوێت مێشکی خۆتان بەو قسە قۆرانەوە خەریک بکەن. هەمووی بۆ چەند ڕۆژێک هاتووین و ئەڕۆینەوە و ئێمە هەقمان نییە بەسەر شەڕ و ئاژاوەوە. من ئەمەوێت ئێوە تەنیا مێشک و دڵتان لای خوێندن و دوارۆژی خۆتان بێت، نە بە من و نە بە ئێوە وەزعی ئەمان چارەسەر ناکرێت. بۆ ئێمە سەری خۆمان بیەشێنین و خۆمان بکەین بە کەوا سپیی بەر لەشکر؟ ئەمجارە محەمەدی کوڕی هەڵیدایە و گوتی:
ئەرێ بابە لای تۆ ژیان و دونیا هەمووی پارەیە؟ ئەبێ خەڵک نە هەستی هەبێت نە بیر لە خەڵک بکاتەوە و نە دڵی بە کەسەوە بێت و نە بیر لە تەگەرە و نەگبەتیی خەڵک بکاتەوە. تەنیا هەر هۆش و گۆشی لای پارە و دەستکەوت و دوارۆژی خۆی بێت. ئەی بۆچی

پێمان ئەڵێن ئینسان؟ وەڵا دەسا کە من ئەشرۆمەوە سوید ئیتر لەسەر مێزی خوێندنگەکەشما و لەناو لاپەڕەی کتێب و درەسەکانما هەمیشە دیمەن و دەموچاو و وێنە مەلوولەکانی ئەو هەژارە پیر و کەساسە برسییانەی تیا ئەبینم، هێز نابێت لەمەولا لام بدات، ئەبێ تێکەڵی هەموو چالاکییەکی ببم بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵ و وەزعە. هەرچەندە چالاکی و تێکۆشانەکە بچووکیش و بەپێی توانا و لە توانا زیاتریش بێت، لەمەودوا بە قسە، بە قەڵەم، بە کردەوە و ڕەفتار بەشێک لە ڕۆژانە و هەفتانەم هەرچەندە کەمیش بێت. بەڵام هەر ئاوها وەکو تا ئێستا بووم بە بێکارە، بێغیرەت نابم و نامێنم، دوژمنی خوێنەخۆی ئەو کەس و جەماعەتەش ئەبم کە زەرەر و زیان بە ئاواتی کورد ئەگەیەنێت. عەبە چاوی ئەوەندەی تر زەق بوو لەم قسانەی کوڕەکەی.

لەبەر ئەوە هیچی پێ نەماوە و لەوە زیاتر کە تفێکی قایم و گوڕیان بۆ هەڵدات و بە چەپۆک بەربێتە سەری خۆی و وا ڕابکات بە شوێن سەبری خانی ژنیا، کە داخی دڵی خۆی لەو دەربێنێت.

***

عەبە بۆ سبەینێ کەوتە پەلەپەل و گوتی ئەبێ بگەڕێمەوە سلێمانی. دەی خۆتان ئامادە بکەن. هەرچەند خزمەکانی سەبری خان ناڕەزایی خۆیان دەربڕی و گوتیان:

کوڕە خۆ هەمووی دوو ڕۆژە هاتوون.

بەڵام فایدەی نەبوو. عەبە لە قسەی خۆی نەهاتە خوارێ و لای وا بوو خەتای هەولێرە کە مێشکی منداڵەکانی گۆڕیوە و ئەگەر بچنەوە سلێمانی دونیایان لە بیر ئەچێتەوە. ئەو نەیزانی کە منداڵەکانی پێش هاتنە هەولێر و بگرە کە هێشتا لە کرمانشاە بوون و چاویان بەو پێشمەرگە بریندارە کەوتبوو و گوێیان لە قسەی کاک ڕۆستەم و خوشکی بووبوو، ئەوان هەر دەستبەجێ گۆڕابوون لەگەڵ منداڵەکانی دڵشاد و زۆر جاریش بە دزییەوە بۆ ئەو خەڵکە گریابوون، تازە

لەدەست عەبە دەرچوو بوون، ناو دەروونیان کڵپەیەکی وای سەندبوو کە بە هیچ هەڕەشەوگوڕەشەی سەد ئەوەندەی لە هیی باوکیان خراپتر و توندتر نەئەکوژایەوە و لە بیر نەئەچووەوە، چ هەڕەشە و لۆمە و تانەیەک، یاخود چ خۆش ڕابواردن و کەیفی ئەتوانین کارەساتی وڵات هاووڵاتیی مرۆڤ لە بیر مرۆڤ بەرنەوە، ئەگەرچی ڕەنگە سەدەها خەڵکی بێباکی خۆپەرستی وەکو عەبە هەبن، بەڵام ئەوانە نابێ ناویان بنرێ مرۆڤ و بە جنی مرۆڤیان دابنێین. ئەوانە ئەبێ پێیان بگوترێ حەیوانی کێوی، نەک حەیوانی کێوی، چونکە حەیوانی کێویش هەوڵی کولانە و ئەشکەوت و کون و کەلەبەری ئەدات و جاری وا هەیە لە بەردەمی کونە ئەشکەوت و جێ ژیانەکەی دائەنیشێت و ئەگەر بێت و کەسێک هات بە لایەوە، ویستی لێی داگیر بکات، یا لەناوی بەرێت. بە هەموو هێز و توانا و دڕەندەیی خۆیەوە لەسەری ئەکاتەوە و تاوەکو مردن لەسەری ئەکاتەوە، لەبەر ئەوە ئەبێ بەو جۆرە کەسە بێ هەست و غیرەتانە بڵێین حەیوانی خوێڕی.

ڕۆژی جمعە بوو ئاسکە خان و مێردی منالی خۆیان ئامادە کردبوو کە لەگەڵ هەندێ خزمیان ئەو ڕۆژە بڕۆن بۆ سەیرانی سەرچنار و لەوێشەوە سەرێکی دوکان و ئەو ناوەش بدەن و ڤیان و ئەڤین کراسی کوردییان لە بەر کردبوو، کە تازە بۆیان تەواو بووبوو، ژیلوان دەستە جلەکەی ئەویش لەوەتەی تەواو بووبوو لە بەریا بوو، زۆریشی لا جوان بوو لەگەڵ مەلەوانی برای کە هەر حەوت هەشت ساڵ بوو. کاک دڵشادی هەڵپەهەڵپکەر پەلەی بوو کە زوو بڕۆن، نەوەکو میوان بێن و گەڕانەکەیان لێ تێک بدەن، تاقەتی لە میوان و خزم و لاواندنەوە زەردەخەنە دابەشکردن چوو بوو. حەزی ئەکرد هەندێ سەیرانیش بچێت. بەتایبەتی ئەبوو هەفتەی داهاتوو بگەڕێنەوە بۆ سوید. ئەبوو پێش کاتیش بڕۆن بۆ کرمانشاە چاوەڕێی وەرەقەی عبوور و ئەو جۆرە ئیشانە بکەن، بۆیە لە ئێستەوە کەوتبووە پەلە و هەڵپەهەڵپ، سەری کردبووە سەر ژن و منداڵەکانی کە:

دەی زوو کەن خۆتان کۆکەنەوە، ئەوەندەمان نەماوە کە بڕۆین. ژن و منداڵەکانی بەو پەلەپەلەی ڕاهاتبوون لەبەر ئەوە ئەوەندە خۆیان سەغڵەت نەئەکرد، پێیان ئەگوت:

ئێ باشە وا خۆمان کۆ ئەکەینەوە.

لەڕاستیشدا گوێیان نەئەدایە، چونکە هێشتا هەفتەیەکیان مابوو و ئەم پەلەیەی بۆچی بوو.

بەڵام دڵشاد خوو و تەبیعەتی وا بوو لە هەموو ژیانیا ئەگەر نەهاتایە و بیانگوتایە کە ئەچن بۆ سەفەرێک، سێ ڕۆژ لەوەوپێش ئەکەوتە پیاسە و بەدیار جانتاکەیەوە دائەنیشت و ئارامی لێ هەڵئەگیرا. ئەگەر بییان گوتایە خۆی یا ژن و یا یەکێ لە منداڵەکانی بڕیارە سبەینێ ئێوارە بڕۆن بۆ لای دکتۆر، یا شوێنێکی تر کە کاتێکی دیار بێت، ئیتر ئەم پیاوە ئارامی لێ ئەبڕین و هەر ئەهات و ئەچوو ئەیگوت:

دەی درەنگە ئەوە بۆ خۆتان ئامادە نەکردووە.

لەبەر ئەوە دڵشاد ئەو ڕۆژە ئەتگوت لەسەر ئاگرە، هەر چاوی لە دەرگایە و دەستی ئەدا بەیەکا و ئەیگوت:

ئەوە کاکم چیی لێ هات؟ ئەوە لە کن خۆی چووە بەنزین بکاتە ئۆتۆمبێلەکەوە، کەچی چوو و نەهاتەوە، ئێستە لەوێ خەڵکەکە چاوەڕێمان ئەکەن، ئاخری هەموو شتێک ئامادە بوو. کەوتنە ڕێ بەرەو سەرچنار، بەدرێژایی ڕێگای سەرچنار و لە سەرچنار خۆشی دڵشاد بە زەردەخەنە و ڕووی گەشەوە ئەیگوت:

وەڵا شوکور خەڵکەکە هیچ گرانی و نەبوونی ئەوەندە پێیانەوە دیار نییە، هەموویان بە جلی ڕێکوپێکەوە بەسەر جادەکانەوەن. سەیری ئەو هەموو ئۆتومبێلە کە هەندێکیان هەر ئەڵێی ڕەخشن، ئیتر بۆچی ئەڵێن بەنزین نییە و خەڵک حاڵی پەرێشانە؟ ئەوەتە خۆ سەرچنار بەرناکەوێت لەبەر سەیرانکەر.

ئاسکە بە گورجی وەرامی دایەوە و گوتی:

ده بڵــێ ماشــەڵڵا یــاڕەبی ســەد ئەوەنــدە ئوتومبێــل زۆر بێــت سەیرانکەریش هەر لە سەیران بن.
سەربەستی شووبرای گوتی:
پێتان ناڵێم خەڵکی بێعار بوون و ڕاهاتوون لەگەڵ گرانی و نەبوون.
کاک سەربەست لەسەر قسەکەی ڕۆشت و گوتی:
ئەم ئوتومبێل و ڕەخشانە ئێوە باسی ئەکەن و ئەبینن خۆ هی خەڵکی ئەنفالکراو و خەڵکی ئۆتردوگا و هەژار نییە، ئەمانەش خەڵکی خۆیان هەیە ئەمانە سێ بەشیان لێپرسراو و کاربەدەستی حزبەکانە، ماشاڵا لەچاو نەچن حەڤدە حزب دروست بووە لە کوردستان و بەشەکەی تریش هەمووی هی خەڵکی قاچاخچی و تازە پیاکەوتوو و دز و بازرگانی شەڕن، هەندێکیشیان هی ڕێکخراوە خێرخوازەکان و کارمەندانی یوئێن و ئەوانەشی کە شڕن و ژەنگ نیوەی خواردوون یا دەرکی ڕەنگێکی تری پێوە کراوە و یا تایەکەی بە گوریس بەستراوە ئەوانەش هی خەڵکی وەکو ئێمەو مانانن، یەعنی مامۆستای قوتابخانە و کارمەندان و ئەو جۆرە کەسانەن، هەموویان دەستیان کرد بە پێکەنین.
جەماعەت بەینێک لە سەرچنار ڕایانبوارد، چینێ نانیان خوارد، دوایش پیاسەیان کرد، ئنجا سواربوونەوە بەرەو دوکان، کە لەوێ سەیرانەکەیان تەواو کەن، بە دیتنی دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی ئەو ناوە، سەر گۆم و ئاو و چەمە دڵگیرەکەی دوکانیش وەکو سەرچنار پڕ بوو لە سەیرانکەر. هەندێ خەریکی مەقەڵی و ئاگر و گۆشتبرژاندن بوون، هەندێ خەریکی چا و سەماوەر بوون، هی کە خەریکی قسەوباس و میوەخواردن بوون، هەندێکی تریش لە پەناوپاسار خەریکی خواردنەوە و زەڵاتەخواردن و دۆغرەمەهەڵقوڕاندن بوون.
جەماعەتیش گەیشتن و دابەزین و لە قەراغ ئاوەکە دانیشتن و خەریکی سفرەدانان و تەواوکردنی ئیش و خواردنەکانیان بوون، دڵشاد سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و گوتی:

ماشـالاّ خـۆ ئێـرەش هەر پـڕە لە سـەیرانکەر. بەڕاسـتی دیمەنـی ئەم خەڵکە و ئەم سەرانکەرە ورەی مرۆڤ بەرز دەنەتەوە.
سەربەستی برای ئۆفێکی هەڵڕشت و وەڵامی دایەوە و گوتی:
دە ئنجا تۆ بێنەرە بەرچاوت ئەگەر ئەم شـەڕ و ئاژاوەیە نەبوایە، ئەو پـــارەیەی لەم شـــەڕە ســـەرف ئەرێـــت و لەنـــاو ئەبرێـــت لە ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بوژاندنەوەی دەستگاکانی حکومەت سـەرف بکرایە، هەر بەم دوو سێ ساڵە بزانە ئێستە بزانە ئەم وڵاتە چیی لێ ئەهات، بەخوا بەخوا هەر ئەبو بە بەهەشتی تەواو بەڵام ئاخ چی بڵێم. بەڕاستی قسەم نەماوە کە بیڵێم لەوە زیاتر کە خوا ئاوێکی ڕەحمەت بکات بەم ئاگرەدا و خوا ڕەحمێک بەو کوردە داماوە بکات.
شەرمن خانی ژنی هەڵیدایە و گوتی:
دە بەس ئاخ و ئۆف بکە، وەڵا و بیلا دڵمان توایەوە. خوا گەورەیە. تۆ بـڕوات بەوە هەبێت کە خـوا بەقوربـانی بـم ئەم هەقە و ئەم غەدرەی لەم فەقیر و هەژارە و هەتیوو و کەسانە دەکرێت هەر وا بە ئاسـانی بەسـەر ئەو کەسـانەوە نـاڕوات. کە وەکـو ئـایەتە پیـرۆزەکە ئەڵێت (ان اللـه سـبحانه بهـل ولا یهمـل) ئیتـر ئەو کەسـە هەر کەسـێک بێت حەز ئەکەیـت بـاکم بێـت، شـەرمن لەسـەر قسـەکەی ڕۆشـت و بە مەراقەوە گوتی:
خۆزگە ئێستە هەواڵێکی مێردەکەی شـەونمی خوشـکم ئەزانی. شـەوێ دیسان زراوەکەی هاتبووە ژان و بردبوویان بۆ خەستەخانە.
سەربەستی مێردی وەرامی دایەوە و گوتی:
ئەی بەیانی لە ڕێگاوە نەچووم سەرم دا؟ شوکور زۆر باش بوو. ئەو گـوتی توخـوا ئەگەر ئەچـن بـۆ سـەیرانەکەتان لەبەر کـاک دڵشـاد و منداڵەکانی بەخوا چاک چاکم.
دڵشاد تێکەڵی قسەکردبوو گوتی:
ئەرێ حـــاڵی خەســـتەخانەکان چـــۆنن لە کوردســـتان، جـــاران خەستەخانەی چاکی لێ بوو؟

سەربەست بە زەردەخەنەیەکی تەوساوی و بێتینەوە وەرامی دایەوە و گوتی:
خەستەخانە ئەڵێیت؟ بۆچی خەستەخانە و کەلوپولی خەستەخانەیان هێشت؟ تاوەکو کورسی و مێزی دائیرەکانیشیان هێشت؟ لە کاتی ڕاپەڕینەکە و دوای ڕاپەڕینەکە خەڵکی هەمووی تاڵان کرد و برد و هەمووی لە سنوورەوە سەرەوخواری ئێران کرا، ئەمە بەخێرێ کە گوایە حەق لە حکومەتی بەعس ئەکەنەوە و شتی ئەو تاڵان ئەکەن، لە ڕاستیشدا ئەم حەقە هەر لە کورد خۆی کرایەوە و وڵاتی ئەو وێران و خاپوور بوو. سەربەست بە داخ و ڕقێکەوە سەری ڕاوەساند و دەستی دایەوە بە یەکا و گوتی:
باوەڕ ناکەم میللەت هەبێت وڵاتی خۆی وا وێران بکات، وەکو کورد، بەخوا برا میللەتێکی حازر و ئامادەن بۆ تاڵان. سەربەست دەستی ڕاوەساند و لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:
کورە برام دەستگاکانی (رونتکەن) اشعە و شتی وایان هەڵکەند و دزییان و بردیان بەرەو ئێران، خەڵکی هەر سەری سووڕ ئەمێنێ کە ئەمە چۆنیان بۆ دەرهات و هەڵکەنرا و برا، عەسکەری عێراقی چی بەسەر خەستەخانە و دەستگاکانی کوێت هێنا، کوردیش وای لە خۆی کرد، خۆ باسی هەولێر و ئەو ناوە مەکە، باخچەی مناڵانی هەولێریان هەمووی هەڵکەند و دزییان و ناردیانە دیوی ئێران فرۆشتیان لە هەولێر. (باخچەی منداڵان- مدینە العاب) هەبوو، کورە برام چەند دکتۆریان کوشت لەبەر دەستگا و کەلوپەلی خەستەخانە. سەربەست زۆر پەست بوو سەری ڕاوەساند و گوتی:
توخوا با باسی نەکەین. من هەر بە جارێک شێت دەبم کە بیر لەو دزانە ئەکەمەوە، ئاسکە خان هەڵیدایە و گوتی:
توخوا کاک سەربەست گیان خۆت ئەوەندە نارەحەت مەکە، ئیتر ئەم باسانە مەکەن و سەلاواتی لێ بدەن.

***

دوای هەفتەیەک خێزانی عەبە و دڵشاد و ماڵ و منداڵیان خۆیان ئامادە کردبوو و گەڕانەوە. دوای ئەوەی عەبە پولەکی ئیشە بازرگانییەکانی هەمووی وەکو کۆمپیوتەر تەسجیل و قەید کرد، فلس فلس دینار دینار قازانج و دەستکەوت و زەرەر و زیانی لە ئیستەوە خشتەی کێشا بوو بۆ پڕکردنەوەی مەسرەف و زیانەکەی کە بە هۆی ڕێگاوبان و سەفەر و بلیت و تەیارە و ئوتێلی ئێرانەوە ئەیکرد و کردبووی، هەروەها دوای ئەوەی زۆر پشتڕاست و دڵنیاش بوو لە بابەت خانووە خۆشەکەیەوە کە کڕیبووی و دابویە دەست خزمێکی زۆر دڵسۆز و ساویلکەی، کە عەبە ئەیزانی لەوانە بۆ ئەو خزمەی ئەوەندە ئاگاداری خانوو و فەرش و کەلوپەلەکانی بێت کە لەوانە بوو لە دەمی ماڵ ومنداڵ بگرێتەوە و بینێتە سەر ئەوەی خشتێکی ئەو خانووەی زیانی پێ نەگات، بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەم خانوو و کەلوپەلە ئەمانەتە و دراوەتە دەست ئەو، کە تیای بژیت و ئاگای لێ بێت. ئەوەندە کابرا لەخواترس و دڵسۆز و پاک بوو، هەرچەندە دڵشاد هەڵپەهەڵپکەریشی کەمتەرخەم و بێهەست و دوورەپەرێز بوو لە کوردایەتی و سیاسەتدا، بەڵام وەکو عەبە پولەکیی قیرسچمە زەوقی تیجارەت و بازرگانیی نەبوو، ئەو هیچی نەکڕی و هەر گوێشی لە شتی وا نەبوو. هەرچییەکی پێ بوو لەگەڵ ماڵ و منداڵی بۆ خۆیان خەرجیان کرد و بەپێی توانا بەشی خزم و کەس و ئاشنایان لێ دا، لە شتی کوردەواری زیاتر و شتی سووک و بچووک نەبێت، هیچی کەیان لەگەڵ خۆیان ئامادە نەکرد بۆ بردن.

ئاخریشی خێزانەکەی لە هەمان ڕێگای کە پیایدا هاتبوون، بەوێشا ئەبوو بگەڕێنەوە، چونکە پارتی و پەکەکە شەڕەکەیان زۆر خەستتر بوو، بۆیە جەماعەت ناچار بە ڕێگای ئێراندا گەڕانەوە. بە هەمان بەزمی وەرەقەی عبوور و دواکەوتن و بە مانتۆلەبەرکردن و لەچکبستنەوە.

له تاران ماوەی دوو ڕۆژیان هەبوو کە بۆخۆیان بگەڕێن و دیمەنە جوانەکانی تاران ببینن، چونکە ئەمجارە وەرەقەی عبوور زوو جێبەجێ بوو زۆر لە کرمانشاە بەندنەبوون، بۆیە دوو ڕۆژی مابوو بۆ کاتی فڕینی فۆکەکەیان.
عەبە دیسانەوە مێشکی بە لای شتکڕین و بازرگانییەوە لای دا و لە دڵی خۆیا گوتی:
چ باشتر کە ماوەمان هەیە لەناو بازاڕ بسووڕێینەوە. بەشکم یەک دوو فەرشی بچکۆلەم دەست کەوێت. دواییش پەشیمان ئەبووەوە و ئەیگوت:
نە بابە بەشی خۆم بە زیادەوە فەرش و شتم کڕیوە، ئەڵێن تاران زۆر شوێنی خۆشی هەیە، با ئیتر هەندێ بگەڕێم و بڕۆین چلوکەبابە بەناوبانگەی تاران بخۆین. بەسە زۆر شتم کڕیوە، سەبری و منداڵەکان هەقیانە هەر ئەبۆڵێنن، با ئەم دوو ڕۆژەی بە دڵی ئەوان بێت. بۆیە ڕووی کردە دڵشاد و سمایلی چاوساغیان و ئەیگوت:
کاکە من لەوێ هەموو کارەکانم تەواو کردووە. با ئەم دوو ڕۆژە بە دڵی منداڵەکان بکەین.
سەبری بە حەپەساوییەوە سەیری کوڕ و کچەکەی کرد. بە مەعناوە هەر وەک بە یەکتر بڵێن:
ئەمە ڕۆژ لە کوێوە هەڵهاتووە ئیمڕۆ؟
جەماعەت شوێن یەک کەوتن بۆ گەڕان و ناو بازاڕ و سەیری سەماوەر و پەتوو و فەرش و شتە تایبەتە نایابەکانی ئێران. کاک عەبە کە بە دوکانێکەوە ئەنووسا، ئیتر لێی نەئەهاتە دەرەوە. ئەو هەر سەوا و معامەلەی شتەکانی ئەکرد و هەر موجادەلە و مەحکەمەی دوکاندارەکانی ئەکرد. عیلم و فەلسەفە و زانستی خۆی بۆ هەر شتێک بە جۆرێک، کە لە دوکانەکان کابرای دوکاندار ئەوەندە لێی بێزار بوو، خەریک بوو هەر بە پاڵەپەستۆ دەری دەکاتە دەرێ و لە کۆڵی خۆی دەکاتەوە.

کوڕ و کچەکەی ئەوەندە تەریقبوونەوە، هەر خەریک بوو لێک ببنەوە. سەبریی دایکیان خۆی پێ نەگیرا و گوتی:
خۆ تۆ بەیانی گوتت ئیمڕۆ بە دڵی منداڵەکان ئەبێت و تۆ هیچ ئیشت نییە، کەچی ئەوێ بە دڵی منداڵ نەبوو، ئەم گەڕانە بوو، چونکە لە بەیانییەوە چووینە ناو دوو سێ دوکانەوە و ئیتر نەهاتییە دەرێ و منالّی بەسەزمان لە بەردەرکی دوکان ڕەقبوونەوە و بە هیلاک چوون کە ئەوەندە چاوەڕێیان کردی. عەبە عەینەکەکەی جوڵاندەوە و هەندێ کۆکی و ڕووی دەمی کردە سەبری ژنی و گوتی:
ئەوە نییە لە بازاڕن، بۆخۆتان سەیر بکەن. خۆ دەست و پێم نەبەستوون، ئێوەش سەیری دوکانی تر بکەن، وا بزانم هەموو شتێکمان خۆتی تێ هەڵئەقورتێنی نابێت. دڵشاد خۆی پێ نەگیرا و هەندێ شانی هەڵتەکاند و گوتی:
ئاخر کاکە گیان ئێمە سەیری دوکانێک بکەین و تۆ سەیری دوکانێک بکەیت، دوایی لەیەک دائەبڕێین و لەیەک ون ئەبین. وەکو ئەزانی شارەزاش نیین دوایی چی بکەین.
سەبری لە تووڕەییدا هەر دەستی خۆی هەڵگلۆفی و گوتی:
بۆ ئەوەی ڕۆژەکان بەوەدا بڕوات کە بەشوێن یەکتردا بگەڕێین و ئەگەر خەڵک لەیەک ون بوون لەناو ئەم هەموو حەشر و قەرەباڵغییەدا، چۆن ئیتر یەکتر ئەدۆزنەوە؟ سمایل ویستی قڕەکە ببڕێتەوە و واش دیار بوو کە برسیی بوو، چونکە نەوسن بوو. لە کاتی نانخواردندا خۆی پێ نەئەگیرا، ئەگەرچی ئەمبەر و ئەوبەریشی ئەکرد لەگەڵیا، بەڵام هەموو هۆش و بیری لای ڕیستورانت دۆزینەوە بوو، کە ئایا کامیان باشترە و کامیان هەڵبژێرێت بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، بەتایبەتیش کە دەعوەتی ئیمڕۆ لەسەر کاک عەبە بوو و سمایل چاکی ئەناسی کە چەند ڕەزیل و پولەکییە، بۆیە هەر وەک ئەیویست تووشی مەسرەفی کات، بۆیە ئەو سەرقاڵی ئەوە بوو، ئاخری لەدوای ئەو جۆرە تووڕەبوونانەی ئاشکرا و بۆڵەی نادیاری

هەردوو خێزانەکە لە کردەوەی ناجۆر و بێزارکەری کاک عەبەی قیرسچمە گەیشتنە بەردەمی ڕیستورانێک لەسەر شەقامە بەناوبانگەکەی پەهلەوی، جاران وەکی عەسری ئێستە، چوونە ژووری. سەعات نزیک یەک و نیوی نیوەڕۆ بوو ڕیستورانتەکە قەرەباڵغ بوو و جمەی ئەهات لە ژنی لەچکبەسەری مانتۆلەبەری ڕێکوپێک. زۆری خەڵکەکە لە دەوڵەمەند و خانەدانی لیقەوماو ئەچوون، لەژێر مانتۆکانیان کراسی جوان و شیک ئەبینرا و کەچکی ئاوریشمی گرانقیمەتیش بەسەریانەوە، پیاوەکانیش تێکەڵوپێکەڵ بوون زۆریان ئەفەندی و بە سەروسیما بوون و دەردی خۆیان گوتەنی لە تاغوتی ئەچوون، تاغوتی بەو چینە دەوڵەمەندەی زەمانی شاه ئەگوترێ، دیار بوو حاڵیان باش نەمابوو، بەڵام دەردی مەسەلەکە ئەڵێت (مزگەوت ڕوخا بوو میحرابی مابوو) جەماعەت لە دەوری مێزێکی یانزە دە نەفەری دانیشتن. لیستی خواردن درایە دەستیان. هەر زوو عەبە پەلاماری یەکێ لە لیستەکانی دا و نای بە عەینەکەکانیەوە. چاوەکانی هێنانەوە یەک و تا توانیی کردنیەوە، دواییش گوتی:

خۆ ئەمە بە فارسی نووسراوە جا چوزانم ئەڵێ چی و ناوی خواردنەکان چین، ئەگەرچی خەڵک زۆر خەیاڵی بداتێ تێئەگا وەکو کابرای عەرەب گوتی:

کوردی و عەرەبی تیکەڵ بکە ئەبێت بە فارسی. بەڵام وەڵا واش نییە، یەکجار شارەزاییەکی تەواوی ئەوێت. سەبریی ژنی بە دزییەوە لچی خۆی هەڵقوڕاند و لەگەڵ کچەکەی سیخومەیەکی بچوکیان لەیەک دا، کە هەر وەک بڵێن:

ئیمڕۆ ئەم کابرایە زۆر گۆڕاوە، خوا ڕەحم بکات.

سمایل دەستی پێ کرد و ناوی خواردنەکانی بۆ خوێندنەوە و پێی گوتن چی و چییە. کوڕە شاگرد هات و داواکانی بۆ جێبەجێ کردن، ئەوانیش کەوتنە خواردن. ئەوەندەی پێ نەچوو کچ و کوڕەکانی

هەردوو خێزانەکـان دەسـتیان لە نـانخواردن هەڵگـرت، کە قاپەکـانی بەردەمیـان ئەتگـوت هەر دەسـتی بەر نەکەوتـووە، هەرچەنـد دایـک و باوکەکانیان بە سەرسوورمانەوە گوتیان:
ئـاخر بـۆ ڕۆڵە ئێوە هەر هیچتـان نەخـوارد، بەڵام فایـدەی نەبـوو. هەر گوتیا تێر بووین.
ئاسکە خان کە شارەزای کوڕ و کچە گەورەکەی بوو، هەر زوو زانیی کە بۆچی دەستیان لە نان هەڵگرت:
چونکە سمایلی ئاشنا و چاوساغیان بەجۆرێ قۆڵی لێ هەڵماڵی بوو، کەوتبووە پاروتێگلاندن. هەر وەک چەند مانگ و ڕۆژێک بێ چاوی بە نان نەکەوتبێ و ئێستە وا نانخواردنی دیوە، وا بە چنگ تێکەوتـووە و ئەتگوت لە دەمی گا بەربووبوو، چەنـاگە و سـمێڵی بە جارێک لە شـلە و پلاوەکە نابوو. کەوچک و چەتاڵی فڕێدابووە ئەولایەوە و بە دەست تێیبەربووبــوو. وا بە پەلە ئەیخــوارد، ئەتگــوت لەشــکری بەدواوەیە. ئێستە لە دەستی دەریئەهێنن. فڕی وای لە ماستاوەکە ئەدا، هەندێک لە خەڵکی زۆر نزیک لە مێزەکەیان ئاوڕیان لـێ ئەدانەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا کە ئەو جــۆرە فڕلێــدان و قــرقینەدانە لای ئەوروپــی زۆر عەیــب و شـورەییە و زۆری ئەوانەی لەو ڕیسـتورانتە ڕەنـگە پلـەی زانسـتی و پێشــکەوتنیان هەر وەک ســمایل بــووبن. لەگەڵ ئەوەشــا لەژێــرەوە سەیریان ئەکرد.
تـا وای لـێ هـات کـاک عەبە دەمـهەراش بەدەم قوتـدانی پـاروەکەی دەمی خۆیەوە ڕووی تێکردن و گوتی:
کــاک ســمایل وا بــزانم ئێســتە ئەمــانەی دەوروپشــتمان بە کێویمــان ئەزانـن، ئەگەر بە خێـری خـۆت بتـوانی هەنـدێ لەسـەرخۆ نـانەکەت بخۆی.
لەگەڵ ئەوەشا سمایل گوێی نەدایە و کەبـابی سـەر قاپی منالەکانیشـی کە نەیـانخوارد، هەڵیگـرت و خسـتیە سـەر قـاپەکەی خـۆی بە گـوپی پڕەوە گوتی:

بۆچی بەجێی بهێڵین، پارەمان پێداوە؟
کاک عەبە هاتە سەر پارەدان، چەند جارێک حسابی کرد و لێی داشکاند و خستیەوە سەری، کاغەز و قەڵەمی دەهێنا و چەند جارێک هەڵیگێڕایەوە سەر دۆلار و کردی بە پارەی سویدی. دوای ئەوەی شاگردەکە قاچی شکا ئەوەندە هێنای و بردی، پێکەنی و گوتی:
وەڵێ زۆر هەرزانە. ئێستە ئێمە یانزە کەسین، ئەم هەموو خواردنە ئەیکردە پازدە دۆلار، ئەم خواردن و دەعوەتە لە سوید بوایە ئەیکردە هەزار کرۆن، نزیک دووسەد و پەنجا دۆلار و زیاتر.
کاک دڵشاد پەرداخە ماستاوەکەی هەڵقوڕاند و گوتی:
جەماعەت لە ئێستەوە شەوێ لای من دەعوەتن.
منالّی هەردوو لایان لەگەڵ ژنەکان یەک لەدوای یەک گوتیان:
ئێمەی تێمەکەن توخوا. تاوەکو سواری تەیارەکە نەبین، پیمان لە ئوتێلەکە نایەتە درەوە.
مندالّی هەردوو خێزان کەوتنە چرپەچرپ لەگەڵ یەک و بەڵێنیان بە یەک دا بۆ خۆیان هەر لە ژووری ئوتێلەکە حەپس بن چاکترە لەم گەڕان و دەعوەت و نانخواردنەی ئەمان.

***

هەردوو خێزانەکە گەیشتبوونە سوید، هەر کە گەیشتبوون بۆ ڕۆژی دووەم ئاسکە خان خۆی پێچابووەوە و کەوتبووە ڕێ بەرەو پیرخانەکە. دڵشادی مێردیشی چووبوو بۆ لای ئیشەکەی، کە شاگرد قەساب و ئیشکەری ناو دوکانەکە بوو.

عەبە ماشاڵڵا جلی ڕەنگی و (خومی) چەشنی ئێشکگر و دەرگاوانی لە بەر کردبوو. کاسکێتی بە نیشانەی کارگەی ئەو شوێنەی کاری لێ ئەکرد نابووە سەری. عەینەکە زەرەبینییەکانی لەژێر لێواری ئەو کاسکێتەی بریقەیان ئەهات و ئەوەندەی تر زەقیی چاوەکانی ئەخستە ڕوو و بەرچاو، بە پەلە بە گودانەوە ئەڕۆیشت بەرەو ئیستگەی شەمەندەفەری ژێر ئەرز و ئەبوو دوای ٥ پێنج ئیستگەی تر دابەزێت

و شەمەنەفەرێکی کە وەگرێت. تاوەکو ئەگەیشتە شوێنی کارەکەی، کە لە کوردستانیش بوو وا سنگی دەرئەپەڕاند و کاتی کڕین و هەڵبژاردنی کەلوپەل و فەرش و قاڵی وا خۆی بە لێزان (دوور)ناسی پیشانی ئەم خەڵکە ئەدا. بەجۆرێک کە نزیکترین کەسی بەخیلیی پێ ئەبرد و لە دڵدا ئەیگوت:

ئۆو خۆزگەمان بە خۆت. خۆزگە ئێمەش بۆمان بکرایە وەکو تۆ لە ئەوروپا بژیاینایە و بەو هەموو دۆلارەوە بهاتینایە وڵات، ئەوان لە کوێ ئەیانزانی کە ئەو ئەمە بۆ دوازدە ساڵ ئەچوو فلس فلس و پول پول خستوویەتییە سەر یەک و هەزار کەمایەتی و پاڵپێوەنان و دەرکردنی قبوڵ کردووە و پارووشی لە قوڕگی مناڵی گیر کردووە تاوەکو ئەم دۆلارانەی کۆکردووەتەوە.

سەبری خانیش هەر زوو خۆی گەیاندبووە شوێنی ئیشەکەی، کە پەرۆشگاهێکی منداڵانی بە سەربەست بوو. سەبری خان قۆڵی لێ هەڵماڵی بوو. بەروانکەی لێ کردبووە بەر و کەوتبووە ناو منداڵە ساواکان. ئەمی ئەشت و ئەوی ئەدواند. پەڕۆ (وناپی) ئەمی ئەگۆڕی: یەکێ چاوی لەو چوار نەفەرە بوایە هەر قەت قەت و هەرگیز بڕوای نەئەکرد کە ئەمە لەو کەسانە بوون کە هەفتەیەک لەوەوپێش لە کوردستان لەناو کەسوکار و ئاشنایان وا دەورە درابوون نەئەکەوتنە سەر ئەرز، کەچی هەر بۆ ئەوەی بڵێین لە ئەوروپا ئەژین، ئەم جۆرە سوکایەتییەیان قبوڵ ئەکرد و هەزار ساختە و فرتوفێڵیشیان بەدەمەوە ئەکرد.

مەکتەب هێشتا نەکرابووەوە، لەبەر ئەوە منداڵی هەردوو خێزانەکەی لەماڵەوە مانەوە، خەریکی پشوودان و هەندێ وردەئیشی ناوماڵ و هی تایبەتی خۆیان بوون.

ئێواری ژیلوان چووە دەرێ، سەری یەک دوو دوکانی نزیکی گەڕەکەکەیانی دا بۆ ئەوەی هەندێ شت بکڕێت، ئەوەندەی پێنەچوو گەڕایەوە ماڵێ و بانگی ڤیانی خوشکی کرد و بە گەرمییەوە گوتی:

ئەزانن سبەینێ خۆپیشاندان هەیە لە بەردەمی سەفارەتی ئەڵمانی، چونکە ئەڵمانیا سێ چوار کوردی ئەڵمانیایان دەرکردووە و ڕەوانەی تورکیایان کردووە و خواش ئەزانێ کە چییان بەسەر دێنن، ئەڵێی چی ئێمەش بچین؟ ئەی ئێمە بەڵێنمان نەدا کە ئیتر لەمەودوا تێکەڵی چالاکی و شتی وا نەبین؟

ڤیان دانیشتبوو سەیری تەلەفزیۆنی ئەکرد و چووبووە ناو فیلمەکەوە.

ژیلوان دەستی خستە سەر شانی و ڕایوەشاند و گوتی:

لەگەڵ تۆمە گوێت لێم نەبوو چیم گوت؟

ڤیان گورج بووەوە هەستایە سەرپێ و گوتی:

گوێت لێیە، ئەرێوەڵا زۆر چاکە. ئەی چۆن نایەم؟ کەواتە با تەلەفۆن بۆ محەمەد و سێبەریش بکەین؟

براکەی وەرامی دایەوە و گوتی:

ئاخر محەمەد لە ڕێگا توشم هات و ئەو پێی گوتم کە سبەینێ ئێمەش بچین، هەروەها گوتیشی کە چووە برادەری لێپرسراوی کوردی دیوە و قسەی لەگەڵ کردووە و پێی گوتوون کە من و تۆ و خۆی و سێبەریش ئامادەین بۆ هەموو کار و چالاکییەک.

ڤیان هەڵیدایە و بە خۆشییەوە گوتی:

یارەبی دەستی خۆش بێت، ئەرێوەڵا چاکی کرد. ڤیان یەک قاقای پێکەنینی لێدا و گوتی:

سەیر ئەبێت باوکی بهێڵێت. بەخوا باوکی ئەوە بزانێت یەکسەر خۆی هەڵئەداتە ناو چەمەکەوە. بۆ نەگبەتیش چەمەکە نزیکماڵیانە.

ژیلوان بە زەردەخەنەیەکی زۆر خۆشەوە گوتی:

منیش وام پێ گوت: کەچی گوتی نایەڵین بزانێت و بەخوا هەرچییەکیش بکات تازە بەڵێنمان داوە. تەواو وا دانانیشین دەست لەسەر ئەژنۆ، هەر بکەین و بخۆین و بنوین و ئەو میللەتە بێچارەشمان ئەوەحاڵی بێت.

ژیلوان لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی:

ئیتر هەرچییەکمان لەدەست هات بۆ نەمانگوتووە کە پاڵەوانێتیان بۆ ئەکەین و تەگەرەیان ئاسان ئەکەین، بەڵام هاوارێکیشی بکەین دوو کەلیمە قسەش بکەین هەر باشترە لە دانیشتن بەبێ گوێدان و بە بێغیرەتی.
لەکاتی ئەم قسانەدا تەقەی دەرگا هات. ئاسکە خان بە ماندوویی و لێوی وشکەوە گەیشتە جێ، ڤیان چاوی لە براکەی هەڵتەکاند کە وسبە با ئەو نەزانێت، گەرچی ئاسکە خان زۆر زۆر گۆرابوو ئەم سەیرانەی کوردستان غیرەتی جوڵاندبوو، بەڵام منداڵەکانی ئەترسان نەوەکا لێیان تێک بدات و حەزیان نەدەکرد پێی بڵێن.
خۆ دڵشادی باوکیان ئەوە هەر هیچ، ئەبوو ئەو هەر نەزانێت، چونکە لەوانە بوو یەکسەر تەلەفۆن بکات بۆ کاک عەبە و قسەکەی پێ بڵێت بۆ ئەوەی نەهێڵێت ئەو کارە سەر بگرێت، چونکە ئەیزانی ئەگەر عەبە ئەوە بزانێ، ئەیکات بە هەرایەک کە منداڵەکانی نەک خۆپیشاندان، بگرە ناوی خۆشیان لە بیر بچێتەوە.

***

ڕۆژی دوایی دایک و باوکەکان هەر کەسەیان لە سەعات شەشی بەیانییەوە کەوتبوونە ڕێ و بەرەو سەرکارەکانیان، محەمەد و سێبەری خوشکیشی ڕاپەڕین لە خەو و کەوتنە خۆیان بەرچاییەکەیان خوارد و خۆیان ئامادە کردبوو، ڕۆیشتنە ماڵی دڵشاد بە دوای ڤیان و ژیلوان دا.
ئەوانیش ئامادە بووبوون لەدوای ئەوەی ئامۆژگاریی خوشک و برا بچوکەکەیان کردبوو کە ئەڕۆن بۆ بازاڕ و ئیتر ئەبێ خۆیان کۆ بکەنەوە و لەبەر مەکتەب هەفتەی داهاتوو ئەکرایەوە ژیلوان و خوشک و دوو هاوڕێکەیان ڕۆیشتن بۆ ئێستگەی شەمەندەفەری ژێرزەمینی و ئەبوو سەعات دوازدەی نیوەڕۆ بگەنە بەردەمی ئەو شوێنەی لێی کۆئەبنەوە.

نزیک یانزه و نیو گەیشتن. خەڵکێکی زۆر بە بایەخ و تابلۆ و نووسین و چەند جۆرەوە بە ڕیز وەستابوون، هەندێ جلی کوردییان لەبەردا بوو. هەندێ بە جلی ئەوروپییەوە بوون، هەندێکیشی وا خۆیان پێچابووەوە ئەتگوت هاتوون بۆ شەڕی جەبهە. پۆلیسی سویدی بە سواری وڵاخەوە بەو ناوەدا بڵاوببوونەوە، ژیلوان و موحەمەد و خوشکەکانیان چوون لەناو خەڵکەکەدا ڕاوەستان. یەک دوو کەس و ناسیاویان بە سەرسوڕمانەوە سەیریان کردن، دوایش سەیری یەکتریان کرد. هەر وەک بڵێن:

ئەمە چ بووە، چ قەوماوە؟ چۆن ئەم منداڵانە هاتوون؟ ئەوان لە ژیانیاندا قەت و هیچ ڕۆژێک تێکەڵی چالاکیی وا نەبوونە، ئەم هەموو کارەساتە دڵتەزێنەی هەڵەبجە بوو، ئەو هەموو ڕاپەڕین و دەربەدەرییەی کوردە بوو، ئەم کوردەی لەم وڵاتانە بڵاوبوونەتەوە، چەندەها خۆپیشاندان و ڕێپێوان و ئەو جۆرە شتانەیان کرد، ڕۆژێک کەسێکی ئەم دوو خێزانە نەبینران. ئەوە خێرە ئیمڕۆ وا منداڵەکانیان هاتوون؟

سەعات دوازدە دەست کرا بە هاتوهاواری خۆپیشاندەرەکان و ناڕەزاییدەربڕین بە دەرکردنی ئەو سێ چوار کوردە، خەڵکەکە هاواریان ئەکرد و ئەیانقیڕاند کە ئەگەر شتێک لەو دەرکراوانە کرا ئێوە بەرپرسن، دەست هەڵگرن لە کورد دەرکردن. ڤیان سەری گەرم بووبوو هەر وەک پیشەی خۆی کە خەیاڵی ئەدایە کارێک و بڕوای پێ ئەکرد. ئیتر هێز نەبوو بتوانێ لەو بیروباوەڕەی لای بدات، بۆیە بە بڕوا و گەرمییەکی زۆرەوە ئەیقیڕاند و بە ورووژمەوە ئەچووە پێشەوە و دەستی ڕائەوەشاند. یەک دوو جار پۆلیس بە سواری وڵاخەوە بەرۆکی گرت. خۆی و چەند کەسێکی تری گرت و بە زمانی سویدی بە توڕەبوونەوە گوتی:

تکایە هەر لەو شوێنی خۆتان ڕاوەستن و مەیەنە پێشەوە. لەو کاتەدا پۆلیسێکیان دارەکەی ڕاوەشاند و دای لە شانی کوڕێکی لاوازی هەرزەکار و گوتی:

بۆ دواوە بۆ دواوە.
ژنێکی تەمەن مامناوەندی قیڕاندی بەسەر پۆلیسەکەدا گوتی:
چیی کردووە؟ بۆچی لێی ئەدەی؟ نابێ ئاگات لە خۆت بێت؟ پۆلیسەکە تووڕە بوو لەسەر ئەوە دارەکەی هەڵبڕی کە بە ژنەکەیدا بکێشێت، بەڵام ژنەکە پێش ئەوەی دارەکەی بەرکەوێت خۆی لادا و شالاوێکی بۆ پۆلیسەکە برد. لەولاوە هەر ئەوەندەی زانی پۆلیسێکی تر لە پشتەوە تا خوا هێزی دابێ دارێکی کێشا بە پشتی ژنەکەدا.
ڤیان کە لە پشتەوە بوو، بەمە بە جارێک بەرچاوی تاریک بوو، وەک شێت چوو شالاوێکی زۆر گەورەی بۆ پۆلیسەکە برد و ڕایکێشا. لەسەر پشتی ولاخەکە بەجۆرێک کەوتە خوار، خەریک بوو بکەوێت قیڕاندی بەسەریا گوتی:
بۆ وا ئەکەیت؟ بۆ ئەم دارانە بەم خەڵکەدا ئەکێشی؟ خۆ ئەمانە دار و بەرد نین کەوتوونەتە بەر دەستت. ئەوە بۆ ئەوەندە دڕندیت؟ وا دیارە پۆلیس لە هەموو شوێنێک و لە دیموکراسیترین وکاتیشدا هەر وا دڕەندەن.
پۆلیس دەوری ڤیانیان دا و کەوتنە لێدان و دەرکردنی ژیلوان و محەمەد و سێبەریش. ئەو خەڵکانەی دوور و نزیکیان کەوتنە ناو شەڕەکەوە و کەوتنە لەپۆلیسدان، پۆلیسیش کەوتنە ناویان بە دار و دەست.
ئیتر بوو بە فیکە و دەنگی ئیسعاف و (ئەمبولانس) و ئۆتومبێلی پۆلیس ڕژانە ناوچەکە.

***

ئێوارە بوو سەبری خان لە پەروەرشگا هەر کە گەڕابووەوە ماڵی، کەسی لێ نەبوو کوڕ و کچەکەی دیار نەبوون، سەبری کەوتە مەراقەوە. چەند جارێک چووە بەردەرگا و گەڕایەوە ماڵێ. دوایی چووە لای تەلەفۆنەکە و ژمارەی ماڵی دڵشادی بادا. دڵشاد گەڕابووەوە ماڵێ. ئەویش سەری سووڕ مابوو کە کوڕ و کچەکەی لە

ماڵ نین. هەرچەند کوڕ و کچە منداڵەکەی پێیان گوت کەوا خوشک و براکەیان لە بەیانییەوە ڕۆیشتوون بۆ بازاڕ تاوەکو ئەوانیش پێیان گوتوون کە چی و چییان بۆ بکڕن بۆ پێویستیی مەکتەبیان. هەروەها باسی ئەوەشیان کرد کە سێبەر و محەمەدیش چوون لەگەڵیان، دڵشاد هات و چوو و کەوتە مەراقەوە. گوتی ئێستە سەعات هەشتی ئێوارەیە، ئێوە دەڵێن سەعات دە بوو کە چوونەتە دەرێ، ئەی ئەوە چییان بەسەر هاتووە، سەبریش لە ماڵی خۆیان کەوتبووە هەڵپەهەڵپ و بەردەگا و بەر کۆڵان، لە لایەکەوە مەراقی منداڵەکانی، لەلایەکی تریشەوە ترس و قیرە و ساتەبەزمی عەبەی مێردی کە بێتەوە منداڵ لە ماڵ نەبن.

سەبری لەم مەراق و نارەحەتییەدا بوو کە لە دوورەوە سەر و کاسکێتی حەبە دەرکەوت لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵک کە هەموو پێکەوە لە ئیشەکانیان ئەگەڕانەوە بەرەو ماڵەکانیان. عەبە هەر لە دوورەوە قیڕاندی و گوتی:

ئەوە چییە بۆ وا شپرزەی؟ چی ئەکەیت لێرە؟ کوا منداڵەکان بۆ لەگەڵت نین.

سەبری ویستی خۆی تەبیعی پیشان بدات. بە زەردخەنەی بێتینەوە گوتی:

هیچ نییە؛ منداڵەکان ڕۆیشتوون بۆ دوکانەکەی لای ئیستگەی شەمەندەفەرەکە کەچی هەندی درەنگیان پێچوو.

عەبە چاوی زەق بوو و گوتی:

بۆچی تۆ لەکەیەوە هاتیەوە کەوا ئاگات لە منداڵ بێت، کە چون بۆ دوکان تۆ هەمووی دە دەقیقە نابێت گەیشتوویە جێ.

عەبە سەیری سەعاتەکەی دەستی خۆی کرد و گوتی:

ئێستە هەشت و چارەکە. بەپێ کاتە هەموو ڕۆژێکیت و گەیشتن شەمەنەفەرەکەت هەمو پێنج دەقیقە گەیشتووی. ئەمە مەسەلەکە وا نییە. پێچوپەنای تێمەخە ڕاستییەکەم پێ بڵێ.

سەبری لە دڵی خۆیدا گوتی:
دە وەرە سەرای دەردی خۆم ورە. مەحکەمەی ئەم خواگرتووەشی .
سەبری هاتە قسە و گوتی:
تەلەفۆنم بۆحماڵی کاک دڵشاد و ئەوان کرد و ئەوان گوتیان لەگەڵ ڤیان و ژیلوان چوونە.
عەبە پرتەپرتی پێکەوت و شڵەژا و یەکسەر ڕایکردە لای تەلەفۆنەکە. بە دەستێکی لەرزۆک لە تووڕەییدا لە ژمارەی ماڵی دڵشادی دا، گوتی:
هەلو ئەوە کێیە؟
عەبە ڕاوەستا کە ئەو کەسەی بەرامبەری وەرامی بداتەوە. لەسەر یەک و وەک دەسڕێژ گوتی:
ئەوە چییە؟ کوا منداڵەکان ئەوە چیان لێ هاتووە؟ ئەڵێن هاتوون بۆ ماڵی ئێوە لە بەیانییەوە کوان؟ دڵشاد بە حەپەسانەوە لە جۆری ئەم تەلەفۆنکردنە گوتی:
کاکە ڕاوەستە جارێ لەسەرخۆ وا شپرزە مەبە. قسەی چی ئەکات؟ خۆ منداڵ نین. قابیلە گوم بن. بەشکەم چووبنە سینەمایەک، ماڵی هاوڕێیەک. خۆ هێشتا زووە. سەعات خۆ لێرە تاکو سەعات یازدەی شەویش هەر دونیا ڕووناک و ئەڵێی ڕۆژە. ئیتر ئەم شپرزەییەی بۆ چییە.
عەبە دەستی دا مێزەکەدا و گوتی:
چۆن؟ سینەمای چی و ماڵە ڕەفیقی چی، ئەوان هیچیان بە ئێمە نەگوتووە. ئەوان بەبێ ئیزن ناڕۆنە دەرەوە، قاچیان ئەبڕم لەخۆیانەوە بڕۆن بۆ شوێنان بەبێ ئەوەی من بزانم.
دڵشاد سەرا مەراقی خۆی ئەویست ئەو خاو بکاتەوە و گوتی:
ئیتر مناڵن و گەنجن و بزانە حەزیان کردووە پێکەوە بچن بۆ کوێ، هاکا هاتنەوە، بێ قەزابی ئەوە چیتە وا خۆت نارەحەت ئەکەیت و سەری دونیات لەخۆت هێناوەتە یەک.

سەعات بوو بە نۆ، منالْ هەر دیار نەبوون، دایک و باوکیشیان هەر وا بەیەکا ئەهاتن و چاویان بڕیبووە میلی سەعاتەکانیان.
عەبە گوڕی دایە خۆی و گوتی:
فایدەی نییە بڕۆم بزانم ئەم سەگداک و سەگبابانە چییان بەسەرهات، مردن ماون ئاوبردونی.
عەبە چوو پێڵاوەکان لە پێ بکات، کە زەنگی تەلەفۆنەکە لێی دا، پێش ژنەکەی ڕایکرد بەرەو تەلەفۆنەکە و پەلاماری دا، گوتی:
دەی خوایە.
عەبە هەلاوی کرد، لەپڕ سست بوو، دەمی تێکەڵوپێکەڵ بوو. کێشای بە ناوچاوی خۆیدا و گوتی:
چی چی؟ پۆلیسخانە و حەپسخانە؟
سەبریی ژنی ئەژنۆی لەرزی و گرمۆڵە لە جێی خۆی دانیشت، بە چاوێکی زەق و لێوێکی وشک و دەموچاوێکی ڕەنگپەڕیو و بزڕکاو چاوی بڕییە تەلەفۆن و دەمو قسەی عەبەی مێردی و نەیوێرا ورتەی لە دەمەوە بێت. هیچ نەبێت بڵێ ئەوە باسی کێ ئەکەن؟
عەبە دەستی کرد بە هاتوهاوار، نەیئەزانی چی ئەڵێت و وا مێشکی داخرا، کە نەشیئەزانی لە تەلەفۆنەکەدا کابرای بەرامبەری چی ئەڵێت.
سەبری پێ لە ترس خۆی نا و دڵی خۆی قایم کرد و ڕاپەڕی و گوتی:
لەڕێی خوا ئەوە چی بووە؟ دە تۆ هەندێ لەسەرخۆ با بزانین چی بووە.
سەبری دایە هاڕەی گریان و گوتی:
وای هاوار ئامان لەسەرخۆ با بزانین ئەو مندالانە چییان بەسەرهاتووە. عەبە دەسکی تەلەفونەکەی داخست و بە چەپۆک لەسەری خۆی دان و لەم سەری دالانەکەوە چووە ئەوسەری دڵانەکە، کە بە پەلە و ڕاکردن بەدەم ئەم قسانەوە:
بۆ خاتری خوا ئێستە من چی بکەم؟ ئەمە کوێرا و چ زوو توانییان ئەم خەبەرە پەیدا بکەن و تێکەڵی ئەم بەزمە بین؟ هەمووی دوو ڕۆژە

هـاتووین. ئەی هـاوار کـورە بەسـەری پێغەمـبەر (س) هەر ئێسـتە هەموومان دەرئەکەن و ئەڵێن بڕۆن سەگبابینە بۆ وڵاتی خۆتـان و لە کۆڵمان ببنەوە. سەرەڕای پیاوەتی و چاکە، لە پۆلیسەکانمان ئەدەن.

سەبریش هەر وەختەبوو زەندەقی بچێت لەم قسانە و نەیزانی کە چ قەوماوە و باسی چی ئەکات.

سـەبری لە تـوورەیی و تـرس و مەراقـدا وەک ڕەشـەبا پەلامـاری تەلەفۆنەکەی دا و گوتی:

کورە خۆ من دڵم شەقی برد، دە قسە بکە بڵێ حەواڵە بە خوا بی. خوا حەقت لێ بکاتەوە لە ئۆمەت نەچوو.

ئەمە یەکەم جار بوو کە سەبری بتوانێت لەبەر چاوی عەبە ئەو قسانەی پێ بڵێت. بەڵام وەکو ئەڵێن جام کە پڕ بوو لێی ئەڕژێت. عەبە هەڵبەزی و ڕووی کردە سەبری و دیسان کێشای بە سەری خۆیا و گوتی:

کچێ کـوڕ و کـچەکەت لە پۆلیسـخانەن، حەپسـن، لە پۆلیسـیان داوە، چوونەتە مـوزاهەرە، ئێتسـا هەموومـان دەرئەکەن، ئیتر لەوە زیـاتر و خۆشـتر چیـی تـرت ئەوێـت خـانم؟ لە بەیـانییەوە حەواڵە بە خوامـان ئەکەیت هەی خوا لەناوی دەمتا بدات.

سـەبری ئـاهێکی هـاتەوە بەر، لەبەر ئەوەی هەر هـیچ نەبێت زانیـی کە چی بووە و منداڵەکانی سەلامەتن و نەمردوون، بۆیە ڕاپەڕی و گوتی:

تۆ جارێ بزانین ئەو منداڵانەمان حاڵیان چییە، جارێ خەمی دەرکردنت نەبێت دەرمـان ئەکەن چش و خەم. عەبە بوو بە فیشـەکە شـێتە و بۆ سەبری چوو و گوتی:

هەمـوو ئەمەی قەومـاوە لەلایەک و ئەم قسـە و چـش و خەمەی تـۆ لەلایەک. سـەبری گوێی نەدایە و یەکسـەر دەرگـای کـردەوە و کەوتە ڕێ بەرەو ماڵی دڵشاد بزانێ چی بووە. عەبەش بە بۆڵەبۆڵ و جنێوی ژێرلێوەوە کەوتە شوێنی.

ماڵی دڵشاد هەر وەک ئەوانیان بەسـەر هـاتبوو، بەڵام ئەوان هەر زوو یەکسـەر چووبـوون بـۆ لای منـداڵەکانیان و لەوێ ڕاوەسـتابوون.

تـــاوەکو منـــداڵەکانیان بەرەڵا کـــرد، دوای ئەوەی لە پۆلیســـخانە ڕایانگرتبوون ئەو جۆرە پرس و پرسیارانەیان لێ کردبوون کە لەو شوێنانە و لە خەڵکی وەکو ئەوان ئەکران.
عەبە و سەبری گەیشتنە لایان و هەموو پێکەوە گەڕانەوە ماڵەکانیان.
شەو نزیک سەعات یەک و نیو ئەبوو، لەدوای شەڕێکی زۆر گەرم و گەورە، تاکە پێڵاو تالە سوڵ هەڵدانی عەبە بۆ سەبری و منداڵەکانی.
سەبریش لەگەڵ کوڕ و کچەکەی هەرسێکیان بۆ خۆیان خزابوونە ژووری سێبەرەوە کە ژوورێکی بچکۆلەی دڵگیر بوو، پەنجەرەیەکی گەورەی دوو دەروازەی هەبوو کە هەر ڕاست ئەیڕوانییە جەنگەڵێکی سەوزی چڕی پڕ لە دارسنەوبەر و جۆرە درەختی تر، لە سوچێکی تری پەنجەرەکەوە بەقەد تیلماسکێک ئەو چەمە گەورە خۆشەی لێ دیـــاربوو کە زۆر جـــار ســـێبەر ڕائەوەســـتا لەبەر ئەو پەنـــجەرەیە، ئەیگوت:
ئاخ خۆزگە کەسێک هەبوایە پاڵێکی بەم قەراغی پەنجەرەکەوە بنایە تاوەکو چەمەکەم بەتەواوتی لێوە دیار بوایە.
لەبەر ئەوەی هاوینی سوید زۆر درەنگ دونیا تاریک ئەبوو، تەنیا دوو سێ سەعاتێک بۆ هەمیشە بە هاوین ئەو دیمەنە جوانانەیان لێ دیار بوو.
زستانیش بە پێچەوانەوە، هەمووی هەر شەو بوو. لە سەعات دوو و سێ نیوەڕۆوە دونیا تاریک ئەبوو، هەمیشە دار و درەخت و هەمووی هەر سپی ئەچوونەوە لەبەر بەفر، چونکە زستانی سوید زۆر سەخت بـــوو، لەو ژوورە هەرســـێکیان ســـەریان نـــابوو بەیەکەوە، ســـێبەر و محەمەد بە چرپەوە کەوتبوونە گێڕانەوەی ڕووداوەکە بۆ دایکیان.
دایکیان بە ئەسپایی قسەی کرد و گوتی:
هەرچییەک بێت قەیناکە چۆن بوو خۆپیشاندان، بەڵام نەئەبوو ببن بە کەواسپیی بەر لەشکر و دەست بکەن بە شاڵاوبردن بۆ پۆلیس. ئەمە کارێکی زۆر خراپ بوو، قەیناکا گەورە بوون بۆچوونی تایبەتی خۆتان ئیتر هەیە و کە باوکیشتان ئەناسن چ پیاوێکە و ئەنجامی ئەو

کارەشتان چی لێ ئەقەومێت لە ماڵەوە، بەڵام هەر ئەبوو پەلاماری پۆلیس نەدەن.
محەمەدی کوڕی ڕاپەڕی و بە دڵپێوەبوونێکە گوتی:
ئاخر دایکە گیان تۆ چاوت لێ نەبوو پۆلیسەکە چ دارێکی قایمی کێشا بە ناوشانی ئەو کوڕە لاوازە فەقیرەدا، بەخوا هیچی نەکردبوو، ئەویش ئەیقیڕاند وەکو خەڵکی تر و هەندێ کەس پاڵیان پێوە نابوو بۆ پێشەوە، کەچی ئەو پۆلیسە نامەردە بەسەر ولاخەوە ئەو دارە زلەی پیا کێشا. ژنێکی هەندێ پیر بە پۆلیسەکەی گوت: بۆ وا ئەکەیت؟ کەچی یەکێکی تریان لەولاوە داری بۆ ژنەکە وەشاند. محەمەد دەستی ڕاوەشاند و گوتی:
ئاخر بۆ وا ئەکەن؟ بۆ ئەبێ کاربەدەست و دەسەلاتدار غەدر لە خەڵک بکەن؟ ئاخر بۆچی؟
دایکی هاتە قسە و گوتی:
ئۆو یارەبی هەردوو دەستی ئەو پۆلیسە هەڵوەرێ. بۆچی وای لەو کوڕە کرد؟ بەخوا لەوێ بوومایە ئەوەم بدیایە بشیان کوشتمایە ئەو پۆلیسەم لەسەر ئەو ولاخە ڕائەکێسایە خوارەوە.
سەبری زەردەخەنە گرتی و گوتی:
کورە کوڕم ئەوە لەم ولاتانە بەتایبەتی سوید زۆر بەتەنگ خەڵکەوەن و دەوڵەتەکەیان زۆر مافی مرۆڤ و خەڵک ئەپارێزێت. ئەی ئەگەر گوتیان لە کردەوەکانی عەسکەر و زۆڵە ئەمنەکانی سەدام ئەبێت و گوتیان لە کردەوەی دەستگاکانی ئەو دەوڵەتە دواکەوتووانەی دەروپشتی ولاتەکەمان و ئەو ناوچەیە ئەبێت، ئاخۆ ئێوە چی بڵێن وا ئێوە بە دارپیاکێشانێک واتان کرد. دارپیاکێشانی وا حەڵواخواردنە لەچاو کردەوە و ڕەفتاری ئەو دڕندانەی تر. محەمەد بە زەردەخەنە و خۆشییەوە گوتی:
بەلام بەخوا ڤیان حەشری کرد و هەی ئافەرین. سێبەر بە ئەسپایی پێکەنی و گەتی:

بەڵام بەخوا داری چاکیشی خوارد، لە هەمومان زیاتر. سێبەر دەستی خستە سەر ئانیشکی خۆی و گوتی:
ئەو دارە بەر ئەم ئانیشکەم کەوت ئیتر بە جارێ چاوم تاریک بوو. بەڕاستی ئەوەندە یەشا ژان چووە دڵمەوە. دایکی سەیری ئانیشکی کرد کە وا ئاوساوە و خەریکە شین ئەبێت، بە دڵوکوڵ گوتی:
ئۆو ڕەبی دەستی هەڵوەرێت و ژان بچێتە دڵیەوە. بەس نەبوو دارەکە بەر سەرت نەکەوت لە خوا بەزیاد بێت، دیار بوو عەبەی باوکیان ئەوەندە هەڵپەڕی بوو، ئەوەندە شیڕاندبووی و خۆی بەر چەپۆک دابوو، شەڕی زۆری کردبوو، بۆیە هەر بە دانیشتنەوە لە هۆڵەکە لەسەر کورسییەک خەوی لێ کەتبوو، کەسیش نەیوێرا بچێت بەلایەوە. لەبەر ئەوە ئەمانیش لەو ژوورە وردەوردە و یەک لەدوای یەک ملیان خوار بووەوە، بۆ خۆیان نووستن.

***

ڤیان خۆی سەری هەڵتۆقی بوو. قاچی بەستبوو. نەیدەتوانی پێڵاو لەپێ بکات، چونکە لە کاتی شاڵاوهێنان و شاڵاوبردنە سەر یەک لەگەڵ پۆلیسەکان ولاخێک پێی نابوو بە پێیدا. ژیلوان شتێک کەوتبووە ناوچاویەوە لە کاتی هەراکەدا، هەروەها دوو داریشی بەرکەوتبوو، بەڵام چاوی زۆر ناڕەحەتی کردبوو، سوورهەڵگەڕابوو، ئاوسابوون. بە پێچەوانەی عەبە، دڵشاد ئەگەرچی ئەم چوونە خۆپیشاندانەی بە سەختی پێ ناخۆش بووبوو، هەر بە جارێک کۆستی کەتبوو، بەڵام لە داخی قاچی ڤیان و سەرە هەڵتۆقیوەکەی و چاوی ژیلوانی کوڕی، ئارامی لەبەر بڕابوو. هەر ئەهات و ئەچوو، شانی هەڵئەتەکاند و لووتی هەڵئەلووشی و بە پرتەپرتەوە ئەیگوت:
قەیناکا باوکم، مایەی سەفەر سەلامەتییە. سوار تا نەگلێ نابێ بە سوار، بەڵام دەستم دامانت جارێکی تر کاری وا مەکەن و مەچنە ئەو جۆرە شوێنانە و تێکەڵاویان مەبن.
دڵشاد دەستی دا بەیەکدا و ئەیگوت:

ئەی نەمگوت بلێی یانسیبمان بۆ دەرچووە؟ ئەمە هەمووی خەتای گەشتی کوردستان بوو و ئەم سەفەر و سیاحەتەی کردمان. ڤیان کە گوێی لەو قسانەی باوکی بوو هاتە قسە و گوتی:
وەلێ دەسا بابە گیان لە ئیستەوە پارە کۆئەکەمەوە بۆ بلیتی تەیارەکە، هاوینی داهاتوو بڕۆم بۆ کوردستان، ڕەنگە نەشیەمەوە ئیتر و هەر لەوێ بم.
ژیلوانی برای بە گەرمییەوە گوتی:
ئەڵێی لە دڵی منداییت. بەخوا ئەمە تەکبیری من و محەمەد و سێبەریشە، ئەوانیش وایان ئەگوت. دڵشاد سەیرێکی ئاسکەی ژنی کرد و بە سەرسوورمانەوە دەستی دا بە دەستا و خۆی بەردایە کورسییەکەی نزیکی و لەبەر خۆیەوە گوتی:
تازە بەخوا لەدەستمان دەرچوون. تازە قسەی پێ ناوێت و لەدەستمان دەرچوون و تەواو.

گەلاوێژ
١٩٩٦/٨/١٨